www.fb.com/PDFkurd

وریای کافکا بە، کافکا ئەوە نییە کە بیری لێ دەکەیتەوە.

لە ڕۆمانەکەوە

# پڵینگەکانی کافکا

مواسیر سکلیر











سەیوان محەمەد

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

لایکی پەیجەکەمان بکەن لە فەیسووبک

www.fb.com/PDFkurd




غەزەلنووس

# پڵینگەکانی کافکا

مواسیر سکلیر

**سەیوان محەمەد** لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

# پڵینگەکانی کافکا

رۆمان

مواسیر سکلیر

www.fb.com/PDFkurd

**سەیوان محەمەد**

**لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی**

# پێشکەشە بە ئاڵا

(سەیوان)

# سەرنجێکی کورت

**مواسـیر سـکلیر** (١٩٣٧-٢٠١١)، یەکـێکە لە نـاوە دیارەکـانی ئەدەبیـاتی ئەمەریکـای لاتـین، لە بنەڕەتـدا لەو خێـزانە جـووە کـۆچبەرانەیە کە لە سـەروبەندی جەنگـی جیهـانیی یەکەمەوە ئەورووپایان بەرەو ئەمەریکای لاتـین بەجێ هێشـت. بەشـی زۆری کارەکـانی جەخـت دەخەنە سـەر مەسـەلەی دیاسپۆرا و شوناسـی جوو، ئەمەش وای کردووە کەمتر لە ئەدەبیـاتی فارسـی و بە هـیچ شێوەیەکیش لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا جێـی بـایەخ نەبووبێـت، بۆیە لە ناو کوردیشدا بووەتە یەکێک لەو نووسەرانەی کە دەستمان پێی ڕانەگەیشتووە. لە کاتێکدا، لە ساڵی ١٩٨١ـوە، کە ڕۆمانی **مـاکس و پشیلەکانـی** بڵاو کردەوە، ناوبانگێکی جیهانیی هەیە.

بۆیە هەم بە بەرپرسیارێتیمان زانی و هەم جێی خۆشحاڵییشە کە جارێکی تر نووسەرێک بە دونیای ئەدەبیاتی کوردی ئاشنا بکەین، کە پێشتر نەناسراوە و چ کارێکی نەکراوەتە کوردی. ئاشناکردنەکەیش لە ڕێگەی ئەم نۆڤلێتەوە **پلینگەکانی کافکا**، کە بێگومان یەکێکە لە کارە بەناوبانگەکانی، دەبێتە سەرەتایەک و لە داهاتوویشدا پرۆژەمان دەبێت لەگەڵ کورتەچیرۆکەکانیدا، کە خۆی بۆ خۆی دونیایەکی جوان و ناوازەی نووسینە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە.

جێی خۆیەتی لە بۆنەی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستە ئازیزانەم بکەم کە بەردەوام هاوکار و هاندەرمن. سوپاسی هەموو ئەو خوێنەرە ئازیزانە دەکەم کە بە گرنگیدانیان بە کارەکانی پێشووم وایان کردووە پتر لەسەر کارکردن سوور بم، بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەترەوە. تا بتوانم لە ڕێی وەرگێڕانەوە خزمەتێکی بچووک بە زمان و کولتووری نەتەوەکەم بکەم. هەروەک زۆر سوپاسی **ناوەندی غەزەلنووس** و بە تایبەت هاوڕێی ئازیزم **ڕەوەز حەمەساڵح** دەکەم کە هەمیشە بە سنگفراوانییەوە پێشوازییان لە هەر هەوڵێکی من کردووە. سوپاسی کاک **محەمەد عومەر** دەکەم کە زەحمەتی هێنانی دەقە ئینگلیزییەکەی کێشا. وەک هەمیشەش، سوپاس بۆ دۆستی ئازیزم، **شاڵاو حەبیبە**.

www.fb.com/PDFkurd

# پڵینگەکانی کافکا

پڵینگەکان دەچنە ناو پەرستگاکەوە و هەرچی لە جامە پیرۆزەکاندایە دەیخۆنەوە؛ ئەم کارەیش هەمیشە دووبارە دەبێتەوە؛ لە کۆتاییدا، دەتوانیت پێشبینیی کارەکەیان بکەیت و بەوەیش دەبنە بەشێک لە سرووتەکە.

**فرانز کافکا**

**بۆ: بەڕێوەبەری پۆلیس**
گەورەم:
مەبەست لەم ڕاپۆرتە ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتانە لە بارەی دەستبەسەرکردنی گومانلێکراو **جیمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی "**کانتالوپی**"، کە لە شەوی ٢٥/٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥ لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری **پۆرتۆ ئەلیگری** دەستگیر کراوە. گومانلێکراوی ناوبراو چالاکوانێکی ناسراوە لە ناوەندی زانکۆییی ئەم شارەدا، ماوەی دوو مانگە لە لایەن کارمەندە نهێنییەکانمانەوە چاودێری کراوە. نزیکەی کاتژمێر نۆی شەو **جیمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی "**کانتالوپی**"، بەرەو ئەپارتمانی خۆشەویستەکەی، **بیاتریز گۆنسالڤێز**، ڕۆیشت. گومانلێکراوەکانی تر، کە بە هەموویان شەش کەس بوون، گەیشتنە شوێنەکە، بە تەنیا یان بە جووت دەهاتن—بێگومان بۆ کۆبوونەوەیەکی نهێنی. کاتژمێر یازدەونیو، گومانلێکراوەکان شوێنەکەیان بەجێ هێشت، ئەو کاتەی لە لایەن **ڕۆبەرڤاڵ**ی کارمەندی نهێنییەوە دەستگیر کران.

بەڵام حەوت گومانلێکراو، لە نێویشیاندا **بیاتریز گۆنسالڤێز**، توانییان هەڵبێن، بەڵام گومانلێکراو **جێمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی "**کانتالوپی**"، قاچێکی شەلە و توانای ڕاکردنی نییە. ئەو دەستبەسەر کرا و بۆ لێپرسینەوە هێنرا بۆ بنکەی یەکەی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان. کارەبالێدان لە کاتی لێپرسینەوەکەدا بەکار هێنراوە، بەڵام پرۆسەکە لەبەر دوو هۆکار وەستێنراوە: ١) بوورانەوەی بەردەوامی **جێمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی "**کانتالوپی**"، ٢) بچڕانی تەزووی کارەبا. بەو جۆرە، نەتوانرا لێپرسینەوەکە تەواو بکرێت. گومانلێکراو **جێمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی "**کانتالوپی**"، چەند جارێک دووبارەی کردەوە کە مەبەست لە کۆبوونەوەکە قسەکردن لەسەر ئەدەب و پێکەوەقاوەخواردنەوە بووە. لە ڕاستیدا، قۆرییەک قاوەی هێشتا گەرم و چەند کتێبێکیش لە ئەپارتمانەکەدا دۆزرانەوە، کە بێگومان لەگەڵ ئەگەری کۆبوونەوەیەکی نهێنیی گێرەشێوێنەکاندا پێچەوانە نایەتەوە. گومانلێکراو **جێمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی "**کانتالوپی**"، پشکنرا. ئەمانە لە گیرفانیدا بوون: ١) بڕێکی کەم پارەی کاخەز و وردە؛ ٢) دەستەسڕێکی پیس و دڕاو؛ ٣) پاشماوەی قەڵەمدارێک؛ ٤) دوو حەبی ئەسپرین؛ ٥) پارچەکاخەزێک کە بە ڕێکی

نووشتێنراوەتەوە و بە زمانی ئەڵمانی ئەم وشانەی لەسەر چاپ کراوە:

Leoparden im Tempel
Leoparden brechen in den Tempel ein und saufen die Opferkrüge leer; das wiederholt sich immer wieder; schliesslich kann man es vorausberechnen, und es wird ein Teil der Zeremonie.

لەژێر دەقەکەوە واژۆی **فرانز کافکا** ناوێک هەیە. پارچەکاخەزە زەردبووەکە بە ڕواڵەت زۆر کۆن دیارە. لەگەڵ ئەوەیشدا باوەڕمان وایە ئەمە فێڵ بێت، لە ڕاستیدا ئەوەی لێرەدا هەمانە نامەیەکە؛ ڕەنگە نووسینێکی نهێنی بێت؛ جا بۆ ئەوەی وردتر هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، چاوەڕێی وەرگێڕانین بۆ زمانی پورتوگالی، کە بەپەلە داوامان کردووە. بە بەکارهێنانی وەرگێڕانی ئاماژەپێکراو وەک سەرچاوە، بەردەوام دەبین لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ گومانلێکراو **جێمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی "**کانتالوپی**"، ئەمجارەیان بە تێگەیشتنێکەوە دەربارەی تۆڕە گێرەشێوێنییە نێودەوڵەتییەکانی.

له پــاش هەڵــدانەوەی ئەرشــیفەکانی پۆلیســی نهێنیــی بەرازیــل، کە لە دوای کۆدەتــاکەی ســاڵی ١٩٦٤ـــەوە لە کــاردا بــوو، ژمــارەیەکی زۆر بەڵگەنــامە دۆزرانەوە، یەکێــک لەوانە ئەم ڕاپــۆرتە نهێنییە بــوو کە لەســەرەوە دانراوە، من کۆپییەکیم هەیە.

**جێمــی کانتــارۆڤیچ**، کە لە لایەن هــاوڕێیەکییەوە لە ڕیــۆ نازنــاوی "**کانتــالوپی**"ـی پێ درابــوو، ئــامۆزای مــن بــوو. هەرگیــز لە یەکەوە نزیــک نەبــووین، بەڵام مــن خۆشــم دەویســـت و ڕێزێکــی زۆرم بــۆی هەبــوو. ڕاپــۆرتەکە پەیوەنـــدیی بە چیرۆکێکـــی سەرنجڕاکێشـــەوە هەیە لە بارەی **جێمی** و **بنیامین کانتارۆڤیچ**ی مامی گەورەمان و **فرانز کافکا**وە.

با لە **بنیامین**ـەوە دەست پێ بکەیـن، کە وێنەیەکی لەنێو ئەو وێنانەی ئەلبوومە خێزانییەکەی بەردەستمدایە. هەر بەم بۆنەیەشـــەوە، هەمـــان ئەو وێـــنە فۆتـــۆگرافییە کاڵبووەوەیە کە لەسەر کێلی گۆڕەکەیەتی لە گۆڕستانی جووەکان دۆزرایەوە. ئەوەی لە وێنەکەدا جێی سەرنجە ئەو نیگا پیرۆزەیە کە تایبەتمەندیی مامم بوو. هەموو بە **ماوسی** بانگیان دەکرد (ئەوەیش نـاوی نهێنی نەبوو؛ لە ڕاســتیدا نازنــاو بــوو): چــاوە بچــووکە ڕەشــەکانی و

گوێچکە فراوانەکانی وایان لێ کردبوو شێوەی لە مشک بچێت. لەو مشکە دڵخۆشانە نا کە لە کتێبی منداڵاندا دەیبینیت—نەخێر، بە پێچەوانەوە، مشکێکی تەنیای خەمگین کە بۆ هەمیشە خۆی لە کونێکدا حەشار دابێت. بە پێچەوانەی براکەیەوە، کە ژنی هێنا و چوار منداڵیشی بوو، **ماوسی** هەرگیز خێزانی پێکەوە نەنا: بیریشم نایەتەوە هیچ کاتێک خۆشەویستی هەبووبێت؛ وا بزانم پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژناندا تەنیا لە چوارچێوەی لەشفرۆشەکانی شەقامی **ڤۆلونتاریۆس دا پاتریادا** بوو، کە هەموویان دەیانناسی و داشکانیان بۆ دەکرد. ئەم **ماوسی**یە جێی بەزەیی بوو. وەک بەرگدروویەکی بەهرەمەند، دەیتوانی لە ڕێی پیشەکەیەوە پارەیەکی باش کۆ بکاتەوە. بەڵام هەرگیز شتی وا ڕووی نەدا. سەرەتا لەبەر ئەوەی بەرگدروونی نەریتی لە لایەن پیشەسازیی جلوبەرگدروستکردنەوە جێلەق بوو، بۆیە بەتێپەڕبوونی کات وردەوردە کڕیارەکانی لە دەست دەدا، کە هەندێکیان لە **پۆرتۆ ئەلێگری** زۆر بەناوبانگ بوون—ڕۆژنامەوانان و سیاسییەکان و یاریزانانی تۆپی پێ و بەرپرسانی پۆلیس. دواتریش، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا، **ماوسی** هەندێک تیۆریای نامۆی لە بارەی جلوبەرگەوە داهێنابوو. بۆ نموونە، جەختی لەوە دەکردەوە کە قۆڵی چەپ دەبێت لە ڕاست کورتتر بێت

(بەوجۆرە خەڵکی دەتوانن ئاسانتر تەماشای کاتژمێرەکانی دەستیان بکەن) چاکەتی بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیە دەدروو، کە بە ئاشکرا زۆربەی کڕیارەکانی شلەژاو — هەروەها نیگەران — دەکرد.
بەڵام ئەو سکالاکانی پشتگوێ دەخست و لەسەر شێوازی خۆی بەردەوام دەبوو، چونکە "کات بۆ پێشەوە دەڕوات، هەروەها پێشکەوتنیش." پەندێک کە گوێت لێ دەبوو لە ڕابردووە چەپڕەوییە ترۆتسکیستییەکەیەوە دەزرنگایەوە. بەڵام ماوسی چیتر هیچ بایەخی نەبوو بۆ سیاسەتی حیزبیی لەو جۆرەی کە دەبووە مانشێتی ڕۆژنامەکان. بایەخێکی ئەوتۆی بۆ هیچ شتێک نەبوو. لە ئەپارتمانەکەیەوە دەڕۆیشت بۆ دوکانی بەرگدرووە بچووکەکە و لە دوکانی بەرگدرووە بچووکەکەوە بۆ ئەپارتمانەکە کە بە دەگمەن ناوماڵەی تێدا بوو، بەڵام پڕ بوو لە کتێب. ماوسی زۆری دەخوێندەوە، هەموو شتێکیشی دەخوێندەوە، هەر لە ئەدەبەوە هەتا فەلسەفە. ژیانی لەو دوانەدا کورت بووبووەوە، دروومان و خوێندنەوە. نە ئاهەنگ، نە سینەما، نە شانۆگەری — تەنانەت تەلەفزیۆنیش نا، لای ئەو ئەم شتانە تەنیا کۆمەڵێک شتی پڕوپووچ بوون. حاڵی ماوسی، براکەی و برازنەکەی بێزار کردبوو، ئەوان دەیانویست تێکەڵاوی خەڵک بێت، دۆستایەتی

بکات، هاوسەرگیری بکات—لە ژیانی مرۆڤدا چ شتێک لە پێکهێنانی خێزان گرنگترە؟ ڕاستە **ماوسی** بە هیچ شێوەیەک سەرنجڕاکێش نەبوو، هەتا گەورەتریش دەبوو چانسی بۆ هاوسەرگیری کەمتر دەبووەوە، بەڵام کێ دەزانێت، ڕەنگە دەڵاڵێکی باش بتوانێت کچێکی پێ بناسێنێت، تەنانەت ئەگەر گەورەکچێکیش بێت—بە ئەگەرێکی زۆرەوە، گەورەکچێک. بەڵام **ماوسی** ئارەزووی لە هاوسەرگیریکردن نەبوو، پتر بە ڕۆتینی ڕۆژانەی خۆیەوە وابەستە بوو، کە هەمیشە یەکتەرز بوو، دەستبەرداریشی نەدەبوو. کاتێک شەستوپێنجەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی نزیک بووەوە، برا گەورەکەم وەک سوپرایزێک پلانی ئاهەنگێکی دانا کە چەند ڕۆژێکمان پێ چوو هەتا ئامادەکارییەکان تەواو بکەین. هێشتا ئەو ئێوارە ناخۆشەم لە بیرە. هەموومان لەوێ بووین، هەموو برازا و برازاکانی، بە کڵاوی میکی ماوس و بە لافیتەیەکەوە کە شتێکی وەک "جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز **ماوسی**!" لەسەر نووسرابوو. نزیک کاتژمێر هەشتی شەو دەرگاکە کرایەوە و **ماوسی** هاتە ژوورەوە. کاردانەوەکەی نائاسایی بوو. سەرەتا ترسا، وای زانی ماڵەکەیان بڕیوە، کاتێک زانی سوپرایزە، پەست و تووڕە بوو: "گەمژەینە! خۆتان بە چی دەزانن؟" لە کۆتاییدا توانیمان ئارامی بکەینەوە، بەڵام نەمانتوانی

بکات، هاوسەرگیری بکات—لە ژیانی مرۆڤدا چ شتێک لە پێکهێنانی خێزان گرنگترە؟ ڕاستە **ماوسی** بە هیچ شێوەیەک سەرنجڕاکێش نەبوو، هەتا گەورەتریش دەبوو چانسی بۆ هاوسەرگیری کەمتر دەبووەوە، بەڵام کێ دەزانێت، ڕەنگە دەلالێکی باش بتوانێت کچێکی پێ بناسێنێت، تەنانەت ئەگەر گەورەکچێکیش بێت—بە ئەگەرێکی زۆرەوە، گەورەکچێک. بەڵام **ماوسی** ئارەزووی لە هاوسەرگیریکردن نەبوو، پتر بە ڕۆتینی ڕۆژانەی خۆیەوە وابەستە بوو، کە هەمیشە یەکتەرز بوو، دەستبەرداریشی نەدەبوو. کاتێک شەستوپێنجەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی نزیک بووەوە، برا گەورەکەم وەک سوپرایزێک پلانی ئاهەنگێکی دانا کە چەند ڕۆژێکمان پێ چوو هەتا ئامادەکارییەکان تەواو بکەین. هێشتا ئەو ئێوارە ناخۆشەم لە بیرە. هەموومان لەوێ بووین، هەموو برازا و برازاکانی، بە کڵاوی میکی ماوس و بە لافیتەیەکەوە کە شتێکی وەک "جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز **ماوسی**!" لەسەر نووسرابوو. نزیک کاتژمێر هەشتی شەو دەرگاکە کرایەوە و **ماوسی** هاتە ژوورەوە. کاردانەوەکەی نائاسایی بوو. سەرەتا ترسا، وای زانیماڵەکەیان بڕیوە، کاتێک زانی سوپرایزە، پەست و تووڕە بوو: "گەمژەینە! خۆتان بە چی دەزانن؟" لە کۆتاییدا توانیمان ئارامی بکەینەوە، بەڵام نەمانتوانی

قایلی بکەین وەک پلانمان دانابوو بیبەینە دەرەوە بۆ نانخواردن. "هیچ شتێکم نییە ئاهەنگی بۆ بگێڕم،" بڵماندی، "من کەسێکی هیچم و هەرگیز هیچم بە دەست نەهێناوە."

لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم بوونە پڕ خەمە یەک سەرکێشیی تێدا بوو، ئەو یادگارییەی کە هەر لە گەنجییەوە لەگەڵ مامی گەورەماندا بووە و لە نزیک بە کۆتاییەکانی تەمەنیشی پاشکۆیەکی بە هەمان شێوە سەرنجڕاکێشی دەبێت. **ماوسی** زۆر باسی سەرکێشییەکەی و ئەو پاشکۆیەشی بۆ کردووم، ئەو کاتەی ساڵانی کۆتایی تەمەنی لە خەڵوەتگەی پیری بوو و منیش، دوکتۆرێکی تازە دەستبەکاربوو، لەوێ چاودێریم دەکرد. ئەوە ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش بوو، بەڵام تا ئەمڕۆیش چیرۆکەکەم لە بیرە.

خێزانی **کانتارۆڤیچ** خەڵکی **بێسارابیا** بوون، هەرێمێک کە لە ململانێیەکی هەمیشەییی نێوان ڕووسیا و ڕۆمانیادا بوو. لە **چێرنۆڤیتسکی** دەژیان، گوندێکی بچووک لە دووریی نزیکەی هەشت کیلۆمەتر لە **ئۆدێساوە**. گوندێکی هەژاری جووەکان بوو، هیچ جیاوازییەکی نەبوو لە هەر یەکێکی تر لە گوندە جووەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا. دانیشتووانەکەی لە دۆخی بەئاگابوونێکی بەردەوام لەو کوشتارگە پیلان بۆ

داڕێژراوانەدا دەژیان کە پێیان دەگوترا کۆمەڵکوژی. لە هەر قەیرانێکـدا، جووەکـان گیسـکەقوربانی بـوون— ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیای قەیسەریش بێ قەیران نەبوو. بـاپیرە گەورەم، بـاوکی **ماوسـی**، بەرگـدروو بـوو. هەرچەندە بەرگدروویەکی باش بوو، بەڵام بە ئەستەم هێندەی پەیدا دەکرد بەشی بژێویی خێزانەکەی بکات: ئەگەر بە هۆی چەند کڕیارێکی دەوڵەمەندی ڕووسییەوە نەبوایە، ڕەنگە نەیانتوانیبا نانخواردنیش دابین بکەن. سەرەڕای ئەوەیش، هەمیشە هیوای هەبووە کە دەشێت منداڵەکانی پیشەیەکی باشتر فێر ببن. بۆ نموونە، پێی وا بـوو **بنیـامین** دەبێـت بە حاخـامێکی دەگـمەن، ئەوە هیوایەکی ماقووڵ بوو—حاخامەکان ڕێزیان لێ دەگیرا و تەنـانەت لە خراپتـرین سیناریۆکانیشـدا نـانبڕاو نەدەبوون—هەروەک هیوایەکی باشیش بوو. کوڕەکە حەزی لە خوێندنەوە بوو؛ کەسێکی هۆشیار بوو. هێندە بەس بوو خوێندنی ئاییني تەواو بکات.

**بنیـامین** نەیدەویسـت ببێـت بە حاخـام. ڕەنـگە لە سـەردەمێکی دیاریکراوی ژیانیدا بیری لێ کردبێتەوە بێت، بەڵام کاتێک بینی ئەوە پلانی باوکێتی، دەستبەجێ ڕەتـی کـردەوە. **ماوسـی** کەسێکی یـاخی بـوو. بە گژ هەموو کەسێکدا دەچووەوە: دایکوباوکی، دراوسێکان؛ هەمـوو کەسـێک. "ئەوەی لە باڵابەرزیـدا نییەتـی، بە

یاخیبوون قەرەبووی دەکاتەوە." دایکی، کاتێک بێهوودە هەوڵی دابوو کوڕەکەی بگۆڕێت، بەدەم ئاهـهەڵکێشانەوە وای دەگـوت. یـاخیبوونەکەی **ماوسـی** ئامـانجێکی دۆزییەوە، کاتێک هۆشیاریی بەرامبەر بە هەلومەرجی چەوساوەیی ژیانی جووەکان پەیدا کرد ــ لە ڕاستیدا تەنیا جووەکان نا، بەڵکو هەموو ئەوانی تریش. ساڵی ١٩١٦، ڕووسیا وڵاتێک بوو کە لە ئەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیتنییەکانەوە پەرت دەبوو. وڵاتێک کە تێیدا هەژاری و چەوساندنەوە گەیشتبوونە ئاستێکی بەرگەنەگیراو. دەگوترا کە هەڵگیرسانی شۆڕش تەنیا مەسەلەی کاتە و هیچی تر: کۆمۆنیستەکان خۆیان ئامادە دەکرد دەسەڵات بگرنە دەست. ئەم هەواڵە ماوەیەکی پێ چوو هەتا گەیشتە **چێرنۆڤیتسکی**، بەڵام هەر کە گەیشت دەنگدانەوەی کتوپڕ بوو. کۆمەڵێک گەنجی ئایدیاڵیستی گوندەکە بە نهێنی دەستیان کرد بە کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی نووسینەکانی **مارکس** و **ئەنجلس**. سەرکردەی ئەو کۆمەڵە گەنجە **یۆسی** بوو، کوڕی گۆشتفرۆشەکە. **ماوسی** هاوڕێی **یۆسی** بوو ــ یان ڕاستتر بڵێین، **ماوسی** **یۆسیی** دەپەرست. **یۆسی** باڵابەرز و قۆز، بە قژێکی پڕ و جووتێک چاوی ڕەشەوە ــ بۆ **ماوسی** نموونە بوو. **ماوسی** بە عەشقێکی گەورەوە گوێی لێ

دەگرت و هەموو وشەکانی نۆش دەکرد. **یۆسی** قسەی لەسەر جیهانێکی باشتر دەکرد، جیهانێک کە نە هەژاریی تێدا بوو و نە دەوڵەمەندی، نە چەوسێنەری تێدا بوو و نە چەوساوە. جیهانی دادپەروەری و ئاشتی. جیهانێک کە تێیدا هیچ کەسێک ناچەوسێنرێتەوە و تێیدا جووەکان لەگەڵ هەر کەسێکی تردا یەکسان دەبن.

**یۆسی** کۆپییەکی *مانیفێستۆی کۆمۆنیستیی* بە زمانی ییدی[1] دا بە **ماوسی،** وەک دیارییەک بۆ نۆزدەهەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی. پێویست بە گوتن ناکات کە کتێبەکە بە لای **بنیامین**ەوە وەک تەوارت وا بوو بە لای جووە دیندارەکانەوە. هەموو ڕۆژێک دەیخوێندەوە؛ دەیتوانی چەندین بڕگەی لەبەر بڵێتەوە. ئەوەیشی لە شوێنە گشتییەکان و لە بازاڕ و تەنانەت لە سیناگۆگەکانیشدا[2] دەکرد. ئەو بەرگریی لە ململانێی چینایەتی وەک تاکەشێوازی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکرد. دەبێت لافاوی خوێن هەستێت بۆ ئەوەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەم جیهانەدا بچەسپێت. پەرۆشییەکەی بووبووە مایەی سەرسامیی هەندێک خەڵک، بەڵام باوکی نا. بیرۆکەی شۆڕش بەرگدرووە

---

[1] ییدی لە بنەڕەتدا زمانی ئەڵمانییە، بەڵام بە پیتی عیبری دەنووسرێت و لە سەرەتادا لە لایەن جووەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە قسەی پێ دەکرا.

[2] پەرستگای جووەکان.

داماوەکەی تا ڕادەی مردن دەتۆقاند. "بۆ خاتری خوا شتی وا مەڵێ ـ ئەگەر ئەمانە بەر گوێی پۆلیسی قەیسەری بکەون، تۆ کۆتاییت هاتووە." کەچی **ڕیڤکای** دایکی، ژنێکی چاونەترس بەڵام گومانکەر، قسەکانی کوڕەکەی بەهەند وەرنەدەگرت. "ئەمە هەر قسەی زل دەکات،" وای دەگوت، "تەنیا دەردەدڵە و هیچی تر." دایکی پێی وا نەبوو **ماوسی** بتوانێت تەنانەت مێشێکیش بکوژێت، زۆر لەوە کەمتر کە بەشداریی شۆڕشێکی خوێناوی بکات. ئەوەیشی هیچ بە لاوە گرنگ نەبوو: تەنیا دەیویست کوڕەکەی لە کێشە بە دوور بێت.

**یۆسی** و کۆمەڵەکەی سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوون، حاڵەتێک کە زۆر بە سادەیی تەنیا پاساو بۆی دابڕاویی گوندەکەیان بوو. ئەوە حاڵەتێکی ڕاقەهەڵگر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە هەموو جۆرێک بێزارکەر بوو. **یۆسی**، بە تایبەتی، پەرۆشی ئەوە بوو پەیوەندیی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان ببەستن. دەیویست کۆمەڵەکە خۆی بگۆڕێت بۆ شانەیەکی چالاکوانی و ئامادەی ئەو شۆڕشە بێت کە دڵنیا بوو هەرچی زووە هەڵدەگیرسێت. سەرچاوەی ئیلهامیشی **ترۆتسکی** بوو.

**یۆسی** هەموو ئەو شتانەی لە بارەی **ترۆتسکی**یەوە دەزانی کە دەکرا بزانرێت: ناوی ڕاستەقینەی **لێڤ داڤیدۆڤیچ برۆنسکی** بوو؛ لە **ئۆدێسا**ـیان شوێنێک لەو

نزیکە، بەهەرحاڵ—خوێندنی تەواو کردبوو؛ پیاوی دەستەڕاستی **لینین** بوو؛ کتێب و گوتاری دەنووسی. **یۆسی** هەرگیز **ترۆتسکیی** نەبینیبوو، چونکە **ترۆتسکی** سالانێک بوو لە تاراوگە دەژیا، بەلام خەونی بە بینینییەوە دەبینی. لە ڕاستیدا، ئارەزووی ئەوە بوو ببێتە یاریدەری ئەو سەرکردە مەزنە. ئەوە خەونی **ماوسییش** بوو. بەڵێ ئەویش دەیویست ببێت بە کۆمۆنیست، ئەویش دەیویست لە دواهەمین شەڕدا بە تەنیشت **ترۆتسکی**یەوە بێت—ئەو شەڕەی لە "سرووودی نێودەوڵەتی"دا[٣] باس کراوە، لە سرووودی کۆمۆنیستیدا (ئەو سرووودەی تەنیا وشەکانیان دەزانی چونکە هەرگیز گوێیان لێ نەبووبوو کەسێک بیچڕێت، دەبوو بە خەیاڵی خۆیان ئاوازی بۆ دابنێن.) ئەو شەڕەی کە چارەنووسی مرۆڤایەتی یەکلایی دەکاتەوە. ئەو سەردەمە **ترۆتسکی** بووبووە ئەفسانە، تەنانەت لە **چێرنۆڤیتسکییشدا**. هەموو کەس دەیزانی کە ئەو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕە و دەیویست حکومەت بڕووخێنێت. وا دیار بوو ئەوەی کە هەندێک خەڵکی دەترساند، لای هەندێکی تر سەرنجڕاکێش بوو. ("ئەگەر ئەم شۆڕشە سەربگرێت، **ترۆتسکی** دەبێتە پیاوێکی دەوڵەمەند.") بەلام بە لای

---

[٣] سرووودی نێودەوڵەتی، سرووودی فەرمیی کۆمۆنیستەکان بوو، لە بنەڕەتدا دەقەکە بە زمانی فەرەنسی، ساڵی ١٨٧١لەلایەن یوژین پۆتییەوە نووسراوە.

**ماوسی**یەوە ئەوە گرنگ نەبوو. گرنگ شۆڕشی سەرتاپایی بوو. گرنگ گۆڕینی جیهان بوو. دەیویست خۆیشی یەکێک بێت لە پێشەنگەکانی ئەو کارە. باسی خەونەکانی خۆی بۆ **یۆسی** دەکرد، بەڵام **یۆسی**، لەو بارەیەوە بە شێوەیەکی بێزارکەر داخراو بوو، گوتی، "نازانم ئایا هێندە پێگەیشتوویت بۆ کارێکی لەو جۆرە." پێگەیشتوو؟ مەبەست چییە لە پێگەیشتوو؟ **ماوسی** پێی وا بوو هێندە گەورە بووە کە بتوانێت بەشداریی لە شۆڕشدا بکات. ڕاستییەکەی، بەو زووانە حکوومەتی قەیسەری بانگیان دەکرد بۆ خزمەتی سەربازی، ئەگەرێک کە لە ناخی دڵەوە ڕقی لێ بوو. پێی باش بوو بمرێت نەک ببێت بە ئامێرێک بۆ چەوساندنەوە. **یۆسی** وەڵامی دەدایەوە، "وشە، تەنیا وشە. قسەکردن بەس نییە، هاوڕێ، دەبێت کردار بنوێنیت."

"چۆن کردار بنوێنم؟" **ماوسی** پرسی.

**یۆسی** بە شێوەیەکی ڕازئامێز گوتی، "دواتر تێدەگەیت."

ڕۆژێک **یۆسی** ڕۆیشت، لە پڕ دیار نەما، بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێت. دایکوباوکی شڵەژابوون. خەڵکی گوند نەیاندەزانی بیریان بۆ چی بچێت. دەترسان لە لایەن چەتە و ڕێگرەوە ڕفێنرابێت، لەوانەیشە کوژرابێت، ئەوەیش ڕووداوێکی دەگمەن نەبوو لەو سەردەمە پڕ

توندوتیژییەدا. بەڵام **ماوسی** دڵنیا بوو کە دیارنەمانە ڕازئامێزەکەی **یۆسی** پەیوەندیی بە شۆڕشەوە هەیە.
**ماوسی** ڕاستی کرد. دوای دوو حەفتە **یۆسی** گەڕایەوە. دایکوباوکی بەوە هەڵخەڵەتاند کە هاوڕێکانی بانگهێشتیان کردبێت بۆ گوندەکەی خۆیان، بەڵام کاتێک **ماوسی** لە پرسیارکردن بەردەوام بوو، **یۆسی** چیتر نەیتوانی خۆی بگرێت، چاوەکانی دەدرەوشانەوە و دەنگی بە کاریگەریی هەستوسۆز دەلەرزی، گوتی:
"لەگەڵ **ترۆتسکی**دا بووم!"
یەکەم کاردانەوەی **ماوسی** هێدمە بوو، هێدمەیەک کە ئیرەییی بە دوادا هات، ئیرەییییەکی زۆر و سەرتاپایی کە حەپەساندی، بەڵام نەیتوانی بیشارێتەوە. بە ئازارەوە گوێی لە چیرۆکی هاوڕێکەی گرت. چیرۆکی گەشتێکی ڕاستەقینەی دووروودرێژ. **یۆسی** نەخشەی هەموو شتێکی بە تەنیا دارشتبوو، بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێت. لە پاریس سۆراخی **ترۆتسکیی** کردبوو—لەناو ئەم هەموو شوێنەدا، پاریس، شاری ڕووناکی، شانۆی شۆڕشەکەی ساڵی ١٧٨٩ و زۆر ململانێی شکۆمەندانەی تر و مەڵبەندی ژیانی ڕۆشنبیریی ئەورووپایی. هەرچەندە **ترۆتسکی** لە تاراوگەدا بوو و بەردەوامیش پۆلیسی وڵاتان بە شوێنییەوە بوون، بەڵام توانیبووی ئەوێ بکاتە شوێنی بینینی ئەندامانی حیزب.

**یۆسی** کە ئەوەی زانیبوو ڕۆیشتبوو بۆ **ئۆدێسا** و لەوێوە بە ناوی ساختەوە سواری کەشتی بووبوو بەرەو **مارسیلیا**. لەوێشەوە بە سواری شەمەندەفەر بەرەو **پاریس**. لە کۆتاییشدا بە یارمەتیی خزمێک سەرکەوتوو بوو لە دۆزینەوەی **ترۆتسکی**، کە لە بارەگاکەی خۆی پێشوازیی لێ کردبوو—خانوویەکی بچووک لە قەراغی شار. **یۆسی** بە جۆشوخرۆشەوە باسی ئەو کاریگەرییەی کرد کە **ترۆتسکی** لەسەری دانابوو. پیاوێکی بچووک و لاواز بوو، بە قژێکی تەپسکاو و بە سەکسووکە و بە نیگایەکی تیژەوە.

"پرسیاری لێ کردم چیم دەوێت، منیش گوتم، 'هاوڕێ **ترۆتسکی**، من زۆر بە تۆ سەرسامم، هەموو نووسینەکانتم خوێندووەتەوە، دەمەوێت ببم بە کۆمۆنیست و بە تەنیشت ئێوەوە بجەنگم.'"

"ئەی چیتر؟"

"بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ گوێی لێم گرت. بۆ چەند خولەکێکی کەم بە بێدەنگی مایەوە، بەبێ ئەوەی زار هەڵبێنێت تەماشای دەکردم. پاشان پرسیارێکی زۆر نامۆی کرد: پرسی بۆچی نەبووم بە حاخام. 'خۆت دەزانی ئەوە پیشەیەکی دەگمەنە بۆ ئەوانەی حەزیان لە خوێندن و لە خوێندنەوە هەیە.'"

"چی؟" **ماوسی** خەیاڵی ڕۆیشتبوو. شۆڕشگێڕە مەزنەکە پێشنیاری کردبوو **یۆسی** ببێت بە حاخام؟

**یۆسی**، بە شێوەیەک کە دەیویست زیرەکانە دەربکەوێت، پێکەنی.

"لە ڕاستیدا، تاقیی دەکردمەوە، ئامادەییمی بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕشەوە تاقی دەکردەوە. منیش لە تاقیکردنەوەکەی دەرچووم. وەڵامیم دایەوە کەوا ئایین ئەفیۆنی گەلانە و منیش خۆم بۆ دۆزی ئازادیی خەڵک تەرخان کردووە، بۆ دۆزی شۆڕشی سۆشیالیستی کە لە لایەن **ترۆتسکی** خۆی و لینینەوە بەرگریی لێ دەکرێت. وەڵامەکەم خۆشحاڵی کرد، بەڵام گوتی وشە بەس نییە، دەبێت هەڵسەنگاندنم لەسەر بنەمای کردار بێت نەک تەنیا وشە. وەڵامم دایەوە، 'هیچی ترم ناوێت، هاوڕێ **ترۆتسکی**، تەنیا ئەرکێکیم پێ بسپێرە و من جێبەجێی دەکەم، تەنانەت ئەگەر ژیانیشمی لەسەر دابنێم."

**یۆسی** بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. ئینجا ڕووی کردە **ماوسی**، فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس مابوو. "ئەویش ئەرکێکی پێ سپاردم، **بنیامین**. **ترۆتسکی** ئەرکێکی تایبەتیی پێ سپاردم. دوور لێرە—لە پراگ. ئەگەر باش بم ئەوا لە حیزب وەردەگیرێم. خۆی بەڵێنی دا. پێم وا بێت لەوانەیە پۆستێکی گرنگیش وەربگرم."

**یۆسی** نەیدەتوانی چییەتیی ئەرکەکە ئاشکرا بکات. **ماوسی** لێبڕاوانە هەوڵی دەدا، بەڵام ئەو گوێی پێ نەدەدا. دەیگوت، "ئەوە ئەرکێکی نهێنییە و ناتوانم هیچ شتێکی لێ ئاشکرا بکەم. تەنانەت بۆ ئێوەش، کوڕینە. بەڵام ئەم کارە سوودی هەموومانی تێدایە." ئەمەی دەگوت وەک ئەوەی دڵنەواییان بکات، "چونکە، **بنیامین،** من کۆمەڵەکەی خۆمانم لە بیر نەکردووە. یەکەم شت شانەیەکی حیزبیی لێرە، لە **چێرنۆڤیتسکی**، دروست دەکەم. تەنانەت ناویشم بۆ داناوە: **شانەی لیۆن ترۆتسکی**."

**شانەی لیۆن ترۆتسکی** دروست نەبوو. دوو ڕۆژ دوای ئەو گفتوگۆیە، **یۆسی** نەخۆش کەوت. نەخۆشییەکی مەترسیدار بوو: تای بەرز و هێڵنجدان و وڕێنەی ناوبەناو. دایکوباوکی **یۆسی** هیوابڕاو بوون و نەیاندەزانی چی بکەن. تەنانەت هەرچییشیان پاشەکەوت کردبوو لە هێنانی پزیشکێکدا لە **ئۆدێسا**وە خەرجیان کرد، بەڵام بێهوودە بوو. پزیشکەکە نەیتوانی تەنانەت نەخۆشییەکەیش دەستنیشان بکات. بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چاکبوونەوەی مەحاڵە. بە خێزانەکەی گوت خۆیان بۆ خراپترین ئامادە بکەن. هەمان ئەو پاشنیوەڕۆیە، **یۆسی** داوای **ماوسیی** کرد. کاتێک هاوڕێکەی هاتە ژوورەوە، **یۆسی** فەرمانی بە

**هەموان** کرد بەجێیان بهێڵن. به نووزەوه گوتی "دەمانەوێت به تەنیا بین." خوازەڵۆک و نیگەران، دایکوباوکی و ئەو خزمانەی که لەوێ بوون ژوورەکەیان بەجێ هێشت. کاتێک دەرگاکه داخرا، **یۆسی** ئاماژەی بۆ **ماوسی** کرد که نزیک ببێتەوه. به هەردوو دەستی، که غەرقی ئارەق بوون، دەستی **ماوسیی** گرت و ڕاستەوخۆ تەماشای نێوچەوانی کرد، به چرپەوه گوتی: "شتێکت لێ داوا دەکەم، هاوڕێ **بنیامین**، شتێک که گرنگییەکی زۆری هەیه."

"بیلێ، **یۆسی**،" دەنگی **ماوسی** به هۆی خرۆشانەوه دانووسابوو. "تۆ داوا بکه، داواکارییەکەت جێبەجێ دەکەم، به هەر نرخێک بێت."

"ئەرکەکەم،" **یۆسی** گوتی، "ئەو ئەرکەی **ترۆتسکی** پێی سپاردم. دەبێت تۆ ئەو ئەرکەم بۆ جێبەجێ بکەیت."

**ماوسی**، که به ئەستەم دەیتوانی فرمێسکەکانی ڕابگرێت، گوتی "قسەی پڕوپووچ مەکه، باش دەبیتەوه و ئەو کارەش دەکەیت که **ترۆتسکی** داوای کردووه و هەموو شتێکیش باش دەبێت." **یۆسی** به ئاماژەیەک قسەکەی پێ بڕی.

"پێویست به درۆکردن ناکات. دەزانم حاڵم چەند خراپه—زۆر خراپ. . . ئێستا گوێ بگره. دەبێت گەشتێک بکەی بۆ پڕاگ. کاتێک دەگەیته ئەوێ، له

هۆتێل **تێرمینوس** دەمێنیتەوە؛ ژوورێک بە ناوی منەوە گیراوە. بەدوای کەسێکدا دەگەڕێیت. . . . بوەستە، ئەو کتێبەی سەر مێزەکە بهێنە. پارە و بلیتی شەمەندەفەر و زانیاریی دەربارەی گەشتەکە و ناسنامەیەکیشی تێدایە. هەروەها زەرفێکیش." **ماوسی** ئەوەی کرد کە **یۆسی** داوای لێ کرد. بێگومان، کتێبەکە *مانیفێستۆی* کۆمۆنیستی بوو. زانیارییەکان بە تێروتەسەلی هاتبوون و ڕێگای گەیشتن بە پڕاگیش ڕوون کرابووەوە. بەڵام زەرفەکە داخرابوو. **یۆسی** لە قسەکانی بەردەوام بوو، "لەناو زەرفەکەدا، ناوی ئەو پیاوەی کە بۆی دەگەڕێیت و ژمارەی تەلەفۆنەکەشی هەیە. من نازانم پیاوەکە کێیە، هەر ناویشیم نەبیستووە. تەنیا ئەوە دەزانم کە وەکوو خۆمان جووە. وا دیارە نووسەریشە. . . . باشە، ئێستا ئەوە مەسەلەیەک نییە. کە گەیشتیتە ئەوێ، تەلەفۆنی بۆ بکە و بڵێ: 'منیان ناردووە بۆ دەقەکە.' هەر ئەوە بڵێ، تێگەیشتیت؟ 'منیان ناردووە بۆ دەقەکە.' ئەوە وشە نهێنییەکەیە."

هەناسەبڕکێی بوو، لە قسەکردن وەستا. پاشان بەردەوام بوو: "دەقێکی نهێنیت پێ دەدات. کلیلی کردنەوەی نهێنیی ئەو دەقەی ناو زەرفەکە، ئەویش پارچەکاخەزێکە بە قەبارەی هەمان ئەو پارچەکاخەزەی لە پڕاگ پێت دەدرێت. ئەم کاخەزەی دووەم چەند

کونێکی تێدایە و چەند وشەیەکی تێدا نووسراوە؛ کاتێک دەیخەیتە سەر کاخەزی یەکەم، ئەو وشانەی لە کونەکانەوە دەردەکەون دەچنە سەر ئەو وشانەی لەسەر ئەم کاخەزە نووسراوە بۆ ئەوەی پەیامە ڕاستەقینەکە پێک بهێنێت و ئامانجی ئەرکەکەت دیاری بکات. ئامانجەکە شوێنێکە: بانکە، ڕێکخراوە—دڵنیا نیم، بەڵام ئێستا ئەوە گرنگ نییە. کاتێک ئامانجەکەت دۆزییەوە، کەسێک پەیوەندیت پێوە دەکات و پێت دەڵێت لەو شوێنەدا چی بکەیت. ئێستا ئەمە کارێکی بەپەلەیە چونکە **ترۆتسکی** لە فەرەنسا نامێنێت. وا دیارە دەڕوات بۆ ئەمەریکا. بۆیە پێویستە زوو بڕۆیت، لە سبەی درەنگتر نەبێت. ئەم کارە دەکەیت، هاوڕێ **بنیامین**؟ ئەم کارە بۆ من دەکەیت؟ بۆ دۆزەکەمان؟"

**ماوسی**، فرمێسک بە چاوانیدا هاتبووە خوارەوە، گوتی بەڵێ، **یۆسی** دەیتوانی پشتی پێ ببەستێت. کە **یۆسیی** بەجێ هێشت، بە ڕاکردن ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. "**یۆسی** چۆنە؟" باوکی پرسیاری کرد. بەبێ ئەوەی وەڵامی باوکی بداتەوە، ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی و دەرگاکەی داخست و خۆی فڕێ دایە سەر جێخەوەکە و دەستی کرد بە گریانێکی بەکوڵ. دواجار هێور بووەوە. لەسەر جێخەوەکەی دانیشت و کتێبەکەی بە دەستەوە بوو، هەوڵی دا بیری کۆ بکاتەوە. نەیدەزانی چی بکات. لە

لایەکەوە، دەیویست لەگەڵ هاوڕێ نەخۆشەکەیدا بمێنێتەوە. لە لایەکی تریشەوە، ئەو ئەرکە هەبوو کە **یۆسی** باسی کردبوو، ئەرکێکی سەرلێشێوێن، هێندە سەرلێشێوێن و ئاڵۆز پتر لە وڕێنەی نەخۆشێکی تاگرتوو دەچوو. بەڵام بەڵگەنامەکان و بلیتەکان و پارە و زەرفەکەیش، هەموو پێکەوە ئەوەیان دەسەلماند کە وڕێنە نییە. بە گوێرەی قسەکانی **یۆسی**، ئەرکەکە ئاسان نەبوو. یەکەم شت، **ماوسی** لە ژیانیدا لە **چێرنۆڤیتسکی** نەڕۆیشتبووە دەرەوە: ئێستا دەبێت گەشت بکات— گەشتەکەیش بۆ وڵاتێکی بیانی دەبێت کە تێیدا هەموو کەسێک پێی نامۆ دەبن. ڕەنگە زمانەکە هێندە کێشە نەبووبێت. دەیتوانی بە ئەڵمانی کاری خۆی ڕایی بکات، کە بە باشی قسەی پێ دەکرد. لە هاوڕێیەکی باوکییەوە فێر بووبوو (پەیوەندییشی بەوەوە هەبوو کە ییدی یەکێکە لە شێوەزارەکانی زمانی ئەڵمانی.) بەڵام گەشتەکە خۆی—بێگومان شتێکی سەخت بوو. دواجار، جەنگێک لە ئارادا بوو، ئینگلتەرا و فەرەنسا و ڕووسیا لە جەنگدا بوون دژی ئەڵمانیا و ئیمپراتۆرییەتی نەمساوی-هەنگاری، بۆهیمیا و پڕاگی پایتەختیشی بەشێک بوون لەمەی دواییان. ئەو کەسەی ئەم پلانەی دانابوو زۆر بەباشی ئاگاداری دۆخەکە بووە و بە تەواوی وردەکارییەوە ئەو ڕێگەیەی پیشان دابوو کە

دەبوو پێیدا بڕوات بۆ ئەوەی لە خاڵە سەربازییەکان بەدوور بێت. ئەگەر هەموو شتێکیش بەباشی بڕوات، ئینجا **ماوسی** ڕووبەڕووی ئەرکە شۆڕشگێڕانەکە دەبووەوە، ئەوەیش بێگومان خاڵی نەدەبوو لە مەترسیی زۆر گەورە. **ماوسی** دڵنیا بوو کە ئەرکەکە گرنگە، ڕەنگە هێرشێکی سەربازی بێت... بە کورتی، شتێک کە بگونجێت بۆ تاقیکردنەوەی ڕۆحییەتی شۆڕشگێڕانەی کاندیدێک بۆ ئەندامبوون لە حیزبدا. **ترۆتسکی** گوتبووی، توندوتیژی وەک ڕێگەیەکی بەرگریی چینی کرێکار بە تەواوی پاساوی خۆی **هەیە**—ئەوەیش بووبووە وێردی سەر زمانی **یۆسی**. **ماوسییش** هاوڕا بوو—وەک تیۆر. بەڵام بە پراکتیک، هەرگیز لە ژیانیدا چەکی بەکار نەهێنابوو. مەترسیدارترین شت بەکاری هێنابێت چەقۆیەکی هەڕە بوو (کە بە ڕێکەوت دوو-سێ جارێک دەستی خۆی پێ بڕیبوو.)

لە دەرگای ژوورەکەی درا. دایکی بوو، بانگی کرد بۆ نانی ئێوارە. "هیچم ناوێت، برسیم نییە." **بنیامین** گوتی. دایکی پێداگریی کرد: "وەرە کوڕەکەم، وەرە شتێک بخۆ. دەزانم بۆ **یۆسی** خەمباریت، بەڵام پێویستت بە خواردن **هەیە**."

هێندە پێداگریی کرد کە **بنیامین** ناچار ژوورەکەی بەجێ هێشت. لەسەر مێز لەگەڵ خێزانەکەیدا دانیشت، بەڵام نەیتوانی هیچ بخوات. خواردنەکە لە قورگی نەدەچووە خوارەوە. دایک و باوک و خوشک و براکەی بە بێدەنگی و نیگەرانییەوە چاویان تێ بڕیبوو. دواجار، هەستایە پێ. گوتی "بمبوورن، بەڵام هەست بە باشی ناکەم." ڕۆیشتە ژوورەکەیەوە و جلەکانی داکەند و ڕاکشا. بەڵام بێگومان خەوی لێ نەدەکەوت. کێشەکە بەردەوام ئازاری دەدا. بڕوات یان نەڕوات؟ دەستبەرداری هاوڕێکەی ببێت و ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، یان ئەرکەکە پشتگوێ بخات و لای **یۆسی** بمێنێتەوە؟ لە کاتێکدا تاوتوێی ئەم پرسیارانەی دەکرد، چیرۆکێکی بیر کەوتەوە، کە باوکی زۆرجار بۆی دەگێڕایەوە، لەبارەی *دیبەنک*ێکەوە[٤]، ڕۆحی ونبووی پیاوێک کە بە هۆی شکاندنی بەڵێنی هاوسەرگیرییەوە نەیدەتوانی بحەوێتەوە. *دیبەنک*ەکە، لە شێوەی خۆشەویستی ژنەکەدا دەردەکەوت کە ئێستا هاوسەرگیریی کردووە، بە گژ ئەوانەدا دەچووەوە کە دەیانویست دەری بکەن و هاواری دەکرد، Ich gei nicht arois– من ناڕۆم.– **ماوسی** هەمیشە ئەمانەی بە شتی پڕوپووچ

---

[٤] لە فۆلکلۆری جووەکاندا، دیبەنک ئەو جنۆکەیەیە کە دەچێتە گیانی کەسێکی زیندووەوە و هەڵسوکەوتی کەسەکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

دەبینی، خورافەی جووەکان، بەڵام ئێستا بە هۆکارێکی تایبەتی، چیرۆکەکە هەمیشە لە خەیاڵیدا بوو. کاتێک دواجار خەوی لێ کەوت، خەونێکی بێزارکەری بینی. لە خەونیدا **یۆسی** مردبوو و لە شێوەی ئەودا، شێوەی **ماوسی**، گەڕاوەتەوە. دوای ئەوەی ئەم دیبەنکە چووەتە گیانییەوە، بە شەقامەکانی گوندەکەدا ڕای دەکرد و هاواری دەکرد، بەڵام لە بری نەفرەتی جوو، نەفرەتی کۆمۆنیستیی دەگوتەوە: "پرۆلیتارەکانی جیهان، یەک گرن!"

بە دەم لەرزینەوە لە خەو ڕابوو، شڵەژابوو. لە دۆخێکی ئاساییدا، خەونەکەی بە شتێکی پڕوپووچی بێمانا دەزانی، بە پاشماوەی چیرۆکێک لە ئەفسانەی جووەکانەوە. ئێستا، لەمەیاندا، پەیامێکی ڕوونی دەبینی. ئەرکێکی هەبوو جێبەجێی بکات، ئەرکی شەرەف و هاوکاریکردنی **یۆسی**. دەبوو دەستبەجێ بەجێی بگەیەنێت. هەستا و تەماشای کاتژمێرە دیوارییە کۆنەکەی کرد: کاتژمێر سێی شەو بوو. هەموویان، دایک و باوک و خوشک و براکەی، خەوتبوون. بە بێدەنگی جلەکانی لەبەر کرد و دەستێک جلی ئاخنییە ناو جانتایەکی کۆنی ماڵەوە و جانتایەکی شانیشی دەرهێنا و ئەو نامەیەی کە دەبوو بیگەیەنێت بە

نووسەرەکە و کتێبی *مانیفێستۆکەیشی* تێ خست و دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشت.
بە وریاییەوە بە شەقامە چۆڵەکانی گوندەکەدا ڕۆیشت و هەر زوو خۆی لەسەر ڕێگا سەرەکییەکە بینییەوە بەرەو سنوور دەڕۆیشت. بە خێرایی دەڕۆیشت، لووت و گوێی بە هۆی سەرماکەوە تەزی بوون. لە پڕ ڕووناکییەکی مەزن لە تەمە چڕەکەوە دەرکەوت. ڕووناکیی گزنگ، دیمەنێک کە پڕی کرد لە شادییەکی مەزن. وەک ئەوە بوو بەربەستێکی نەبینراوی لەبەردەمدا شکابێت، وەک ئەوەی ئەو کۆتانەی پساندبێت کە بە ڕابردووی پڕ لە ترسی ئیفلیجکەری دەبەستەوە. "ئەنجامم دا!" هاواری کرد، "ئەرکەکە جێبەجێ دەکەم!"
گەشبینییەکی زێدەڕۆیی تێداکراو. گەشتەکە، گەشتێکی زۆر درێژ، تازە دەستی پێ دەکرد. جووتیارێک ئەسپوعەرەبانەکەی بەرەو بازاڕی گوندێک لێ دەخوڕی، **ماوسیی** گەیاندە ئەوێ، بەڵام دەبوو پاشماوەی ڕێگاکە بە پێ ببڕێت. ئەو ساتەی گەیشتە ئەو ڕووبارەی کە سنوورەکەی پێک دەهێنا، نیوەشەوێکی درەنگ بوو.
لەوێ دەیزانی چی بکات. هەموو دانیشتووانی **چێرنۆڤیتسکی** دەیانزانی چی بکەن، هەموان ئامادە

بوون بێ سێودوو لە گوندەکە هەڵبێن—تەنانەت لە وڵاتەکەیش. هەموان ئەو بەلەمەوانانەیان دەناسی کە هەڵاتووەکانیان دەپەڕاندەوە. پێویست بە گوتن ناکات کە ئەو کارەیان بە شێوەیەکی نایاسایی دەکرد. پەڕاندنەوەیەک کە لەو سەردەمە پڕ ململانێ توندوتیژییەدا باو بوو: جووەکان بە کۆمەڵ ڕووسیایان بەجێ دەهێشت. **ماوسی** بەسەر کەنارە لماوییەکەدا ڕۆیشت هەتا گەیشتە نزیک ئاگرێک. دوو بەلەموان بوون. چاوەڕێی کۆچبەر بوون. وەک چاوەڕوان دەکرا، دوو کەسی خراپ و بەدکار بوون، بەڵام **ماوسی** لە دۆخێکدا نەبوو بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات. بۆیە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەرەو ڕوویان ڕۆیشت و پێی گوتن کە دەیەوێت بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر و لێیشی پرسین چەندی تێ دەچێت. دوو پیاوەکە تەماشای یەکتریان کرد و یەکێکیان نرخەکەی گوت. بڕەپارەیەکی کەم نەبوو، بەڵام کاتی ئەوە نەبوو مامەڵە بکات. شوێنی بەلەمەکەی لێ پرسین.

ئەو بەلەموانەی کە دەبوو بیپەڕێنێتەوە گوتی، "سەرەتا پارەکەت بدە." **ماوسی** بەستەیەک پارەی لە گیرفانی دەرهێنا و لە پێش چاویاندا دەستی بە ژماردن کرد و پارەی بەلەموانەکەی دا. "دوام کەوە،" پیاوەکە گوتی. بەرەو کەناری ڕووبارەکە ڕۆیشتن. لەوێ، لەژێر

قامیشـــەڵانەکەدا، بەلەمەکە شـــاردرابووەوە. بە هەنـــدێک زەحـــــمەتەوە، **بنیـــامین** ســـــەرکەوت. پیـــــاوەکەیش لە بەرامـبەری دانیشـت و سـەوڵەکانی گرت و پەڕینەوەکە دەستی پێ کرد. بۆ چەند خولەکێک بە بێدەنگی بەناو تەمە چڕەکەی سەر ڕووبارەکەدا ڕۆیشتن. بەلەموانەکە چاوی لەسـەر **بنیامین** لا نەدەبرد و **بنیامین**یش هەوڵی دەدا خۆی دەرباز بکات لە چاوتێبڕینەکەی، کە ئارامی لێ بڕیبوو.

لە پڕ پیاوەکە لە سەوڵلێدان وەستا. "چی ڕووی داوە؟" **بنیامینی** ترساو پرسیاری کرد. پیاوەکەیش بە بێشەرمی گـوتی "مەبەسـتت چییە لە 'چـی ڕووی داوە'؟ ناکرێـت کەمێک پشوو بدەم؟ هەر لەبەر ئەوەی پارەت داوە ئیتر دەبێت هەتا دەتەقم سەوڵ لێ بدەم؟"

**بنیـامین** بە نیگەرانیـیەوە لە ڕووبـارەکەی دەڕوانـی و گوتی، "بەڵام تەوژمی ئاوەکە. . . ئاوەکە دەمانبات!"

"زۆر ڕاستە،" بەلەموانەکە بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانە و بەدکـارانەوە گـوتی، "ڕووبـارەکە زۆر بە تەوژمە. کێ دەزانێت بۆ کوێمان دەبات. . . ڕەنگە بەرەو بنکەیەکی سەربازیی قەیسەری. چووزانم. ئاوەکە ئەم بەزمانەشی هەیە."

**بنیـامین** وەخـت بـوو دەتـۆقی. نەیـدەزانی پیـاوەکە بە نیازی چییە—بەڵام نەدەکرا نیازی باشـەی هەبووبێت.

به دڵنیـــاییيەوە هەروایــش بـــوو: "ڕەنـــگە بتـــوانین بە کـــارەکەدا بچیـــنەوە، دەزانیـــت چیمـــان کەمە؟ وا نیـــیە؟ کەمێک پارە. هەر ئەوە. نرخێکی زۆر کەمـم پێ گوتی، برادەر. وا بزانم چەند ڕۆبڵێکی ترم پێویستە تا هێزم بەبەردا بێتەوە. ها؟ پێت چۆنە؟"

تەنیا ئەو کاتە **بنیامین** لەو گەمەی جەردەیییە تێگەیشت. هیچ جێی سەرسوڕمان نەبوو: لەنێو ئەو بەلەموانانەدا کە قاچاخچێتییان دەکرد، لە هەموویشیان زیاتر ئەوانەی کـــۆچبەرە جووەکانیـــان دەپەڕانـــدەوە، ئەم جـــۆرە تەڵەکەبـازییە شـتێکی بـاو بـوو. ئێسـتا ئەوەی لەسـەر **ماوسـی** پێویسـت بـوو بیکـات مـامەڵەکردن بـوو تـا کەمترین پارە بدات، تا زیانەکە کەم بکاتەوە.

بەڵام ئەوەی نەکـــرد. تـــووڕەیییەکی گەورە لە ناخیـــدا پەنگـــی خـــواردەوە. ئەمە ئەو نـــاداپەروەرییە بـــوو کە **یۆسی** باسی دەکرد، ئەمە چەوساندنەوە بوو: بەهێزەکە بە ئارەزووی خۆی ئیرادەی لاوازەکە ئاراستە دەکات و وێرانـــی دەکـــات و هەرچـــی هەیە لێـــی دادەدۆشـــێت و وشـــکی دەکـــاتەوە. ژێـــری پێـــی دەگـــوت کە دەبێـــت پەرچەکردار نەنوێنێت—دواجار، ئەو بە مانـای وشـە لە ژێر دەستی بەلەموانەکەدا بوو. بەڵام ئەمە بابەتی ژێری نەبوو؛ ئەمە بابەتێکی تر بوو، بـابەتی بەڕەنگاربوونەوە بـوو، بـابەتی—شـۆڕش؟ بەڵـێ بـابەتی شـۆڕش بـوو،

شۆڕشێکی بچووک، بەڵام هەرچۆنێک بێت شۆڕش، شۆڕشی تایبەتیی خۆی، ململانێی خۆی لە پێناو ئازادیدا. ڕەنگی پەڕیبوو، هێندە لە پڕ هەستایە پێ، خەریک بوو بەلەمەکە وەربگەڕێت.

"سەوڵ لێ بدە!"

"ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟" بەلەموانەکە گوتی، بە کاردانەوە چاوەڕواننەکراوەکەی ئەم گەنجە لەڕولاوازە حەپەسابوو. بەڵام **بنیامین** نەیدەویست گفتوگۆ لەسەر هیچ شتێک بکات، نەیدەویست دانوستان بکات—بژاردەی دانوستان بەسەر چوو—کاتی دەرکەوتنی ڕاستی بوو، کاتی بەڕەنگاریینواندن، کاتی چوونەناو ململانێی دەسەڵاتەوە.

"سەوڵ لێ بدە! پێت دەڵێم، سەوڵ لێ بدە!"

"ئا تۆ بوەستە. . ." پیاوەکە بە نارەزاییەوە گوتی، بەڵام چیتر هێندە متمانەی بە خۆی نەبوو، "ئەم بەلەمە هیی منە و چیم پێ خۆش بێت. . ."

"سەوڵ لێ بدە! سەوڵ لێ بدە! سەوڵ لێ بدە!"

پیاوەکە تەماشای کرد. ئێستا بەڕاستی دەترسا، وەک **بنیامین** بە سەرسامی و ئاسوودەییەوە تێبینیی کرد. بەلەموانەکە لە نیگا تووڕەکەی **ماوسی**دا، لە مستەکۆڵە ئامادەکراوەکەیدا، تەقینەوەی تووڕەیی دەبینی، تووڕەییەکی دادپەروەرانە کە ماوەیەکی زۆر

چەپێنرابوو. تووڕەییی کەسێک کە هیچی نییە لە دەستی بدات جگە لە کۆتوبەندی کۆیلایەتی. تووڕەییی کەسێک کە ئامادەیە بکوژێت و بکوژرێت. سەرەڕای خۆبەزلزانینە دەستکردەکەی، بەلەموانەکە لە بنەڕەتدا پیاوێکی ئاسایی بوو: پارەی زیادەی لەو جووە بێدەسەڵاتە ترساوانە دەسەند کە دەیپەڕاندنەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوانەدا کە دەسەڵاتێکی دیاریان هەبوو سەری شۆڕ دەکرد. **بنیامین**یش لە ناخەوە دەسەڵاتی هەبوو—دەسەڵاتێکی نهێنیی سەرسامکەر. بۆیە پیاوەکە سەوڵەکانی هەڵگرتەوە و بە بێدەنگی بەرەو کەنارەکەی ئەوبەر دەستی کرد بە سەوڵلێدان. لەوێ دابەزی و یارمەتیی **ماوسیی** دا لە بەلەمەکە دابەزێت. کاتێک **ماوسی** خەریک بوو بڕوات بەلەموانەکە وەستاندی.

"دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم."

"فەرموو،" **ماوسی** جارێکی تر گومانی لێ نیشت. ئەم پیاوە ئەمجارەیان چی لەژێر سەردایە؟

"تۆ کۆمۆنیستیت، وایە؟"

**بنیامین** چاوەڕوانی ئەو پرسیارە نەبوو. سەری سوڕما کە پرسیاری پیاوەکە، کە بە گومانەوە کردبووی، پڕی کرد لە شادی، وەک ئەوەی سەرکردەی گەل—ئیدی سەرکردەیەکی باش بێت یان خراپ—دواجار، دوای چاوەڕوانییەکی درێژ، پەسەندی کردبێت، وەک ئەوەی

به تەعمیددانی ئاگردا تێپەڕیبێت. پێکەنی و گوتی "بەڵێ هاوڕێ، من کۆمۆنیستم. ئێستا دەزانیت کۆمۆنیست چۆن کردار دەنوێنێت. ئێستا دەزانیت بۆچی داهاتوو هیی ئێمەیە. بیرێکی لێ بکەرەوە. وەرە ڕیزمانەوە، هاوڕێ. هیچت نییە لە دەستی بدەیت جگە لەو کۆتوپەیوەندانەی کە بە ڕابردووتەوە دەبەستنەوە."
بەلەموانەکە بە حەپەساوی تێی ڕامابوو. وا دیار بوو نەیدەزانی **ماوسی** باسی چی دەکات. ئاهێکی هەڵکێشا، سەرێکی بادا و گەڕایەوە بۆ ناو بەلەمەکەی. **ماوسییش** ملی ڕێی گرتە بەر.

**ماوسی** سەرسام بوو لەوەی لە هەر قۆناغێکی گەشتەکەیدا زانیارییەکان دروست بوون و هەر زوو خۆی لەسەر ڕێگای بەرەو پراگ بینییەوە، لە بەشی چینی ناوەندی شەمەندەفەرێکی قەرەباڵغدا. جەنگەکە هەموو دانیشتوانی لە شوێنی خۆیان هەڵکەندبوو. ئەو خەڵکەی لە ماڵەکانیان هەڵکەندرابوون لەمپەڕی ئەورووپاوە بۆ ئەوپەڕی بە دوای پەناگەیەکدا وێڵ و سەرگەردان بوون.
بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەوە شتێکی باش بوو بۆ **بنیامین**. لەنێو قەرەباڵغیی خەڵکەکەدا خۆی ون دەکرد. لە وێستگەیەکدا پاسەوانی چەکدار هاتنە ژوورەوە، بەڵام

کارەکەیان بە کەمتەرخەمی ئەنجام دا، تەنیا لێرەولەوێ داوای بەڵگەنامەیان لە سەرنشینە تاکوتەراکان دەکرد، **ماوسی** بچووک بوو و خۆی لە قوژبنێکدا شاردبووەوە، بۆیە کەس تێبینیی نەکرد.

وە نەبێ ئەوە هێوری بکاتەوە، بەڵکو هەستی دەکرد هەموان چاودێریی دەکەن و بە گوێیدا دەچرپێنن: "ئەو گەنجە ترۆتسکیستە و خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکێکی مەترسیدارە." پیاوێکی قەڵەو، کە چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو بوو، زۆر نیگەرانی دەکرد. بۆچی چاویلکەی ڕەش؟ دەکرێت تەنیا مانای ئەوە بێت، پۆلیسی نهێنیی ئەڵمانیا یان ڕووسیایە. بێدەنگ و بێ جووڵە بەرامبەر **ماوسی** دانیشتبوو. **ماوسی** نیگەران بوو، بیری لە گۆڕینی فارگۆنەکە دەکردەوە. بەڵام شەمەندەفەرەکە لە وێستگەیەک لە دووریی سەد کیلۆمەتر لە پراگەوە وەستا. پیاوەکە هەستا. بەڵام بە یارمەتیی ژنێک و گۆچانێک، بەلارەلار بە نێوان کورسییەکاندا ڕۆیشت. کوێر بوو، بەڵێ. **ماوسی** ئاهێکی هەڵکێشا و ئاسوودە بوو. پاش ئەوەی ڕاڕایی و شەکەتی زۆری بۆ هێنا، خەوی لێ کەوت.

هەر کە خەو بردییەوە خەونی بینی، خەونێکی ئاڵۆز و شێواو. لە سیناگۆگێکی قەرەباڵغدا بوو. لە پڕ حاخامەکە ئاوڕی لێ دایەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە حاخام نەبوو،

بەڵکو لە بری ئەوە **ترۆتسکی** بوو—**ترۆتسکی** لە سیناگۆگەکەدا شاڵێکی نوێژکردنی لەسەر شان بوو، ئەمە مانای چی بوو؟ پاشان هەموو ئەوانەی لە سیناگۆگەکەدا بوون ڕووەو **ماوسی** ڕایان دەکرد و بە هاواری "فیڵباز! فیڵباز!" پاڵیان دەنا بۆ دەرەوە و **ترۆتسکییش** بە نیگایەکی تۆمەتبارکەرەوە لە میحرابەکەوە تەماشای دەکرد. **ماوسی** بەرهەڵستیی دەکرد، "دەرم مەکەن، منیش لەگەڵتانم، من کۆمۆنیستم."

لە پڕ خەبەری بووەوە، کەسێک بە توندی ڕایدەوەشاند. بلیتوەرگرەکە بوو.

"هەستە برادەر، گەیشتین."

"گەیشتین؟" **ماوسی** هێندە گێژ بووبوو لە پیاوەکە تێنەگەیشت.

"ئێمە لە پراگین. پراگ! پراگ ڕووگەی گەشتەکەت نەبوو؟ فەرموو، لە شەمەندەفەرەکە دابەزە."

**ماوسی** بە شلەژاوی جانتاکەی لەسەر ڕەفەکە داگرت و بەپەلە لە شەمەندەفەرەکە دابەزی. وێستگەکەی جێ هێشت، ئێستا لە پراگ بوو. وەستا و چاوی برییە شار، کە بە ڕووناکییەکانی دەدرەوشایەوە—کاتژمێر دەی شەو بوو و لە هەموو شوێنێک ڕووناکییەکان هەڵکرابوون—لە قەرەباڵغییەکاندا، لە ترامەکاندا، لە ئۆتۆمبێلەکاندا، لە باڵەخانەکاندا. بۆ کەسێک کە تەنیا

گوندەکەی خۆیانی ببینێت، دیمەنێکی سەرگێژکەر و هاوکات ترسناکیش بوو. **ماوسی** دەترسا، بەڵام بەپەرۆشیش بوو. گەیشتبووە پڕاگ. سەرەڕای هەموو شتێک، هەموو کێشە و گرفتەکان، گەیشتبووە شوێنی مەبەست. چیتر گومانی نەبوو کە ئەرکەکەی هەرچی بێت بەجێی دەگەیەنێت و بە ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە بۆ **چێرنۆڤیتسکی**. هەر لە ئێستاوە بیری دەکردەوە کە بە **یۆسی** دەڵێت، "هاوڕێ **یۆسی**، شایانی ئەو متمانەیە بووم کە پێت دام." دڵنیا بوو ڕۆژێک **یۆسی** دەیبات بۆ لای **ترۆتسکی** و بە شانازییەوە پێی دەناسێنێت: "هاوڕێ، ئەمە **بنیامینە**، ڕێبوارێکی مەزنە، شۆڕشگێڕێکی پلەیەکە، پیاوێکە دەتوانێت هەر ئەرکێک جێبەجێ بکات، گرنگ نییە چەند قورسیش بێت."

هوتێل تێرمینوس لە وێستگەکەوە دوور نەبوو: **ماوسی** بەژێر بەفرەکەدا ڕۆیشت. زۆری پێ نەچوو هەتا شوێنەکە بدۆزێتەوە. هوتێلێکی بچووکی کۆن بوو، ڕووکاری پێشەوەی بە گارگوێلی° ترسناک نەخشێنرابوو. بەڵام **ماوسی** گەشتیار نەبوو تا بەدوای ئاسوودەییدا بگەڕێت: ئەو پیاوێکی ئەرکپێسپێردراو بوو. ڕۆیشتە ژوورەوە. لە پشت مێزی بەشی

---

° شێوەی ناشیرین و قێزەوەنی مرۆڤ و ئاژەڵ کە لە بنمیچی بیناکانەوە بە شێوەی پەیکەر دروست دەکرێت، بە زۆری لە کڵێساکاندا.

پێشـوازییەوە پیـاوێکی قەڵەوی کەچەڵ، کە پـارچەیەکی ڕەش بەسـەر چـاوی چەپیـیەوە بـوو، بە گومـانەوە سەرتاپا لێی ڕوانی.

"چیـت دەوێـت؟" بە ئەڵمـانی پرسـیاری کـرد. دەنـگە وشکەکەی **ماوسیی** تۆقاند.

"ئێستا گەیشتم. . . . ژوورێکم گرتووە. . . ."

"ژوورگـرتن." پیـاوەکە بە ڕقەوە کتێبێکـی بەرگڕەشـی کردەوە. "بە چ ناوێکەوە، ئەگەر بکرێت بزانم؟"

**ماوسـی** دوای چەنـد سـاتێک وەڵامـی دایەوە: "**یۆسـی.** **یۆسی پێرڵمان.**"

پیاوەکە تەماشای ناو کتێبەکەی کرد. "**یۆسی پێرڵمـان**.... ڕاستە، ژوورت گرتووە. بۆ ماوەی حەفتەیەک. پێشـەکی پارەکە بدە."

**ماوسی** پارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بڕی پێویستی لـێ ژمـارد و دای بە پیـاوەکە، ئەویـش دیسـان ژمـاردییەوە—دوو جـار. پاشـان خـاولییەکی کـۆن و کلیلێکـی پـێ دا: "نهـۆمی سـێیەم. لەو پلیکـانەوە سەربکەوە."

**ماوسی** سوپاسی کرد و ویستی بڕواتە سـەرەوە، بەڵام پیـاوەکە بـانگی کـرد و ئاگـاداری کـردەوە: "مـن کێشـەم نـاوێ لێـرە، تێـدەگەیت؟ هەرچـی ڕوو بـدات، هـیچ پەیوەندیی بە منەوە نییە."

ئەم قسانە **ماوسیی** خستە گومانەوە. بلێی پیاوەکە ئاگای لە شتێک بێت دەربارەی ئەرکەکەی؟ ئەگەر وا بێت، بلێی ئەویش ڕۆڵی هەبێت لە کارەکەدا؟ ئەوە ڕوون بوو، بەڵام لە ئێستادا **ماوسی** نەیدەتوانی هیچ شتێکی لێ بپرسێت. جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆیشتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی.

ژوورێکی بچووک، بە هیچ جۆرێکیش خاوێن نەبوو—لەگەڵ هاتنەژوورەوەی میوانەکە، مشکێک فرتەی کردە کونەکەیەوە—زۆریش سارد بوو. تەنیا جێخەوێک و کەنتۆرێکی بچووکی تۆز لێنیشتوو و دەستشۆرێک و ئاوێنەیەکی شکاوی تێدا بوو. بەڵام هێندە بەس بوو. سەرەڕای شەکەتییەکەی، **ماوسی** بڕیاری دا دەستبەجێ لە پەیوەندیکردن بە نووسەرەکەوە دەست پێ بکات.

پاشان بۆی دەرکەوت—جانتاکەی شانی پێ نەمابوو. جانتاکەی شانی کە *مانیفێستۆ*کەی و زەرفەکەی تێدا بوو—نەمابوو.'بە دەستی لەرزیوەوە جانتاکەی تری کردەوە: بشێت جانتاکەی شانی تێ خستبێت؟ نەخێر، جگە لە جلەکانی هیچی تری تێدا نەبوو. شڵەژاو و ترساو، خۆی هاوێشتە سەر جێخەوەکە. جانتاکەی شانی ون کردبوو. یەکەمین کاردانەوەی تووڕەبوون بوو—لە خۆی. "جانتاکەی شانت ون کرد، بە نەفرەت بیت،" بلمانندی، "جانتاکەی شانت ون کرد، ئەی گەمژە،

گێل، بورژوازیی گوو!" هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. لە دڵی خۆیدا گوتی، "پێویستە جڵەوی خۆم لە دەست نەدەم، گرنگ ئەوەیە هێمن و عەقڵانی بمێنمەوە." پێویست بوو بەسەر هەنگاوەکانیدا بچێتەوە و هەوڵ بدات وێنەی ئەو شوێنە بهێنێتە پێش چاو کە جانتاکەی شانی تێدا لە بیر چووە—بە چاوی خەیاڵ ببینێت. یەکەم شوێن بە خەیاڵیدا هات مێزی ژووری پێشوازی بوو. بە پەلە ڕۆیشتە خوارەوە. پیاوەکە لەوێ بوو و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە.

"جانتاکەی شانم!" هاواری کرد. "جانتاکەی شانم لە کوێیە؟"

سەرەتا پیاوەکە تێنەگەیشت. بێگومان بە هۆی شێوەزارە بیدییەکەیەوە، هەروەها بە هۆی شپرزەیی گەنجەکەیشەوە. دواجار بۆی دەرکەوت **ماوسی** باسی چی دەکات.

"جانتای شان؟ نەخێر هیچ جانتایەکت لێرە بەجێ نەهێشتووە. ڕەنگە لە شەمەندەفەرەکەدا لێت بەجێ مابێت."

لە شەمەندەفەرەکەدا، بێگومان. لە شەمەندەفەرەکەدا. لە ناکاو خەبەری بووبووەوە، بە پەلە و بە شپرزەیی دابەزی—لەو کاتەیشدا جانتاکەی شانی بەجێ هێشتبوو.

بەژێـر بەفـرەکەدا، کە ئێسـتا زۆرتـر دەبـاری، بەرەو وێسـتەگەکە ڕای کـرد، لەژێـر لێـوەوە دەیگـوت: "دەی شـەمەندەفەرەکە هێشـتا لەوێ مابێـت. خـوایە، شەمەندەفەرەکە هێشتا لەوێ مابێت."

خۆی کرد بە وێستگەکەدا و ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ ئەو شۆستەیەی لێی دابەزیبوو.

هیچ شـەمەندەفەرێک لەوێ نەبـوو. لە ڕاسـتیدا، جگە لە فەرمـانبەرێکی وێسـتگەکە کە خەریکـی گسـکدان بـوو، ڕۆحلەبەرێک لەسەر ئەو شۆستەیە نەبوو. **ماوسی** لێی نزیک بووەوە و پرسیاری ئەو شـەمەندەفەرەی لێ کـرد کە پێی هاتبوو.

پیـاوەکە، بەبـێ ئەوەی چـاو هەڵببڕێـت، وەڵامـی دایەوە "ڕۆیشت، نزیکەی نیو کاتژمێر لەمەوپێش."

**ماوسی** بە دەنگێکی لەرزیوەوە و خەریک بوو دەستی دەکرد بە گریان، پرسیاری کرد "ئەی جانتاکەم؟"

پیاوەکە نەیزانـی **ماوسـی** باسـی چـی دەکـات. **ماوسـی** شتەکانی بۆ گێڕایەوە. فەرمـانبەرەکە سـەری خوراند و گـوتی کە بەشـی ونبـوون و دۆزینـەوە هەیە دەتوانێـت بڕوات لەوێ پرسیار بکـات، بەڵام ئەگەری دۆزینـەوەی جانتـاکەی سفرە. **ماوسی** ڕای کـرد بـۆ لای پەنـجەرکە: نەخێـر، سـتافی پـاککەرەوە هـیچ جانتایەکیـان نەدۆزیبـووەوە. ژنەکە نـاوی هـوتێلەکەی تۆمـار کـرد،

بەڵام هەر ئەوەی دووبـــارە کـــردەوە کە فەرمـــانبەری وێستگەکە گوتبووی: بە هەر هۆکار و مەبەستێک بێت، جانتاکەی بۆ هەتاهەتایە ون بووە.
"پێشـتر شـتەکان هەمیشـە خـراپ بـوون. ئێسـتایش، بەم جەنگەوە، دۆخەکە زۆر خراپتر بووە."
**بنیامین** بە خەمباری گەڕایەوە بۆ هوتێلەکە.

"جانتاکەت دۆزییەوە؟" فەرمانبەرەکەی بەشـی پێشوازی بە دەنگێکی گاڵتەجاڕانەوە لێی پرسی.
"نەخێر،" **بنیامین** بڵماندی: "نەمدۆزییەوە." بە پلیکانەکەدا ڕۆیشـتە سـەرەوە و دەرگـای ژوورەکەی لەسـەر خۆی داخســـت و بەبـێ ئەوەی جلەکـــانی لەبەر دابکەنێـت ڕاکشـــا—پاشـــان دایە پـــرمەی گریـــانێکی بەکـــوڵ. چ کارەساتێک بوو، چ کارەساتێک! هێشتا ئەرکەکە دەستی پێ نەکردووە، کەچی ئەو گەمژەییەکی مێژوویی تۆمار کـرد. **یۆسـی** متمـــانەیەکی زۆری پـێ هەبـوو. دامـاو، **یۆسیی** داماو.
هەر گریا، هێندە گریا هەتا ماندوو بوو خەو بردییەوە.

. . . . .

بەیانیی ڕۆژی دواتر خەبەری بووەوە، هێشتا گێژ بوو و سەریشـی دەئێشـا—برسییشـی بـوو. بڕیـاری دا لە هـوتێلەکە بـڕواتە دەرەوە و شـتێک بخـوات—کەمێکیش

بگەڕێت. پێویست بوو بیر بکاتەوە دەبێت چی بکات. بەڵکوو لە کاتی گەڕانیدا شتێک بێتە ڕێی. ڕۆیشتە خوارەوە. فەرمانبەری پێشوازی لای مێزەکەیەوە دانیشتبوو.

"حاڵت چۆنە؟ جانتاکەت دۆزییەوە؟" **ماوسی** گوتی نەخێر. پیاوەکە بە گومانێکی ئاشکراوە تەماشای کرد.

"دەمەوێت جارێکی تر بیرت بهێنمەوە: پارەی مانەوەی حەفتەیەکت داوە، تەنیا حەفتەیەک. یاخود بڵێین، شەش ڕۆژی تر. دوای ئەوە، خواحافیزت."

**ماوسی** وەڵامی نەدایەوە. ئەوێی جێ هێشت و خۆی کرد بە قاوەخانەیەکی بچووکی پڕ لە دووکەڵدا کە بەرامبەر بە هوتێلەکە بوو. کاتێک بە خەواڵوویی پارچەنانێکی دەجوو، هەوڵی دا بیری خۆی کۆ بکاتەوە و پلانێک دابنێت."

خاڵی یەکەم: ناتوانێت چیتر کات بە گەڕان بە دوای جانتاکەیدا بە فیڕۆ بدات، کارێک کە بێگومان چەند ڕۆژێک دەخایەنێت و ڕەنگە هیچیش شین نەکات.

خاڵی دووەم: دەبوو بزانێت ئەو کەسە کێیە کە زانیاریی لە بارەی ئەرکەکەیەوە پێ دەدات. نەیدەزانی کێیە، بەڵام دەیزانی بە دوای کەسێکدا دەگەڕێت کە نووسەرە، جووە، چەپڕەوە. ئەوە کەمێک ئەرکەکەی ئاسانتر دەکردەوە. تەنانەت لە شارێکی وەک پڕاگیشدا، ژمارەی

ئەو کەسانەی کە ئەم تایبەتمەندییانەیان تێدا بێت زۆر نین. ئەوەی کە پێویستی بوو خاڵی دەستپێکردن بوو: کەسێک بدۆزێتەوە کە لانیکەم بەرچاوڕوونییەکی پێ بدات لە کوێ نووسەرانی چەپڕەوی جوو بدۆزێتەوە.
ئەو کەسە کێ بێت؟ تا ئێستا تەنیا یەک کەسی لە پڕاگ ناسیوە، فەرمانبەرەکەی بەشی پێشوازیی هوتێل تێرمینوس. ڕەنگە ئەو پیاوە شتێک بزانێت؛ ڕەنگە ئەو هوتێلە شوێنی یەکتربینینی ئاساییی ترۆتسکیستەکان بێت. بەڵام بەو ڕوخسارەوە کە لە سیخوڕێکی پەرچەکرداری دەچوو، پێ نەدەچوو ترۆتسکیست بێت. خۆ ڕەنگە لەوانیش بێت، بەڵام نەیەوێت خۆی ئاشکرا بکات—ئەگەر وا بێت ئەوا کارێکی مەزنی دەکرد: ڕەنگە ئەم جووە گەنجەی تاقی بکردایەتەوە کە تازە گەیشتبوو؛ ڕەنگە **ترۆتسکی** خۆی داوای شتێکی وای لێ کردبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، بە هەموو ئەو گومانانەوە، **ماوسی** گەیشتە ئەو بڕیارەی کە ئەم پیاوە ئەو کەسە نابێت کە هیچ شتێکی لە بارەی ئەرکەکەیەوە لێ بپرسێت. سەرباری هەر شتێکی تر، پرسیارکردن لەو پیاوە دەبووە دانپیانانی **ماوسی** بە شکستی خۆیدا، ئەوەیش هێشتا زوو بوو. تەنیا ئەو کاتە لەم فەرمانبەرە دەپرسێت کە هەموو هەوڵەکانی تری شکستی هێنا،

پاش تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگاکانی تر. دەیتوانی پێش ئەوە، چەند سەرچاوەیەکی تری زانیاری تاقی بکاتەوە. ڕەنگە یەکێتیی نووسەران؟ نەخێر، ئەوان نا. ناتوانێت وەک کەسێکی نەناسراو بڕوات بۆ ئەوێ و بڵێت "گوێ بگرن دۆستان، من بە دوای نووسەرە چەپڕەوە جووەکاندا دەگەڕێم." ئەوە تەنیا بێ متمانەیی بەرهەم دەهێنێت. نەخێر، پێویست بوو ڕێگایەکی تر بدۆزێتەوە.

بەرچاییی تەواو کرد و پارەکەی دا و ڕۆیشت. کوێرانە بەناو شەقامە بەرتەسکەکانی شارە کۆنەکەدا دەستی کرد بە پیاسەکردن. کاتێک هاتەوە سەر خۆی، لە شوێنێکدا بوو کە بە لایەوە ئاشنا دیار بوو؛ لە ڕاستیدا چەند تابلۆیەکی بە زمانی عیبری بینی. ئەوێ شەقامی مایزێل بوو، لە گیتۆی[٦] پێشووی پڕاگ. ئەو شوێنەیش کە لە بەرامبەری بوو **ئاڵتنوشولەی** ئەفسانەیی بوو، سیناگۆگە دێرینەکە، بینایەکی بە شکۆ و خەمین. دەرگا سەرەکییەکەی کرابووەوە. **بنیامین** چووە ژوورەوە. کەسی لێ نەبوو. لەوێ مایەوە و تەماشای سادەیییەکەی ناوەوەی دەکرد، لەگەڵ ڕیزە کورسییە کۆنەکان و ژووری کەلوپەلە پیرۆزەکان، کە تەوراتیشی تێدا بوو.

---

[٦] گەڕەکی هەژارنشین و دابڕاو لە بەشەکانی تری شار، بە هۆکاری سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری.

"دەتوانم یارمەتیت بدەم؟" ئاوڕی دایەوە. پیاوێکی زۆر پیر، کە چاکەتێکی کڵاوداری ڕەشی لەبەردا بوو، بە چاوداگرتنێکی پێکەنیناوییەوە تەماشای دەکرد. "من شامەسم[٧]،" پیاوەکە خۆی ناساند، "خزمەتکاری ئەم سیناگۆگەم. چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟"

"من هەروا تەماشایەکم دەکرد،" **ماوسی** بە ییدی وەڵامی دایەوە، ئەوەیش پیاوەکەی دڵخۆش کرد.

"لە خزمەتتدایین،" پیاوەکە وەڵامی دایەوە، ئەویش بە ییدی. "من خزمەتی سیناگۆگەکە دەکەم و بە میوانانیشی پیشان دەدەم. ئەوان لە هەموو بەشەکانی ئەورووپاوە دێن. بەڵام ئەوە،" بە شانازییەوە لە قسەکانی بەردەوام بوو، "هیچ کێشە نییە بۆ من. هەشت زمان بە باشی قسە دەکەم: ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتالی. . . ." چاوێکی داگرت. "بەڵام ئەو زمانەی کە بەڕاستی حەزم لێیە قسەی پێ بکەم ییدییە، ئەوە زمانی دایکمە، ئەو زمانەی کە دایکم گۆرانیی پێ دەگوت بۆم تا دەیخەواندم لە. . . . ئەو شتانە لە بیر ناکرێن. کات تێدەپەڕێت، بەڵام ناتوانیت ئەوانە لە بیر بکەیت." بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، هێشتا هەر چاوی بڕیبووە بۆشایی، پاشان جارێکی تر ئاوڕی لە

---

[٧] خزمەتکاری پەرستگای جووەکان.

میوانەکەی دایەوە. "ئەی تۆ؟ خەڵکی کوێیت؟ ڕووسیا؟ پۆڵەندا؟"

**ماوسی** دوودڵ بوو. دەکرێت متمانە بەو پیاوە بکات؟ بڕیاری دا سەرکێشی بکات و ڕاستییەکە بڵێت، یان لانیکەم بەشێکی. گوتی خەڵکی **چێرنۆڤیتسکی**یە و لە پراگ کار دەکات. بەڵێ، **چێرنۆڤیتسکی**، پیاوە پیرەکە گوندەکە شارەزا بوو، تەنانەت هاوڕێیشی هەبوو لەو ناوچەیە. پاشان بەردەوام بوو: "وەرە، با کەمێک باسی مێژووی ئەم سیناگۆگەت بۆ بکەم."

دەستی **ماوسیی** گرت و بردی بۆ دالانەکە، گوتی "لەم شوێنەدایە کە **گۆلەم**[۸] نێژراوە." ڕوونی کردەوە کە **گۆلەم**ەکە زەبەلاحێک بوو لەلایەن **لوریا**وە، کە حاخامێکی کابالی[۹] بوو، لە قوڕ دروست کرابوو بۆ بەرگریکردن لە جووەکانی پراگ لە بەرامبەر دژەسامییەکان. بەڵام پاش ئەوەی لە سەرگەورەکەی یاخی بوو، **گۆلەم**ەکە تێک شکێنرا و لەوێدا نێژرا.

چەند چیرۆکێکی تری گێڕایەوە و پاشان بێدەنگ بوو— وا دیار بوو چاوەڕێی بەخشیشی دەکرد.

---

[۸] مرۆڤێکی دەستکرد لە ترادیسیۆنی جوودا، کە ڕۆحی بەبەردا کراوە. هاوشێوەی فرانکنشتاین لە ئەدەبدا.

[۹] عیرفانی یەهوودی.

**بنیامین** پارەیەکی ئەوتۆی پێ نەبوو. بەڵام ڕەنگە ئەم پیاوە، بە هەر شێوەیەک بێت، بتوانێت یارمەتیی بدات، بۆیە پارەی لە گیرفانی دەرهێنا و هەندێک وردەی پێ دا. شامەسەکە ژماردی، تا ڕادەیەک بە ناڕەزاییەوە— وا دیار بوو هەمیشە پارەی زیاتری پێ دەدرێت— خستییە گیرفانییەوە و پرسی ئاخۆ شتێکی تر هەیە بتوانێت بۆ میوانەکەی بکات. بۆ پیاوەکە، ئەو پرسیارە تەنیا پەیوەندیی بە ڕەسمیاتی کارەکەوە هەبوو، بەڵام **ماوسی** دەبوو سوود لە هەر هەلێک وەربگرێت. بەڵێ، پێویستیی بە یارمەتی هەبوو: بە دوای نووسەرانی جوودا دەگەڕا (نەیوێرا ئاوەڵناوی "چەپڕەو" زیاد بکات.) ئاخۆ کابرای ڕێبەر نەیدەتوانی لەو بارەیەوە شتێکی پێ بڵێت؟

"نووسەری جوو؟" پیاوە بچووکەکە پرسی، ئێستا حەزی زانینی جووڵابوو. "بۆچی دەتەوێت چاوت بە نووسەری جوو بکەوێت؟"

"منیش نووسەرم،" **ماوسی** بە درۆوە گوتی، "دەمەوێت بیروڕای لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکەم."

"ئێ ئێ. . ." پیاوەکە کەمێک بیری کردەوە. "نووسەری جوو لێرە، لە پراگ. . . زۆر ناناسم. خۆت دەزانیت نووسەران لەو خەڵکانە نین کە ئارەزووی هاتن بۆ سیناگۆگ بکەن، بەڵام دووان هەن کە جارجار حەزیان

لێیە بۆ ئێرە بێن—پێم وا بێت بە دوای ئیلهامدا وێڵن. ئەوان هـاوڕێن، ئەو دووانە. یەکێکیـان مـاکس بـرۆدە، پیاوێکی زۆر باشە. ئەوی تریان **فرانز کافکا**یە. کەسێکی نامۆیە. . ."

نامۆ. ئەوە بۆ **ماوسی** دڵخۆشکەر بوو.

"نامۆ؟ لەبەرچی پێی دەڵێیت نامۆ؟"

"لەبەر زۆر هۆکار،" شامەسەکە، کە وا دیار بوو ئاسایی بـوو بە لایەوە کەمێـک قسـە بکـات، وەڵامـی دایەوە "گەنجێکی تەنیایە، زۆر کەمدووە، کێشـەی خێزانییشـی هەیە. زۆر نایکرێـت لەگەڵ باوکیـدا، کە بازرگـانێکی دەوڵەمەنـد بەڵام تـا ڕادەیەک قسـەڕەقە. هەمـوو ئەو شتانە **کافکا**ی یاخی کردووە."

یاخی، بەڵێ ئەوەیش سەرنجڕاکێش بوو. لە پشت هەر یـاخییەکەوە ڕەنـگە شۆڕشـگێڕێک خـۆی مەڵاس دابێت. دەبێـت خـۆی مەڵاس دابێـت. تەنیـا ئەو کەسـەی کە ناگونجێت، کە شتەکان وەک خۆیان پەسەند ناکات، کە هەرگیـز بە تەواوی ئاسـوودە نیـیە، دەتوانێـت کـۆمەڵگە بگۆڕێـت. ناوەکەیشـی. . . **کافکـا**، وەک نـاوێکی بـاش دەبینی بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ: دووبارەبوونەوەی "ک" پێشنیاری سووربوون و پێداگریی دەکرد. وەک "ت" لە **ترۆتسکی**دا، کە ئێستا ناوەکەی هاتەوە یادی، هەروەها "ک"یشی تێدایە. ئەمە تەنیا هەستێک بوو، بێگومان، بەڵام

جگە لە هەست، چیتری هەبوو تا لەسەری بەردەوام بێت.

"لە کوێ دەتوانم ئەم **کافکا**یە بدۆزمەوە؟"

"دروست نازانم لە کوێ دەژی. بەڵام بیستوومە شوێنێکی وەک نووسینگەی لە شارە کۆنەکەدا هەیە. لە خانوویەکی بچووکی زۆر کۆندا، لە شەقامی کیمیاگەران، لە پشت قەڵای **هرادشین**ەوە."

شەقامی کیمیاگەران، پشتی قەڵایەک؟ ئەوە شوێنێکی نامۆ بوو بۆ نووسەرێکی کۆمۆنیستی، **ماوسی** لە دڵی خۆیدا گوتی. ئەوەی کە بیستبووی، کیمیاگەرەکان کەسانێک بوون کە کانزاکانی تریان دەگۆڕی بۆ زێڕ؛ واتا بازرگان بوون، لە خراپترین جۆریش بوون، ئەوانەی جادوو تێکەڵ بە بازرگانی دەکەن، سەرمایەداری لەگەڵ خورافەدا تێکەڵ دەکەن. پاشان، بۆچی لە نزیک قەڵا، لانکەی ئەوسا و ئێستای خانەدانان و هێمای نایەکسانی؟

خۆ ڕەنگە ئەوەیش بە ئانقەست بێت، بژاردەیەک کە مانای ئەوە بوو نامەیەک بنێرێت. ڕەنگە ناوی شەقامەکە و دیمەنی قەڵاکە پاڵنەرێکیان دابێت بە تووڕەیییەکەی **کافکا**، کە بەبێ ئەو تووڕەیییە شۆڕش مەحاڵە.

"تـۆش لە کەسـێکی یـاخی دەچیـت،" پیـاوە پیـرەکە بە نیگایەکی تیژەوە گوتی.
"من؟" **ماوسی** هەوڵی دا نیگەرانییەکەی بشارێتەوە. "من، بێخەمترین پیاوی دونیا، لە یاخی دەچم؟ قسەی بێمانا. چی ئەم بیرۆکەیەی خستە مێشکتەوە؟"
پیـاوە پیـرەکە پێکەنـی. "ژیـان، هـاوڕێم، ژیـان فێـری کـردووم خەڵکـی بناسـم. تـۆ تەنـانەت ناشـزانیت درۆ بکەیت." لە **ماوسی** نزیک بووەوە و دەنگی نزم کردەوە. "تۆ لە کێشەیەکدایت. نازانم چییە، بەڵام ئامۆژگارییەکت دەکەم: بگەڕێـوە بـۆ گونـدەکەت و ئەوەی کە هاتبوویـت لێرە ئەنجامی بدەیت لە بیری بکە. چیرۆکی ئەو حاخامە دەزانی کە هاتبوو بۆ پڕاگ تا گەنجینەیەک بدۆزێتەوە؟"
**ماوسـی** چیـرۆکەکەی نەدەزانـی، بـۆیە پیـاوەکە بـۆی گێڕایەوە. حاخامێکی خەڵکی گوندێک لە پۆڵەندا خەونـی بە گەنجینەیەکەوە بینـی کە لە نزیک پردێک لە پڕاگ لە چـاڵ نـراوە. خەونەکە هێنـدە سـەرنجڕاکێش بـوو کە پیـاوەکە وەک ئاگـادارکردنەوە وەری گـرت، بـۆیە ماڵئـاوایی لە خێـزانەکەی کـرد و پەرەو پـڕاگ بەڕێ کەوت. گەیشـتە شـارەکە و ئەو پـردەی ناسـییەوە کە لە خەونەکەیـدا بینیبـووی، دەسـتی کـرد بە چاڵکەنـدن. پاسەوانێک هات تا بزانێت خەریکی چییە. حاخامەکەیش بەبێ ئەوەی ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات، خەونەکەی

بـۆ گێـڕایەوە. پاســەوانەکە تێـر پێکەنـی: "خەون! کـێ بـــاوەڕی بە خەون هەیە؟ دوێنێشـــەو خەونـــم بە گەنجینەیەکەوە بینی کە لەژێر ئاگردانی ماڵی حاخامێکی پۆڵەندیـدا شـاردرابووەوە. قسـەگەلێکی چەنـد بێمانـا!" حاخـامەکە گەڕایەوە بـۆ مـاڵەوە و ژێـر ئـاگردانەکەی هەڵکەند، بێگومان، گەنجینەکەی لەوێدا دۆزییەوە.

دوای کەمێک وەسـتان، پیـاوەکە گەیشـتە دەرەنجامێک: "تۆش دروست بۆ ئەوە هاتوویت، هاتوویت بۆ ئەوەی مـن پێـت بڵـێم پێویسـتە بـڕۆیتەوە بـۆ مـاڵەوە و لەوێ وەڵامـی کێشـەکانت بـدۆزیتەوە. باشـە، ئەوا ئەو کـارەم کرد. بڕۆوە بۆ ماڵەوە، گەنجە، بە قسـەی دایکوباوکت بکە. ئارامیی دەروون گەنجینەیەکە، گەنجینەیەک کە بە هیچ نرخێک نایکڕیت."

پاش کەمێک وەستان. "ئەوە دەکەیت؟"

"نەخێر،" **ماوسی** بە وشکی وەڵامی دایەوە.

پیاوە پیرەکە ئاهێکی هەڵکێشا. "دەمزانی ئامۆژگارییەکەم وەرناگریت. تۆ شـتێکت لەگەڵ **کافکـادا** هاوبەشـە. کاتێک چیرۆکـی **گـۆلەم**ـەکەم بـۆ ئەویـش گێـڕایەوە، ئاگـادارم کردەوە: نابێت شتگەلێک بخولقێنین کە نـاتوانین ڕامیان بکەیـن. ئەدەبـیش یەکـێکە لەو شـتانە، شـتێک کە ڕام ناکرێـت. دەسـت دەکەیـت بە نووسـین، بە خەیـاڵکردن، کێش دەزانێت بە چ کۆتـاییەک دەگەیت؟ پاشـان، کتێبی

زیاترمـان بـۆچییه؟ هەرچـی شـتی گـرنگە لە تەوراتـدا نووسراوە. تەورات—"

"ئەی **کافکـا**؟" **ماوسـی** قسـەکەی پـێ بـڕی، "ئەو چـی گوت؟"

"هـیچ. هیچـی نەگـوت. هەر گوێشـی لـێم نەگـرت. دەبێت وای دانابێت مـن تەنیا ئەو پیرە خەڵەفاوەم کە چیرۆک دەگێـڕێتەوە تـا بەخشیشـی پـێ بـدرێت. بەڵام ئەم پیـرە خەڵەفاوە زۆر لەوە زیاتر دەزانێت کە ئێوەی گەنجان بە خەیاڵتاندا دێت." بۆ ساتێک بێدەنگ بـوو، بێدەنگییەک کە بێشک بە هۆی بێزارییەوە بوو. پاشان بە قێزەوە ئاوڕی لە **ماوسی** دایەوە: "باسی گەنجینە و بەخشیشـمان کـرد، دەتوانیت شتێکی زیاتر ببەخشیت. زیاد لە هەر میوانێکی تر کاتم بە تۆ بەخشی."

**ماوسی** چاوەڕێی ئەمەی نەکردبوو. بەڵام نەیتوانی بڵێت نا. پارەیەکی وردەی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بە پیـاوە پیـرەکە، ئەویـش بە تـووڕەییەوە تەماشـای کـرد: "هەر ئەوە؟ دوای ئەو هەمـوو زانیـاری و ئەو هەمـوو ئامۆژگارییە؟"

**ماوسـی** بـۆی ڕوون کـردەوە کە هەژارە و گەشـتەکەی زۆر دژوار بووە و دەبوو دەست بە پارەکەیەوە بگرێت. "**هەمـان چیرۆکـی کـۆن**،" پیـاوەکە بە بێـزارییەوە گـوتی، "**پارە کەمە، قەیرانە، جەنگە. . . لە کۆتاییدا ئەوەی کەمـی**

دەست دەکەوێت هەر منم. بەڵام شایەنی ئەوەم. شایەنی ئەوەم چونکە گەمژەم. هەرگیز نەمدەویست بخوێنم، پێم باشتر بوو ببمە خزمەتکاری ئەم پەرستگایە. دەزانی بۆ؟ چونکە هەمیشە حەزم لەم شوێنە بووە، هەمیشە حەزم لێ بووە چیرۆک لە بارەی **گۆڵەم**ـەوە بگێڕمەوە. ئەوەش پارەی زۆری تێدا نییە. ئەوانەی دێن بۆ ئێرە گوێ دەگرن و هەر گوێ دەگرن، کاتێکیش دێتە سەر پارەدان، ئەوەی دەستم دەکەوێت تەنیا بیانووە. تۆ هیچت لە بارەی پیاوێکەوە بیستووە بە ناوی **فرۆید**؟"

**ماوسی** نەیدەزانی **فرۆید** کێ بوو.

"ئەو پیاوە گوێ لە چیرۆک دەگرێت و چیرۆک دەگێڕێتەوە. وەک من. بەڵام ئەو پارە وەردەگرێت، زۆریش. ڕاستە، ئەو پزیشکە و منیش هەرگیز نەمخوێندووە. بەڵام ئەگەر دەمزانی چۆن بازرگانی بکەم، منیش دەوڵەمەند دەبووم. پێت وا نییە؟"

"نەخێر، پێم وا نییە." **ماوسی** لە پڕ هەستی بە بێزاری کرد. "پارەش هێندە بە گرنگ نازانم." هەر کە دەستی بە قسەکردن کرد، ئیتر بەردەوام بوو. وتارێکی دا کە بۆ کۆبوونەوەی سیاسی باش بوو: تێنەدەگەیشت خەڵکی چۆن تەماعێکی وەهایان هەبوو لە جیهانێکدا کە پڕ بوو لە نایەکسانی، جیهانێک کە تێیدا خۆری دەوڵەمەندەکان

بەرەو ئاوابوون دەچوو. پێش ئەوەی درکی پێ بکات، کات زۆر درەنگ بوو.
پیاوە پیرەکە بە سەرسوڕمانەوە برۆی بەرز کردەوە و تەماشای کرد: "هەستێکم هەبوو کە تۆش یەکێک بیت لەو شۆڕشگێڕە شێتانەی ئەم سەردەمە. وەک **گاڤریلۆ پرینسیپ**،[١٠] کە شازادەی جێنشینی کوشت و ئەم جەنگە ماڵوێرانکەرەی هەڵگیرساند. تەنیا یەک شت هەیە کە لێی تێناگەم: لەم پەرستگایەدا بە دوای چیدا دەگەڕێت؟ ئێرە شێتخانە نییە. باشتر وایە بڕۆیت."
**ماوسی**، کە هاتەوە سەر خۆی، زانی چەند گەمژانە جووڵاوەتەوە. بۆچی شەڕ لەگەڵ پیرەمێردێکی بێزیاندا بکات کە ڕەنگە بتوانێت، بە هەر شێوەیەک بێت، یارمەتییشی بدات، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ڕووکەشیش بێت؟ بە زۆرلەخۆکردنەوە خەندەیەکی کرد و داوای لێبووردنی کرد: گەشتێکی دووروودرێژی کردبوو، هێشتا ماندوو بوو و ئەوەیش بێزاری کردبوو. داوای بەخشینی کرد.
خزمەتکارەکە گوتی "دەتوانم بتبەخشم و لە بیری بکەم، ئەوە هیچی تێ ناچێت. بەڵام ئەگەر ئامۆژگارییەکت

---

[١٠] ئەو سەربازە ڕەتکراوە سربییەی کە بە کوشتنی شازادەی جێنشینی نەمسا بووە مایەی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم.

دەوێت، دەمی خۆت بگرە. هێندە چەنەبازی مەکە. خۆت لە مشتومڕ بەدوور بگرە."

ماوسی ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت. لەسەر شەقامەکە پرسیاری شوێنی شەقامی کیمیاگەرانی لە پیرەژنێکی جوو کرد. ژنەیش، خۆشحاڵ لەوەی گوێی لە کەسێک بوو بە زمانی ییدی بدوێت ("ئەم جووانەی پڕاگ زمانی خۆمانیان بیر چووەتەوە")، یاوەری ماوسیی کرد بۆ ئەوێ.

شەقامێکی نامۆ، ئەوە کەمترین شت بوو بیڵێیت. ڕاڕەوێکی تەسک بە درێژاییی شورای پێشووی شارە کۆنەکە، کە دیوی پشتەوەی ڕیزێک خانووی پێک دەهێنا کە دووکەڵکێشیان بەسەرەوە بوو. "خانوو" کەمێک زێدەڕۆییە کە بەو نیشتەنییە بچووکانە بگوترێت. نیگارۆکی ڕاستەقینە بوون. دەرگاکان کەمتر لە دوو مەتر بەرز بوون، هەموو شوێنەکەیش نەدەگەیشتە بیستوپێنج مەتری چوارگۆشە. بەردەوام لە خۆی دەپرسی، مرۆڤ چۆن دەتوانێت لێرەدا بژی؟ لە گوند، خانووەکەی خۆیان بچووک بوو، بەڵام بچووکیی ئەمانە ئاسایی نەبوو. ئەم کافکایە دەبوو بەڕاستی کەسێکی نامۆ بێت.

لە کام یەک لەو خانووانەدا دەژیا؟ نەیدەزانی، بڕیاری دا بە لێدانی دەرگای ماڵێک دەست پێ بکات. پیاوێکی

قەڵەو بە چاویلکەیەکی ئەستوورەوە دەرگاکەی کردەوە و بە ڕەقــی لێــی پرســـی چـــی دەوێـــت. "تــۆ **فرانــز کافکایت**؟"**ماوسی** پرسیاری کرد. پیاوەکە پێکەنینێکی لەخۆباییبیانەی کرد.

"مــن، **فرانــز کافکــا**؟ شــتی وا لە خەیاڵــت دەرکە. مــن نووســـەرێکی مەزنـــم. **کافکـــا** تەنیـــا نووســـەرێکی سەرلێشێواوە، کابرایەکە خۆی لێ ون بووە. نەخێر، مـن **فرانز کافکا** نیم. مـاڵەکەی لە پەنامـانەوەیە-ژمـارە ٢٢." پاش کەمێک وەستان گوتی: "بەڵام لە مـاڵەوە نایبینیت. ئێستا لە ئیشە. دەزانیت ئەو ئیشـی هەیە؟ وەزیفەیەکـی ڕۆتینی. دەزانی بۆ؟ چونکە ناتوانێت لە ڕێگەی ئەدەبەوە خۆی بژیێنێت. بێگومـان ناتوانێت: کەس تـێ ناگـات لەو شتانەی دەیاننووسێت. یەکێـک لە کارەکـانی—وا بـزانم ناوی "مەسخ"ـە—دەربـارەی پیـاوێکە دەبێتە قـالۆنچە. لە ژیانتدا شتی لەوە سەیرتر و نـامۆترت بیسـتووە؟ ئەگەر ئەوە چیرۆکی منداڵان بـوایە، هێشـتا هیـی ئەوە بوو لێـی تـــێ بگەیـــت، بەڵام نەخێـــر، ئەو بـــۆ گەورەکـــان دەنووسێت—شتی لێڵ و شـێواو—هەرچەندە تۆ داوای ئەوەت لـێ نەکـردووم، بەڵام وەک نووسـەرێک ناچـارم خەڵکی ئاگـادار بکەمەوە: وریـای **کافکـا** بە. **کافکـا** ئەوە نییە کە بیری لێ دەکەیتەوە."

**ماوسی** بە حەپەسان و واقوڕمانەوە گوێی دەگرت. ئەمە ئەو وێنەیەی **کافکا** نەبوو کە چاوەڕێی بوو. بیری کردەوە کە شۆڕشگێڕ دەکرێت و تەنانەت پێویستیشە نووسەر بێت—بەڵام نووسینەکانی دەبێت کاریگەر بن و توانای جووڵاندنی جەماوەری هەبێت بۆ شۆڕشکردن. ئێستایش، پیاوێک ببێتە قالۆنچە، ئەوە مانای چی؟ بڵێی **فرانز کافکا** هەر بەڕاستی ئەو کەسە بێت کە ئەم سۆراخی دەکات؟ سەرەڕای گومانەکانی بڕیاری دا کە لانیکەم هەوڵ بدات پەیوەندیی پێوە بکات. بەڵام نەدەکرا هەتا شەو چاوەڕوان بێت.

"دەزانی لە کوێ کار دەکات؟"

پیاوەکە بە نیگایەکی بریندارەوە تەماشای کرد. "دەبینم ئامۆژگارییەکەم هیچ سوودی نەبوو. هەر **فرانز کافکا** بۆ تۆ باشە. دەمویست بانگت بکەمە ژوورەوە و باسی نووسینەکانی خۆمت بۆ بکەم و یەکێک لە کتێبەکانیشمت بە دیاری پێ بدەم، کتێبێک کە نووسیومە هەرچیم هەبووە خستوومەتە سەری تا بڵاوم کردووەتەوە. بەڵام نەخێر، تۆ **کافکات** دەوێت، **کافکا**، **کافکا**." دانی بە خۆیدا گرت و هەوڵی دا زەردەخەنەیەک بکات. "باشە، ناونیشانەکەیت پێ دەدەم—بەڵام دواتر نەڵێیت ئاگاداری نەکردمەوە."

**فرانز کافکا** لە پەیمانگای بیمەی برینداریی کرێکاران کاری دەکرد. **ماوسی** بە پەلە ڕۆیشت بۆ ئەوێ. پەیمانگاکە لە باڵەخانەیەکی گەورەدا بوو کە ڕووی پێشەوەی بە شێوازی کلاسیکیی نوێ نەخشێنرابوو. دیسانەوە **ماوسی** بە هۆی ئەم شوێنەوە سەری لێ شێوا. ڕاستە چاوەڕێی ئەوە لە شۆڕشگێڕێک دەکرێت پەیوەندیی لەگەڵ کرێکاراندا هەبێت—بەڵام نەک لە ڕێی پەیمانگایەکی لەم چەشنەوە، کە ئاشکرا دیار بوو تەنیا نوێنەرایەتیی مافێکی نامۆکەری لە لایەن بۆرژوازییەکانەوە بۆ کرێکاران دەکرد. بەڵام ڕەنگە **کافکا** تەنیا بۆ شوێنگۆمکێ لێرە کار بکات. ڕەنگە ڕۆڵی ئەو، ڕێکوڕەوان، پەیوەندیکردن بێت بە کرێکارە بریندارەکانەوە بۆ ئەوەی توانای شۆڕشگێڕانەیان بزانێت و بیانهێنێتە ناو حیزبەوە. ڕەنگە پیاوێک بە یەک باڵەوە بۆ کارکردن لە کارگەدا بێسوود بێت، بەڵام هیچ شتێک ڕێگریی لێ ناکات لە بەکارهێنانی ئەو دەستەیدا کە ماوەتەوە (تەنانەت ئەگەر دەستی چەپیشی بێت) بۆ بەردهاویشتن—یان تەنانەت بۆ نارنجۆکهەڵدانیش.

بێگومان ئەمانە تەنیا خەیاڵ بوون. بەڵام هەرچی زووە کۆتاییان دەهات. لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا بۆی دەردەکەوت ئاخۆ **کافکا** هەڵگری ئەو دەقە بوو کە بۆی دەگەڕا، یان نا. ئەگەر ئەو بوایە، هیچ شتێکی تر—ئەو

شـوێنەی تێیـدا دەژیـا و کـاری دەکـرد، ئەو ئەدەبەی بەرهەمی هێنابوو—هەموو دەبن بە شتی بێبایەخ.

چـووە نـاو باڵەخـانەکەوە و بەرەو بەشـی پێشـوازی ڕۆیشـت. بەو ژنەی کە لەوێ دانیشـتبوو گـوت: "من بۆ **فرانز کافکا** دەگەڕێم."

ژنەکە لەسـەر چـاویلکەکەیەوە بە لەخۆبـاییبوونەوە چاوێکی پێدا گێڕا. "مەبەستت دوکتۆر **کافکایە؟**"

"ها؟" **ماوسی** تێنەگەیشت.

"دوکتـۆر" ژنەکە دووبـارەی کـردەوە، "دوکتـۆر. ئەو پارێزەرە، تێدەگەیت؟ پارێزەرەکانیش بە 'دوکتۆر' بانگ دەکرێن." سەرێکی بادا. "ئێوە هەرگیز فێر نابن، هەرگیز. نووسـینگەکەی دوکتـۆر **کافکـا** لە نهـۆمی پێـنجەمە. دیدارتان هەیە؟"

نەخێر، بێگومان ماوسی دیداری نەبوو. سکێرتێرەکە بە هەوای سـەرکەوتنەوە گوتی، "باشـە، کەواتە پێم وا نییە بتوانێت بتبینێت. بەبێ دیدار ڕێی تێ ناچێت."

ئەوە دواهەمـین ئومێـد بـوو. **ماوسـی** دەسـتی کـرد بە گریـان. هەوڵـی دا هەنسـکەکانی کـۆنترۆڵ بکـات بەڵام نەیتوانی: فرمێسک بە ڕوومەتەکانیدا جۆگەلەی بەست. ژنەکە بێ ئەوەی سەرسام بێت تەماشای دەکرد—دیار بـوو بە دیمەنـی لەوجـۆرە ڕاهـاتبوو. بەڵام ئەمجـارە شـتێک وای لـێ کـرد بەزەیـی بجووڵێـت: "گـوێ بگـرە،

ناتوانم ڕێگەت بدەم بڕۆیتە سەرەوە، بەڵام ژمارەکەیت پێ دەدەم، ئەگەر بەڕاستی کارێکی بە پەلە بێت، وەک خۆت دەڵێیت، ڕەنگە بە تەلەفۆن چارەسەر بکرێت."
پارچەکاخەزێکی دەرهێنا و دەستوبرد ژمارەیەکی لەسەر نووسی و دایە **ماوسی**. "فەرموو. بەڵام بە کەس مەڵێ. ئێمە بۆمان نییە زانیاریی لەو چەشنە بدەین. من تەنیا ئەوەم کرد چونکە—"
چونکە؟ چونکە کەسێکی ئایدیاڵیستیی لەودا بینی بوو، پاڵەوانی جیهانێکی باشتری لەودا بینیبوو؟ مەحاڵ بوو ئەو نهێنییە بزانێت. **ماوسی** لە دڵەوە سوپاسی کرد و ڕۆیشت.
بیری لەوە کردەوە بگەڕێتەوە بۆ هوتێلەکە و تەلەفۆن بکات، بەڵام بڕیاری گۆڕی. دەیتوانی تەنیا لای فەرمانبەری بەشی پێشوازییەوە تەلەفۆن بکات، لەژێر نیگای چاودێریکەری پیاوە کەچەڵە نەگریسەکەدا، سیناریۆیەکی لەو چەشنەیش گەمژانە بوو. باشتر وا بوو لە نزیک ئەو شوێنەی ئێستای تەلەفۆنێک بدۆزێتەوە. گەڕایەوە و لەسەر سووچەکە دەرمانخانەیەکی بینی و داوای لێ کرد تەلەفۆنەکەی بەکار بهێنێت—ئەمەیش کێشەیەکی تری بەدوادا هات.
**ماوسی** نەیدەزانی چۆن ژمارە لێ بدات. هەرگیز لە ژیانیدا تەلەفۆنی بەکار نەهێنابوو—یەک تەلەفۆنیش لە

گوندەکەیاندا نەبوو. وای دانابوو زۆر سەخت نەبێت، بەڵام نەیدەزانی چۆن دەست پێ بکات. بۆیە بڕیاری دا داوای ڕێنمایی لە خاوەنی دەرمانخانەکە بکات—پیاوێک بە جلی ڕەسمی و بە چاویلکە و سەکسووکەوە. پیاوەکە سەری سووڕ ما، بەڵام بە لایەوە ئاسایی بوو چۆنێتیی کارکردنی بە **ماوسی** بڵێت. وەک خۆئامادەکردن، بۆ ئەوەی لە کاتی قسەکردندا نەشڵەژێ، لەسەر پارچەکاخەزێک ئەو وشانەی نووسی کە دەبوو بیڵێت، وشە نهێنییەکە. کە خۆی بەوە پڕچەک کرد، ژمارەکەی لێ دا و پەیوەندییەکەی وەرگیرا:

"**فرانز کافکا**یە، فەرمووو." دەنگێکی بێڕەنگ لەوسەرەوە وەڵامی دایەوە.

**ماوسی** کەوتە ژێر کاریگەرییەکی هێندە مەزنەوە کە کاخەزەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە. هەڵی گرتەوە، بەڵام دەستی بە شێوەیەک دەلەرزی کە نەیتوانی بیخوێنێتەوە. دواجار توانی بە چرپەوە بڵێ: "منیان ناردووە بۆ دەقەکە."

"ببوورە؟" وا دیار بوو **کافکا** باش نەیبیستبێت.

"منیان ناردووە بۆ دەقەکە." **ماوسی** دووبارەی کردەوە، دڵی بە خێرایی لێی دەدا.

"دەقەکە. تێگەیشتم." کەمێک وەستا. "ناوت چی بوو؟"

"**یۆسی**."

"**پۆسی**. له کوێی، **پۆسی**؟"
"له هوتێل تێرمینوس. دەزانیت له کوێیه؟"
"بەڵێ، دەزانم له کوێیه. سبەینێ دەیگەیەنم."

**ماوسی** تەلەفۆنەکەی داخست، بەو گفتوگۆ کورت بەڵام گرنگە، کە تازە ئەنجامی دابوو، گەشایەوە. هەموو گومانەکانی ڕەوی بوونەوە: **کافکا** ئەو کەسە بوو. پیرۆزبایی لە خۆی کرد بۆ هۆشیارییەکەی. تەنیا هەڵەی ونکردنی جانتاکەی بوو کە زەرفەکەی تێدا بوو، بەڵام توانی قەرەبووی ئەوە بکاتەوە. ئێستا متمانەی هەبوو کە ئەرکەکە جێبەجێ دەکات، هەرچی بێت. گەڕایەوە بۆ هوتێلەکە—پیاوەکە لەوێ بوو و بە تاکەچاوە گاڵتەجارەکەی لە **ماوسی** ورد بووەوە. "کەواتە، میوانەکەمان هاتەوە، لە پیاسە کورتەکەی گەڕایەوە. ئەوەی لە پڕاگ بینیت، بە دڵت بوو؟"
پرسیارەکە تەواو بێمەبەست دیار بوو—بەڵام دەکرێت تەڵە بێت؟ ئەو پیاوە کەسێکی ڕازئامیز بوو، هەتا سەلمێنەری پێچەوانەی ئەوەیشی دەست دەکەوت، کەسێکی مەترسیدار بوو. **ماوسی** بڕیاری دا شتەکانی بۆ ئاسان نەکات. بە ڕێزەوە وەڵامی دایەوە و پاشان ڕۆیشتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی. لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بەرەو هوتێلەکە نان و گۆشتی خۆشکراوی بەرازی

کڕیبوو. ئەگەر باوکی دەیزانی کوڕەکەی بە گۆشتی بەراز خۆی تێر دەکات، کە لای باوەڕدارە جووەکان حەرام بوو، لە شەرمان دەمرد، بەڵام ئەوە تەنیا چێژی خواردنەکەی زیاتر دەکرد. کاتێک تێر بوو، لێی ڕاکشا. کاتژمێر پێنج بوو و شەو داهاتبوو: شەوێکی تاریک بوو و بەفر دەباری. هەرچەندە **ماوسی** زۆر شەکەت بوو، بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت. چاوەڕوانیی ڕۆژی دواتر و ئەو دەقەی کە وەری دەگرت بەخەبەر هێشتبوویەوە. خۆزگە دەیتوانی شتێک بخوێنێتەوە—بەڵام *مانیفێستۆکەی* ون کردبوو کە بەو دواییانە تەنیا کەرەستەی خوێندنەوەی بوو: "تارماییەک بەسەر ئەورووپادا دەکشێت،" لەژێر لێوەوە گوتی، "تارمایی کۆمۆنیزم." بەڵێ سەرەتاکەی لەبەر کردبوو، هەروەها بەشەکانی تریشی، بەڵام بیری کتێبەکەی دەکرد، کە هەمیشە پێش خەوتن دەیخوێندەوە. بە خەیاڵیدا هات کە شتێکی **فرانز کافکا** بخوێنێتەوە، تەنیا وەک هاوهەڵوێستییەک. بەڵام پیاوێک ببێتە قالۆنچە. . . نەخێر زۆر دڵنیا نەبوو کە ئارەزووی لێ بێت. کاتێکیش ئەم بیرۆکانەی شەنوکەو دەکرد، خەوی لێ کەوت.

بە ڕاچڵەکین لە خەو هەستا: کاتژمێر هەشت بوو. چۆن توانیبووی هێندە زۆر بخەوێت؟ بە پەلە جلەکانی لەبەر

کرد و ڕۆیشتە خوارەوە بۆ بەشی پێشوازی. پیاوەکە لەوێ بـــوو و ڕۆژنـــامەی دەخوێنـــدەوە. **ماوســـی** بە دوودڵییەوە پرسیاری لێ کرد ئاخۆ هیچ شتێکی بۆ هاتووە.

"نەخێر،" پیاوەکە بە وشکی وەڵامی دایەوە، بەبێ ئەوەی چـاو لەســەر ڕۆژنــامەکە هەڵبگرێــت. کەواتە، جـگە لە چاوەڕوانی هیچ شتێک نەبوو بیکات. **ماوسی** بڕیاری دا بـڕواتە دەرەوە و شــتێک بخــوات، ڕەنــگە ئەو ڕۆژەی کـاری ســەختی تێـدا بێـت، باشــتر وا بــوو بە سـکی برسییەوە دەست پێ نەکـات. بۆیە ڕۆیشـتە دەرەوە و کافێیەکی هەرزانبەهای دۆزییەوە و داوای بەرچاییەکی تەواوی کرد. بڕێکی زۆر شیر و قاوە، بڕێکی زۆر نان و کەرە. کە تێــری خــوارد، گەڕایەوە بــۆ هــوتێلەکە. ئەمجارەیان، بەڵێ فەرمانبەرەکە شتێکی پێ بوو بۆی.

"کەمێک لەمەوپێش کەسێک ئەمەی بۆ تۆ جێ هێشت."

**ماوســی** هەســتێکی نـامۆی لا دروســت بــوو کاتێـک زەرفەکەی وەرگــرت کە بە خەتێکــی خــۆش نــاوی "**یۆســـێ**"ـــی لەســـەر نووســـرابوو. ئەو دەقەی کە چاوەڕوانی بوو لەناو زەرفەکەدا بوو. یان باشتر بڵێین: داهـاتوو و چارەنووسی لەنـاو زەرفەکەدا بـوو. جارێکی تـر هەوڵـی دا هەســتە ڕاسـتەقینەکانی بشـارێتەوە. بە کەمبـایەخی و تەنـانەت بە بێزارییشــەوە بە پیـاوەکەی

گوت کە دەڕوات بۆ ژوورەکەی. بە پلیکانەکەدا ڕۆیشتە سەرەوە، بەڵام نیگەرانییەکەی ڕێگەی نەدا کلیلەکە بخاتە کونی دەرگاکەوە. لە کۆتاییدا دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە، دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە کلیل دا و لەسەر جێخەوەکە دانیشت. زەرفەکەی پشکنی. زەرفەکە داخرابوو، بەڵام هێندە بە سووکی داخرابوو کە دەیتوانی بە ئاسانی بیکاتەوە. تەنیا پارچەکاخەزێکی تێدا بوو، چەند دێڕێکی چاپکراو بە زمانی ئەڵمانی لەسەر بوو، لە خوارەوەیش، واژۆی **فرانز کافکا:**

Leparden im Tempel
Leoparden brechen in den Tempel ein und saufen die Opferkrüge leer; das wiederholt sich immer wieder; schliesslich kann man es vorausberechnen, und es wird ein Teil der Zeremonie.

**ماوسی** دە جار لەسەر یەک دەقەکەی خوێندەوە. لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکیشدا بێئومێدییەکەی گەورەتر دەبوو. سەرەتا نەیدەتوانی لە هەموو وشەکان تێ بگات. ئەڵمانییەکەی هێندە باش نەبوو. تەنیا شتێکی ڕوون

ناونیشانەکەی بوو: **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە.**[11] لە بەشەکانی تر ڕوونتر بوو، بەڵام کەمتر ئاڵۆز نەبوو.

چی پێ دەکرا؟ مەحاڵ بوو نهێنییەکەی بدۆزێتەوە بەبێ ئەو پارچەکاخەزەی ونی کردبوو، کە دەبووە کلیلی ئاشکراکردنی ئەو پەیامەی لێرەدا شاردرابووەوە، چونکە ئەو پارچەکاخەزە چەند وشەیەکی لەمە هەڵدەبژارد و چەند وشەیەکی تری بۆ زیاد دەکرد. کارەکەی بەرەو شکست دەچوو. هەموویشی بە هۆی ناشایستەییی گەمژانەی خۆیەوە بوو. لە ئاوێنە شکاوەکەدا لە خۆی ورد بووەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. ئارام ببەرەوە، بە خۆی گوت، هەوڵ بدە ئارام بیت، هەوڵ بدە بیر بکەیتەوە. بڕیاری دا هەنگاو بە هەنگاو ڕووبەڕووی کێشەکە ببێتەوە. بەڵام یەکەم هەنگاو چی بوو؟ دەبوو لەو شتە تێ بگات کە لەو کاخەزەدا بە ئەڵمانی نووسراوە. ڕەنگە دواتر بتوانێت ئەو وشانە ئاشکرا بکات کە بەرەو ئامانجەکەی دەبەن. ئەڵمانییەکەی هێندە باش نەبوو لە دەقێک تێ بگات کە پێی وا بوو دەقێکی ئەدەبییە. پێویست بوو وەربگێڕدرێت بۆ زمانی ڕووسی، یان لەوەیش باشتر،

[11] لە ناونیشانی کتێبەکەدا وشەی (Leopard) هاتووە، کە یەکێکە لە جۆرەکانی پڵینگ، لە زمانی کوردیدا وشەکانی (بەور) و (وێز)مان هەیە کە هیچ یەکێکیان بە مانای leopard نایەن، بۆیە بە باشمان زانی وشە گشتییەکە، **پڵینگ**، دابنێین.

بـۆ بیـدی. بەڵام کـێ ئەوە دەکـات؟ بێگومـان پیـاوە پیـرەکەی پەرسـتگاکە! مەگەر ئەو یـارمەتیی پێشـکەش نەکرد؟ ڕەنگە وەرگێڕانەکە هەندێک پارەی تێ بچێت، بەڵام شـایەنی بـوو. بڕیـاری دا دەسـتبەجێ بڕوات بۆ پەرستگاکە. بەڵام پێش ئەوەی بڕوات، دەقەکەی لەسەر کـاخەزێکی تـر نووسـی. نەیـدەتوانی دەقە ئەسـڵییەکە پیشـانی هـیچ کەسـێکی تـر بـدات، لەبەر یەک هۆکـار: واژۆی **کافکـای** لەسـەر بـوو. کـارێکی هەڵەشـانە بـوو، مەگەر تەنیا هۆکار بەخۆوەنازینی نووسـەرەکە بووبێت. وا دیار بوو دوکتۆر **فرانز**—کە وەک **ماوسی** تازەکار بوو—پێویست بوو یەک-دوو شت لە بارەی خـاکێتیی شۆڕشگێڕانەوە فێر ببێت.
کاتێک **ماوسی** گەیشتە **ئاڵتنوشوڵ**، پیاوە پیرەکە لەگەڵ کۆمەڵێـک گەشـتیاری ئەمەریکـی لە داڵانەکەدا بـوون. چیرۆکـی **گـۆلەم**ـی بە ئینگلیـزی بـۆ دەگێـڕانەوە، بە وردەکـاری و چوسـتیوچالاکییەکەوە کە گرانپۆشـیی میوانەکان هۆکارەکەی ڕوون دەکردەوە. پیـاوە پیـرەکە قسـەکانی تەواو کـرد و سـوپاس و بەخشیشـی بەخشندانەی لە میوانەکان کۆ کردەوە، تەنیا دوای ئەوە ئـاوڕی لە **ماوسـی** دایەوە. بە گاڵتەجـاڕییەوە پرسـی، "دیسانەوە تۆ؟ شەرەفی چیم پێ دەبەخشیت؟"

"دەمەوێت داوایەکت لێ بکەم. دەمەوێت شتێکم بۆ وەربگێڕیتە سەر ییدی."
"من وەرگێڕ نیم،" پیاوە پیرەکە گوتی.
"دەزانم. بەڵام تۆ بە زۆر زمان قسە دەکەیت. . . . هەر ئێستا بینیم چیرۆکی **گۆڵەم**ت بە ئینگلیزی دەگێڕایەوە. . . . "
"باشە،" پیاوە پیرەکە ئاهێکی هەڵکێشا، "بەو مەرجەی زۆر دوورودرێژ نەبێت."
"بە هیچ جۆرێک دوورودرێژ نییە." **ماوسی** کاخەزەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە پیاوە پیرەکە. "تەنیا ئەم چەند دێڕەیە." پیاوەکە دەقەکەی خوێندەوە و جارێکی تریش خوێندییەوە.
بە سەرسەڕمانەوە گوتی، "ئەم شتە زۆر نامۆیە. ئەمە چییە؟ گەمەیە، مەتەڵە؟"
"ڕێک وایە، مەتەڵە،" **ماوسی** گوتی، "مەتەڵە و پارەشم لەسەر داناوە. گرەوم لەگەڵ پیاوێکدا کردووە کە لە هوتێلەکە دەمێنێتەوە. بە قسەی ئەو تا ئێستا کەس لە وەڵامی ئەم مەتەڵە نزیک نەبووەتەوە. من تەحەداکەم قبووڵ کردووە و ئامادەم نهێنیی ئەم شتە شی بکەمەوە. خۆت دەزانیت: ئێمەی جوو حەزمان لە گەمەی وشەیە."
پیاوە پیرەکە پێکەنی: "زۆر ڕاستە. یارمەتیت دەدەم، بەڵام بە مەرجێک: ئەگەر گرەوەکەت بردەوە، بەشی

خۆم دەوێت." پوختەی چیرۆکەکەی بە بیدی گێڕایەوە. **ماوسی** ئەوەی زانی کە پڵینگەکان چوونەتە ناو پەرستگاکەوە و هەرچی لە جامە پیرۆزەکاندا بووە تا دوادڵۆپ خواردوویانەتەوە؛ ئەم کارەیش هێندە دووبارە بووەتەوە کە لە کۆتاییدا هەموو کەس بە ڕووداوەکەی دەزانی، دواجاریش دیمەنەکە بووەتە بەشێک لە سرووتەکە. "کەواتە؟" پیاوە پیرەکە پرسی، "دەزانی مەبەستی چییە؟"

**ماوسی** گوتی، "نەخێر، نازانم. تۆ دەزانیێت؟"

"من؟ جا من چیم تا بزانم؟ ئەگەر وەک حاخام **یودا لۆفی** شتێکم دەربارەی **کابالا** بزانیبا، ڕەنگە بمتوانیبا یارمەتیت بدەم: کابالییەکان مامۆستای لێکدانەوەی مانای شتی ڕازئامێزن. بەڵام وا نیم، من تەنیا شامەسێکم. ئەگەر بکرێت ئەمە بە خۆم بڵێم، من پیاوێکی تێگەیشتووم، زمانزانێکی باشم. بەڵام سنووری خۆم دەزانم. دەبێت بە دوای کەسێکدا بگەڕێیت توانای لێکدانەوەی ئەم نووسینانەی هەبێت."

"کێ؟"

"نازانم،" پیاوە پیرەکە گوتی، پاشان بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز بەردەوام بوو، "ڕەنگە **فرۆید** بتوانێت شتێکت پێ بڵێت. ئەو خەون لێک دەداتەوە، ڕەنگە بتوانێت ئەم شتەش لێک بداتەوە کە لە پوختەی مۆتەکەیەک دەچێت."

کەمێک پێکەنی. "بەڵام **فرۆید** زۆر دوور لێرە دەژی، لە ڤیێنا. . . . هەر بەڕاستی نازانم کێ دەتوانێت یارمەتیت بدات."

"باشــە،" **ماوســی** ئــاهێکی هەڵکێشــا، "بەهەرحــاڵ، سوپاسگوزاری یارمەتییەکانتم." هەندێک پارەی دا بە پیاوەکە، بەڵام ئەو وەری نەگرت. "نەخێر، هیچم قەرزار نیت. تەنیا ویستم یارمەتیت بدەم." **ماوسی** بە سوپاسگوزارییەوەماڵئاوایی کرد.

پیاوەکە گوتی، "جارجار سەر بدە، بەڵام ئەم مەتەڵانەم بۆ مەهێنە."

**ماوسی** گەڕایەوە بۆ هوتێلەکە. پیاوەکە لە پشت مێزی پێشوازییەوە تەماشــایەکی گاڵتەجــاڕانەی کــرد: "لە پیاوێکی شپرزە دەچیت. وا دیارە لە چارەسەرکردنی کێشــەکانتدا ســەرکەوتوو نیــت." ڕووخســاری گــرژ کردەوە، "لە بیرت بێت، ڕۆژەکانت کەم دەبنەوە. کاتیش تێدەپەڕێت."

**ماوســی** بە پلیکــانەکەدا ڕۆیشــتە ســەرەوە، چــووە ژوورەکەیەوە و دەرگــاکەی داخســت. بڕیــاری دا کە بێئومید نەبێت. دواجار توانیبووی چەندین ئەزموون تێبپەڕێنێت: گەیشتبووە پراگ، دەقەکەی وەرگرتبوو. بەڵام وشە نهێنییەکەی پێ نەبوو کە یارمەتیی دەدا لە

نهێنییەکە تێ بگات. بۆیە دەبوو خۆی وشە نهێنییەکە بدۆزێتەوە.

دەفتەرێک و پێنووسێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و دەقەکەی بەو شێوەیە نووسی کە شامەسەکە وەری گێڕابوو. جارێکی تر خوێندییەوە. پاشان دەقەکەی **کافکای** دەرهێنا و هێندە بەراوردی کردن هەتا دڵنیا بوو لەوەی کە وشە بە وشەی ئەوەی کە بە ئەڵمانی نووسرابوو تێگەیشتووە.

(تێگەیشتبوو؟ لەوانەیە. ئەم **کافکایە** ئاڵۆز بوو. ئەگەر بکرایە، **ماوسی** تەلەفۆنەکەی دەهێنا و دەستی دەکرد بە گلەییکردن: "من تێناگەم چیت نووسیوە، هاوڕێ **کافکا**. داوای لێبوردن دەکەم کە وا دەڵێم، بەڵام تێناگەم. ڕەنگە دەقەکەی تۆ سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت لە ئەدەبدا. جۆرێک لە ئەدەب کە لەودیو توانای زۆرینەی خوێنەرانەوە بێت. بەڵام هاوڕێ، ڕێگەم بدە بپرسم: ئایا دەکرێت ئەو شتەی لەودیو توانای زۆرینەی خوێنەرانەوەیە شۆڕشگێڕانە بێت؟ بۆ نموونە، من. من ڕۆشنبیر نیم، کەسێکی ئاساییم، جوویەکی لادێیی ئاسایی کە باوەڕی بە شۆڕش هەیە وەک ڕێگەیەک بۆ گۆڕینی ژیانی خۆی و گەلەکەی—ئایا مافی ئەوەم نییە دەقێکم پێ بدرێت کە بمدوێنێت، کە پەیامێکی پێشکەوتنخوازی پێ بێت؟ هاوڕێ، جووە لادێییە

ئاسابییەکانیش مرۆڤن، ئەوانیش پێویستیان بە کتێبە. هەندێک بە خۆتدا بچۆوە و جاری داهاتوو کە شتێکی وەک **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکەت** دەنووسیت، بیرێک لەوانیش بکەوە.")

ئەگەر جانتاکەی شانی پێ بوایە—ئێستا هەنگاوی دووەمی ئەوە دەبوو پارچەکاخەزەکەی خۆی بخاتە سەر دەقی **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە** بۆ ئەوەی دەقەکە لێک بداتەوە. کونەکانی سەر کاخەزەکە چەند وشەیەکیان لە دەقەکەی **کافکا** هەڵدەبژارد. بە خستنەسەری ئەو وشانەی کە لەگەڵ خۆی هێنابووی، پەیامە ڕاستەقینەکەیان ئاشکرا دەکرد. بەبێ ئەو کۆدە چۆن بەردەوام بێت؟

دەستپێک، دەبوو وشە سەرەکییەکان دیاری بکات. ئەو وشانەی کە دەکرا بۆ ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە مانایەکیان هەبێت. بۆ نموونە، وشەی وەک "چوونە ناو" ناکرێت سەر بەو کۆمەڵەیە بێت چونکە پێشنیاری هیچ شتێک ناکەن، ئاماژە بە هیچ ڕەوتێکی کارکردن ناکەن. چوونە ناو. . کوێ؟ چوونە ناو. . . کەی؟ چوونە ناو. . . چۆن؟ چوونە ناو. . . بۆچی؟ **ماوسی** حەزی لە وشەکە بوو و پێی وا بوو بوێرانە و شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام دەبوو ددان بەوەدا بنێت کە خۆی لە خۆیدا مانایەکی نییە. نە "دەچنە ناو"ــی ڕوولەپێش و نە "دووبارە

دەبێتەوە"ی پەرچەکرداری؛ باشتر وا بوو جەخت بخاتە سەر ناوەکان، بە ئاوەڵناوەکانەوە بێت یان بێ ئاوەڵناو. لە کۆتاییدا هەر شتێک بەرجەستە بێت، دەکرێت ناوی لێ بنرێت.

دوای بیرکردنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، هێڵی بەژێر وشەکانی **پڵینگەکان** و **پەرستگا** و **جامە پیرۆزەکان** و **سرووت**دا هێنا. با بە پڵینگەکان دەست پێ بکەین.

**ماوسی** هەرگیز پڵینگی نەبینیبوو، نە شێر و نە بەور و نە ڕەشەپڵینگ و نە هیچ کام لەو ئاژەڵە دڕندانە. لە گوند زۆر باسی گورگ دەکرا و ڕێبوارەکانیش لێیان دەترسان، بەڵام **ماوسی** تەنانەت گورگیشی نەبینیبوو. ئەزموونی لەگەڵ ئاژەڵە کێوییەکاندا سنووردار بوو لە چوارچێوەی کتێبێکی کۆن و وێنەداری منداڵاندا بە زمانی ڕووسی، بە ناونیشانی *گەشتێک بە ناو ئەفەریکادا*. وێنەیەک کە هێشتا ختووکەی یادەوەریی دەدا، چەند ئاژەڵێکی کێویی خێزانە پشیلەییەکانی پیشان دەدا، بەڵام کامیان پڵینگ بوو؟ ئەوەیان نەبوو کە قژی هەبوو: شێر قژی هەیە. ڕەشەکەیش نەبوو: ڕەشەکە ڕەشەپڵینگ بوو.

بێگومان ناسینەوەی ئاژەڵەکە گرنگ نەبوو. گرنگ ئەوە بوو بزانێت چۆن دەکرێت پڵینگ ببێتە ئامانجی کارێکی شۆڕشگێڕانە. **ماوسی** نەیدەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە

بداتەوە. ئایا بیرۆکەکە ئەوە بوو بڕوات پەلاماری پڵینگەکان بدات؟ ئەگەر وا دابنێت لە باخچەی ئاژەڵانی پراگدا پڵینگێک هەیە؟ ئەی بۆچی؟ **ترۆتسکی** چی هەبوو بەرامبەر پڵینگەکان؟

دەکرێت پڵینگ هێمای شتێک بێت. پڵینگ ئاژەڵێکی کێوییە. سەرمایەداران لە تەماعیاندا بۆ قازانج و لە چەوساندنەوەی پرۆلیتاردا دڕندەن. پێ دەچوو کوشتنی پڵینگێک لە باخچەی ئاژەڵاندا ڕێگەیەک بێت تا پیشانی سەرمایەداران بدرێت کە ڕۆژەکانیان ڕوو لە کۆتایین. **ماوسی** بیری کردەوە، بەڵام کرێکارانیش کاتی داواکردنی مافەکانیان، یان کاتی مانگرتن، دڕندەن. بە چ ڕێگەیەک دڕندەیی چینێک لە دڕندەیی چینێکی تر جیا بکرێتەوە، بە چ ڕێگەیەک دڕندەیی ڕوولەپێش لە بەرامبەرەکەی کە دڕندەیی پەرچەکردارییە جیا بکرێتەوە؟ ئایا وەڵامەکە ئەوە بوو کە دەبوو پەیامێکی ڕوونکەرەوە لای پڵینگە کوژراوەکەوە بەجێ بهێڵێت و تێیدا ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئاژەڵەکە وەک نموونەیەک بۆ دەسەڵاتداران کراوەتە قوربانی؟

ڕەنگە کۆی کارەکە پەیوەندیی بە پڵینگی ڕاستەقینەوە نەبووبێت. **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە** زۆر ڕێی تێ دەچوو ناوێکی نهێنی بێت—کەمێک نامۆ بوو، بەڵام ئایا نامۆیی جەوهەری شۆڕشگێڕبوون نییە؟—ناوی نهێنیی

شــانەیەكی ترۆتسكیســـتەكان بووبێــت لە پــڕاگ، ئەو شانەیەی كە دەبوو لە ئەنجامدانی كارەكەدا یـارمەتیی بـــدەن. دواجـــار، **كافكـــا** گوتبـــووی كە پڵینگەكـــان پەرستگایەكیان داگیر كردووە، كارێک كە بە دڵنیاییەوە شـــۆڕگێڕەكان ئەنجامیـــان دەدا: بـــۆ ئەنجامـــدانی ئەو كـارەیش دەچـوونە پـاڵ ڕەوتـی حەتمیـی مێژوو. بەڵام، ئینجـا بەشـــەكەی تـــر كەمێـــک لـــۆژیكی گێـــڕانەوەكەی شـــێواندبوو—یـــان زۆریـــش شـــێواندبووی—چـــونكە پڵینگەكـــان پەرســـتگاكەیان داگیـــر كردبـــوو نەک ئەوەی بیرووخێنن، نەک بۆ ئەوەی بازرگانانی بـاوەڕ ڕاوەدوو بنێن؛ قەشـەكان، گوتارخوێنەكـان، حاخامەكـان. نەخێر، پڵینگەكـــان دەچـــوونە ئەوێ تـــا لە جـــامە پیرۆزەكـــان بخـۆنەوە. بـۆ ئەو كـارە دەكەن؟ ئەوە تەنیـا بیـانوویەک نەبوو بۆ خواردنەوە كحول، چونكە **كافكا** لەوەدا ڕوون نەبوو چی لەناو جامەكاندا بوو. ئەی كەواتە ئەو كارە چ مانایەكی هەبـوو؟ ئایا دەكرا پڵینگەكان ئەو دڕندانە بن كە ڕاهێنرابوون بۆ بەرگریكردن لە پیاوانی ئایینی و لە چینـــی دەســـەڵاتدار؟ ئەی ئەگەر وا بێـــت، ئەو كـــاتە ناوەنهێنییەكە نەدەبووە هێمای میلیشیایەكی ڕاستڕەو؟

لە لایەكی ترەوە، وا دابنێ كە پڵینگەكان ئاماژە بوون بۆ شۆڕشـگێڕەكان، ئەو كـاتە لایەنێكـی مەتەڵئاسـای تـری دەبوو: دواهەمین بڕگەی دەقەكە. هێرشی پڵینگەكان لای

**کافکا** بووبووە ڕووداوێکی پێشبینیکراو. باشە، دەکرا کاری شۆڕشگێڕانە پێشبینیکراو بێت؟ ئایا جەوهەری شۆڕش ڕێکوڕوون پێشبینینەکراوی و کتوپڕییەکەی نییە، ئەو دەمەی قەڵاکانی دەسەڵات بە گەردەلوولێک ڕادەماڵێت؟ ئایا پڵینگەکانیش، وەک **کافکا** لە نووسینگەکەیدا، کاری ڕۆتینییان دەکرد—با وا دابنێین—؟هێرشەکان، هەر کە بوون بە شتێکی پێشبینیکراو، دەبن بە بەشێک لە سرووتەکە. ئایا ئەوە مانای کۆکبوون و گونجان بوو لەگەڵ بەها بۆرژوازییەکاندا؟ یان، لە دیدی **کافکاوە**، ئایا ئاژەڵەکان لە حکوومەتێکی هاوپەیمانیدا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست؟ بەڵام هاوپەیمانی. . . ئێ ئێ. . . هاوپەیمانی. . . بەڵام کەمترین شت بگوترێت، هاوپەیمانی بیرۆکەیەکی مەترسیدار بوو. **یۆسی** هەمیشە دەیگوت حکوومەتی هاوپەیمانی تەنیا ئەو کاتە گونجاوە کە حیزبی شۆڕشگێڕ بە پرەنسیپەکانی خۆیەوە پەیوەست بێت، بەڵام تەنانەت لەو کاتەیشدا، تەنیا بە شێوەیەکی کاتی و لە پێناو بۆڕدانی دوژمنە بەهێزەکانیدا. پاش بەزاندنیان، دەبێت شۆڕشگێڕەکان خۆیان لەو هاوسەفەرانە ڕزگار بکەن و تەنانەت بیانخەنە سەر بەلەمی یاخیبووان[١٢]—

[١٢] ئەو بەلەمە بچووکەی کە لە نەریتی چەتە دەریاییەکاندا کەسی یاخیبووی دەخرێتە سەر و دەنێردرێتە دەریاوە وەک سزای مەرگ.

بە مانایەکی مەجازی—یان تەنانەت هێندەیش مەجازی نا.
دواجاریش، کەمترین شت بیلێیت ئەوەیە کە ئەم پڵینگانە ئـاژەڵی سـەربەگۆبەنگن. چـۆن بگەیـتە دەرەنجامێـک لە بارەیـانەوە؟ **ماوسی** پەنـای بردە بەر تـاقیکردنەوەیەکی خەیاڵی، بییـانهێنێتە بەردەم دادگـای گەل—دادگـایەک کە خـۆی تێیـدا دەبـووە دادوەر و داواکـاری گشـتی و بەرگریکار. ئەرگومێنت و دژەئەرگومێنت لە مشتومڕێکی ڕاسـتەقینەدا بەدوای یەکدا دەهـاتن. لە پـڕ ڕاسـتییەکە ئاشکرا بوو و ئەو، وەکو دادوەر، حوکمەکەی ڕاگەیاند: دەقەکەی **کافکا** پڵینگەکـانی وەک پۆلێـک دڕنـدەی تەواو شـەڕانگێز ناسـاندووە کە توانـای تێکشـکاندنی کۆنترین بەهاکانیـان هەیە. چ جـۆرە دڕنـدەیەک؟ دڕنـدەی بـۆرژوازی. *مانیفێسـتۆ* لە بـارەی ئەم بـابەتەوە تەواو ڕوون بـوو. "بـۆرژوازی پەیوەنـدییە دەرەبەگـایەتی و باوکسـالاری و سروشـتییەکانی ئیفلـیج کـردووە؛ شـەیدایی ئـایینی و جۆشوخرۆشـی سـوارچاکی و سـۆزگەرایی ڕەمەکییـانەی لە ئـاوی سـارد و بێگیـانی مەزەنـدەکردنی ئیگۆییـانەدا نـوقم کـردووە (هاوشـێوەی ئەو مەزەنـدەکردنەی کە وای دەکـرد گەڕانەوەی پڵینگەکـان شـتێکی پێشـبینیکراو بێـت). بۆرژوازییەکـان هەرەمەکـانی میسـر و جـۆگە ئاودێرییەکـانی ڕۆمـا و

کاتیـدراییيه گۆتیکەکانیـان[١٣] هەمـوو بێبەهـا و بێمـۆد کردبـوو—بێگومـان، پێویسـت بە گـوتن ناکـات، هەمـوو پەرسـتگاکانیش بە شـێوەیەکی گشـتی. بە کـورتی، دەقەکە—مێتافۆرێک لەسـەر بنەمـای *مانیفێستۆ*—داوای لە **ماوسی** نەدەکـرد بە دوای کۆمەڵەیەکـدا بگەڕێت کە ناوە نهێنییەکەیان پڵینگ بێت، بەڵام هاوکات داوایشی لێ نەدەکرد هیچ پڵینگێک بکوژێت. ئەگەر هەموو ئەمانە لە پەیـامە شـیکراوەکەی کۆتاییـدا دەربـکەون، ئەوا خێـزانە پشـیلەییيەکان ئەوپەڕی وەک ئامـاژە سـوودیان لـێ دەبینرێت. ئامـاژە بە چـی؟ ئەوەیـان دواتـر دەدۆزینەوە.

ئێستا دەتوانێت بچێتە سەر سێیەم وشەی سەرەکی.

دوی ئەوە، پەرستگا. ئێستا لەسـەر بنەمـایەکی جێگیرتـر بـوو. پەرسـتگا، جـا هەر جۆرێـک بێـت—کاتۆلیـک، پرۆتێستانت، بوودی، جوو—قەڵای ئایینە. **مـارکس**یش گوتبـووی ئـایین ئەفیـۆنی گەلانە. کەواتە هێرشـکردنە سەر پەرستگا بە دڵنیاییيەوە شتێکی مـاقووڵ بـوو. بەڵام بـۆچی پەرسـتگایەک لە پـڕاگ؟ لە ڕوانـگەی ئـایینەوە، پـڕاگ شـارێکی گرنـگ نەبـوو، بە وێـنەی ڕۆمـا یـان ئۆرشـەلیم. لەوانە بـوو لە نێـوان هەمـوو کڵێسـاکانی شـارەکەدا یەکێکیـان گرنگییەکـی تـایبەتیی هەبێت. بەڵام

---

[١٣] شێوازی تایبەت بە تەلارسازیی کە لە ئەورووپا لە نێوان سەدەکانی ١٢-١٦دا باو بوو و تێیدا تاقی سێگۆشەیی تیژ و دیواری بەرز و پەنجەرەی گەورە بەکار دەهێنرا.

کامەیان؟ ئەی گرنگییەکەی چی بوو؟ ئەو خاڵە پێویستیی بە ڕوونکردنەوە بوو. هەروەها ئاماژەکردنیش بە جامە پیرۆزەکان، بە کەرەستەکانی پەرستگای بتپەرستان. لە ڕێبازی کاتۆلیکیدا، هەمان بیرۆکە لەو جامانەدا پیشان دەدرێت کە بۆ ئامادەبووان بەکار دەهێنرێت. لە زێڕ دروستکرا بن یان لە زیو، ئەو جامە بەخشڵڕووپۆشکراوانە دەشێت پارەیەکی باش بکەن—پارەیەک کە شۆڕشگێڕەکان پێویستیان پێ بوو. ئاخۆ ئەرکەکە پەیوەندیی بە دەستبەسەرداگرتنی (کاتێک باسی شۆڕش دەکرێت، "دزیکردن" وشەیەکی گونجاو نییە بۆ ئەو کارە) ئەو جامانەوە هەبوو؟ لەوانەیە. دیسان ئاماژەیەکی سیمبۆلی لەگەڵ ماددەدا یەکیان دەگرتەوە. ئەوەیش ماقووڵ بوو.

دواهەمین وشە، بەڵام لەوانی تر کەمبایەختر نا، "سرووت" بوو. ئایا کارە شۆڕشگێڕانەکە هەوڵی دەدا سرووتێک تێک بدات یان بیبڕێت؟ بەڵام کام سرووت؟ ئەی لە کوێ ئەنجام دەدرا؟ ئەوەیان نادیار بوو، زۆر نادیار. بەڵام دەیتوانی لەو بیرۆکەیەوە دەست پێ بکات کە شوێنی ئەنجامدانی سرووتەکە ئەو پەرستگایە دەبێت کە لە دەقەکەدا ئاماژەی پێ کراوە. لانیکەم ئەوە گەڕانەکەی ئاسان دەکردەوە.

باشه، پەرستگاکە. بە شێوەیەکی ئاسایی مەبەست لێی کڵێسایە. هیچ جۆرە پەرستگایەکی تر نابێتە بابەتی کارێکی شۆڕشگێڕانە. بۆ نموونە، لە **ئاڵتنوشول** چی هەیە ئەنجامی بدەیت؟ ئەو شامەسە پیرە بڕفێنیت؟ گۆڕە گریمانکراوەکەی **گۆلەم**ەکە داگیر بکەیت؟ قسەی پڕوپووچ. ئەگەر پەرستگایەک ئامانج بێت، ئەوا دەبێت کڵێسایەکی مەسیحی بێت. بەڵام کام کڵێسا؟ **ماوسی** دەبوو زانیاری لەسەر کڵێساکان کۆ بکاتەوە، لەوانەیە لە نووسینگە گەشتیارییەکان، یان تەنانەت بە یارمەتیی پیاوە ئایینییەکان خۆیان: ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی بڕوانین، ڕێگەی دووەمیان وەک ئەوە وایە پیاوانی ئایینی گۆڕی خۆیان هەڵبکەنن.

هەستی بە برسێتی دەکرد. کاتژمێر لە یەکی پاشنیوەڕۆ لای دابوو و سکی بەتاڵ بوو. بڕیاری دا بڕواتە خوارەوە و پاروویەک بخوات.

لەسەر شەقام بە لای ڕۆژنامەفرۆشییەکدا تێپەڕی. لاپەڕەی سەرەتای یەکێک لە ڕۆژنامەکان، *براڤۆ لیدۆ*، وێنەی خۆپیشاندانێکی کرێکارانی لەسەر بوو: مستەکۆڵەیان هەڵبڕیبوو بە ڕێدا دەڕۆیشتن. پرسیاری لە ڕۆژنامەفرۆشەکە کرد ئەوە چ ڕۆژنامەیەک بوو. "ئۆرگانی حیزبی سۆشیالیستە." پیاوەکە وەڵامی دایەوە.

باشە، پەرستگاکە. بە شێوەیەکی ئاسایی مەبەست لێی کڵێسایە. هیچ جۆرە پەرستگایەکی تر نابێتە بابەتی کارێکی شۆڕشگێڕانە. بۆ نموونە، لە **ئاڵتنوشوڵ** چی هەیە ئەنجامی بدەیت؟ ئەو شامەسە پیرە بڕفێنیت؟ گۆڕە گریمانکراوەکەی **گۆڵەم**ەکە داگیر بکەیت؟ قسەی پڕوپووچ. ئەگەر پەرستگایەک ئامانج بێت، ئەوا دەبێت کڵێسایەکی مەسیحی بێت. بەڵام کام کڵێسا؟ **ماوسی** دەبوو زانیاری لەسەر کڵێساکان کۆ بکاتەوە، لەوانەیە لە نووسینگە گەشتیارییەکان، یان تەنانەت بە یارمەتیی پیاوە ئایینییەکان خۆیان: ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی بڕوانین، ڕێگەی دووەمیان وەک ئەوە وایە پیاوانی ئایینی گۆڕی خۆیان هەڵبکەنن.

هەستی بە برسێتی دەکرد. کاتژمێر لە یەکی پاشنیوەڕۆ لای دابوو و سکی بەتاڵ بوو. بڕیاری دا بڕواتە خوارەوە و پاروویەک بخوات.

لەسەر شەقام بە لای ڕۆژنامەفرۆشییەکدا تێپەڕی. لاپەڕەی سەرەتای یەکێک لە ڕۆژنامەکان، *براقۆ لیدۆ*، وێنەی خۆپیشاندانێکی کرێکارانی لەسەر بوو: مستەکۆڵەیان هەڵبڕیبوو بە ڕێدا دەڕۆیشتن. پرسیاری لە ڕۆژنامەفرۆشەکە کرد ئەوە چ ڕۆژنامەیەک بوو. "ئۆرگانی حیزبی سۆشیالیستە." پیاوەکە وەڵامی دایەوە.

حیزبی سۆشیالیست: ئەوە بیرۆکەیەکی دا بە **ماوسی**. ئەو زۆر خۆشی لە سۆشیال دیموکراتەکان نەدەهات- ڕیفۆرمخوازە دەستەمۆکان، ئەوە ناوونـاتۆرەی گاڵتەجارانەی **یۆسی** بوو بۆ ئەوان-بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوانیش بە ڕادەی ئەم ڕقیان لە ڕاستڕەوەکان بوو. لەوانە بوو بتوانن هەندێک زانیاریی لە بارەی ئەو پەرستگایەوە پێ بدەن کە دەبووە بابەتی ئەرکەکەی.

پرسیاری شوێنی نووسینگەی ڕۆژنامەکەی لە پیاوەکە کرد. دوور نەبوو. **ماوسی** برسێتییەکەی لە بیر چووەوە و ڕاستەوخۆ بەرەو ئەوێ ڕۆیشت.

نووسینگە بچووکەکە چۆڵ بوو. تەنیا ڕۆژنامەنووسێک لەوێ دانیشتبوو کە بە تووڕەیی لەسەر چاپکەرەکە خەریکی کارکردن بوو. **ماوسی** چووە پێشەوە بۆ لای مێزەکەی. پیاوەکە، بەبێ ئەوەی چاو لەسەر کاخەزەکە هەڵبڕێت، گوتی: "چیت دەوێت؟"

"وەک ئەوەی. . ." **ماوسی** دەستی کرد بە قسەکردن.

"بڕۆ سەر مەبەستەکە،" ڕۆژنامەنووسەکە پێی بڕی. "ڕێک بڕۆ سەر بابەتەکە. ئەمە ڕۆژنامەیە، خۆ کورسی دانپیانان یان یانەی دڵە تەنیاکان نییە. هێندە کاتمان نییە بە فیڕۆی بدەین. پێم بڵێ چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟"

**ماوسی** پێی گوت کە ڕێبوارێکی نامۆیە و وەکو ئەو بیروباوڕی سۆشیالیستیی هەیە (خۆی لە گوتنی وشەی "کۆمۆنیست" پاراست)، هەروەها کاتێک ڕۆژنامەکەیانی بینیوە وای لێ کردووە پەرۆشی سەردانکردنی نووسینگەکەیان بێت و داوای چەند زانیارییەکیشیان لێ بکات. "چ زانیارییەک؟" ڕۆژنامەنووسەکە بە ڕەقییەوە لێی پرسی.

**ماوسی**، کە هێشتا بە پێوە وەستابوو، وردەوردە نائاسوودەیی پەرێشانی دەکرد، وەک ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. "زانیاری دەربارەی پڕاگ."

"بێگومان. بەڵام چ زانیارییەک دەربارەی پڕاگ؟"

"دەربارەی چەند شوێنێکی دیاریکراوی پڕاگ."

"چ شوێنێکی پڕاگ؟"

"کڵێسا، بۆ نموونە. شوێنی خواپەرستی، بە گشتی."

"کڵێسا؟ شوێنی خواپەرستی؟ تێ ناگەم. تۆ نەتگوت چەپڕەویت؟ هێندەی من بزانم، چەپڕەوەکان کاریان بە کڵێسا و پەرستگاوە نییە. بەڵام بەهەرحاڵ: تۆ لە چی دەگەڕێیت؟"

"پێیان گوتووم،" **ماوسی** وەخت بوو لە نیگەرانیدا دەستی دەکرد بە گریان، "کە لێرە، لە پڕاگ، کەنیسەیەکی زۆر دەوڵەمەند و پڕ لە شتی گرانبەها هەیە، کە جامەکانی. . . دەزانیت ئەوانەی قەشەکان لە

**ماوسی** پێی گوت کە ڕێبوارێکی نامۆیە و وەکو ئەو بیروباوڕی سۆشیالیستیی هەیە (خۆی لە گوتنی وشەی "کۆمۆنیست" پاراست)، هەروەها کاتێک ڕۆژنامەکەیانی بینیوە وای لێ کردووە پەرۆشی سەردانکردنی نووسینگەکەیان بێت و داوای چەند زانیارییەکیشیان لێ بکات. "چ زانیارییەک؟" ڕۆژنامەنووسەکە بە ڕەقییەوە لێی پرسی.

**ماوسی**، کە هێشتا بە پێوە وەستابوو، وردەوردە نائاسوودەیی پەرێشانی دەکرد، وەک ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. "زانیاری دەربارەی پڕاگ."

"بێگومان. بەڵام چ زانیارییەک دەربارەی پڕاگ؟"

"دەربارەی چەند شوێنێکی دیاریکراوی پڕاگ."

"چ شوێنێکی پڕاگ؟"

"کڵێسا، بۆ نموونە. شوێنی خواپەرستی، بە گشتی."

"کڵێسا؟ شوێنی خواپەرستی؟ تێ ناگەم. تۆ نەتگوت چەپڕەویت؟ هێندەی من بزانم، چەپڕەوەکان کاریان بە کڵێسا و پەرستگاوە نییە. بەڵام بەهەرحاڵ: تۆ لە چی دەگەڕێیت؟"

"پێیان گوتووم،" **ماوسی** وەخت بوو لە نیگەرانیدا دەستی دەکرد بە گریان، "کە لێرە، لە پڕاگ، کەنیسەیەکی زۆر دەوڵەمەند و پڕ لە شتی گرانبەها هەیە، کە جامەکانی. . . دەزانیت ئەوانەی قەشەکان لە

نوێژی بەکۆمەڵدا بەکاری دەهێنن. . . زۆر بەنرخن. . .
پێیان گوتووم ئاڵتوونن. . ."
ڕۆژنامەنووسەکە بە تەواوی کەوتە گومانەوە. **ماوسی** زانی هۆکارەکەی چی بوو. کەسێکی نامۆ هاتووە بۆ نووسینگەی ڕۆژنامەکە و پرسیاری نامۆ دەکات. ڕۆژنامەنووسەکە مافی خۆیەتی وریای خۆی بێت. **ماوسی** هەوڵی دا خۆی ڕاست بکاتەوە. "دەتوانیت متمانەم پێ بکەیت، هاوڕێ، من لایەنگری ئێوەم، منیش ژیانم خستووەتە سەر ئەو بیرۆکەیە، بیرۆکەی گۆڕینی ئەو جیهانە نادادپەروەرانەی تێیدا دەژین و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ. تەنانەت دەتوانم هەر ئێستا ئیشتیراکیش لە ڕۆژنامەکەتاندا بکەم. ناڵێم ئیشتیراکێکی درێژماوە، ئێستا پارەم کەم پێیە، بەڵام دەتوانم شەش مانگ دابین بکەم." بەڵام ڕۆژنامەنووسەکە هیچ کام لەو قسانەی بە ئەقڵدا نەچوو.
"تەماشاکە، گرنگ نییە بە لامەوە چەپ بیت یان ڕاست: ئەگەر زانیاریت لە بارەی کڵێساوە دەوێت، پرسیار لە قەشەیەک بکە، لە من مەپرسە."
"بەڵام. . ."
پیاوەکە بە دەم هەڕەشەکردنەوە هەستایە پێ. "گوێ بگرە،" مۆڕەیەکی کرد، "ئیشوکارم هەیە، ناتوانم کاتی

زیاتر لەگەڵ تۆدا بەفیڕۆ بدەم. بڕۆ دەرەوە، ئەگینا خۆم دەتکەمە دەرەوە."

**ماوسی** بە خەمباری نووسینگەکەی جێ هێشت. هەڵێکی گرنگـی یـارمەتیی لە دەسـت دا ـــ ئەویـش بە هـۆی ناشایستەیی و گەمژەییی تەواوەوە. ئێستا چی؟ بۆ لای کێ بڕوات؟ بۆ لای **کافکا**؟ **کافکای** ئاڵۆز؟ بێسوود بوو. **کافکا** ئیشـی خۆی تەواو کردبوو؛ ئەو کتوپڕ دەقەکەی خۆی هێنابوو بۆ هوتێلەکە. نەیدەتوانی لەوە زیـاتری لـێ داوا بکـات. جـوویەکی بچکـۆلەی گەمـژەی ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـا، جـوویەکی بچکـۆلەی گەمـژە کە جـار دوای جار هەموو شتێکی تێک دەدا، نەیدەتوانی هـیچ شـتێک لە **کافکا** داوا بکات. "گەمژە!" لەژێر لێوەوە گوتی، "من تەنیـا گەمژەیەکم، **یۆسیی** دامـاو نەیـدەزانی چ کارێـک دەکـات کە داوای لە من کرد ئەرکەکەی بۆ جێبەجێ بکەم؛ تەنیـا لەبەر ئەوەی ئەقڵـی لە دۆخێکـی ئاسـاییدا نەبـوو، بـۆیە ئەو هەڵەیەی کرد."

بەردەوام بوو لەسەر ڕۆیشتن، ئینجا چاوی کەوتە سـەر کڵێسـایەکی زۆر کـۆن کە لە قەڵای **هاردشین**ـەوە دوور نەبـوو. لە پـڕ، تروسـکاییی ئومێـدێک: بڵێـی ئەمە ئەو پەرسـتگایە بێـت کە لە دەقەکەدا ئامـاژەی پـێ کـراوە؟ بەرەو ئەوێ ڕۆیشت.

ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانیدا بڕواتە کڵێسایەکەوە. کاریگەرییەکی نائاساییی هەبوو لەسەری، وەک ئەوەی جیهانی ئاساییی بەجێ هێشتبێت و پێی نابێتە ناو جیهانێکی ترەوە، جیهانێکی نامۆ و خۆسەپێن. تەلارسازییە شکۆدارەکەی، میحرابەکان، مۆمە هەڵکراوەکان، وێنەی قەشەکان، هەموو ئەو شتانە سامی پێ دا—تەنانەت ترساندیشی. نەخێر، چیتر لە سیناگۆگە بچووکە سادەکەی **چێرنۆڤیتسکی**دا نەبوو، چونکە دواجار ئەو سیناگۆگە پەرستگای ڕاستەقینە نەبوو: بینایەکی لەداردروستکراوی کۆنی داتەپیو بوو، کە تێیدا جووەکان کۆ دەبوونەوە بۆ نوێژکردن و گۆرانیگوتن و سەماکردن و شەڕکردن—شوێنێک کە تەنیا فەقیرحاڵانە نەبوو، بەڵکو جەنجاڵیش بوو. بەڵام ئەم کڵێسایە پەرستگا بوو. لێرەدا لە حزووری بوونێکی نەبینراو و بەهێزدا بوو؛ عیرفان ئامادەگیی هەبوو، تەنانەت هەناسەدانیشی دژوار دەکرد. شوێنێک نەبوو کە **ماوسی** بتوانێت بە تەنیا بڕواتە ژوورەوە. خۆزگە **یۆسیی** لەگەڵدا بوایە. یان ئەگەر **یۆسییش** نا، خۆزگە *مانیفێستۆ*کەی پێ بوایە تا بیپارێزێت و بەرگریی لێ بکات. . . . بەڵام نەخێر، ئەو بەجێهێڵراو و تەنیا بوو. دەبوو دژی مەیلێکی بەرگەنەگیراو بوەستێتەوە بۆ ئەوەی ڕانەکاتە دەرەوە: لەسەر شەقامەکە، تەنانەت

شـەقامی شـارێکی نەناسـراویش، لەگەڵ مرۆڤـدا دەبـوو نەک لەنێو ڕۆحە نادیار و بەهێزەکاندا.
بەڵام ڕەتی کردەوە ملکەچی ئەو ترسە سەرەتاییە بێت. جووەکان لە کڵێسا دەترسان، بەڵام ئەو وەک جوویەک لێرە نەبـوو، بەڵکـوو وەک چالاکوانێـک. بە کۆششـێکی زۆرەوە سـەری هەڵبـڕی و بە ڕاڕەوەکەدا بەرەو میحـرابە سـەرەکییەکە ڕۆیشـت. دەیویسـت جامەکـان ببینێـت، دەیویسـت هەڵیـان بسـەنگێنێت—بە چـاوی شۆڕشـگێڕێکەوە نـا، بەڵکوو بە چاوی بازرگانێکەوە—ئاخۆ دەکرا ئەو جامانە ببنە ئامانجی ئەرکەکەی؟
لەبەردەم میحـرابەکەدا وەسـتا. لە هەمـووی خراپتـر و بەژانتـر: مەسـیح بەسـەر خـاچێکی گەورەوە، ئەو مەسـیحەی کە باوبـاپیرانی ئەم یارمەتیـدەر بـوون لە لەخاچدانیدا. ئەوەیش کارێکی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە نەبوو؛ مەسیح بۆرژوایەکی قەڵەو نەبوو بووبێتە هۆی چەوسـاندنەوە. نەخێـر، وەک **ماوسـی** بینـی، لەڕولاواز بوو و لە چەند برینێکیشەوە خوێنی لەبەر دەڕۆیشت—قوربانییەکی بێهوودە و بێمانا بوو، قوربانییەک کە تەنیا هاواری بۆ ئاسمان نەدەبرد، بەڵکوو گاڵتەجاڕییەک بوو بەسەر ژیانی **بنیامین کانتارۆڤیچ**ـەوە. **ماوسی** دەبێت لەو ساتەدا چ شتێکی تر بکات جگە لەوەی کڕنۆشی بۆ

ببـــات و داوای لێخۆشـــبوون بکـــات، بپـــاڕێتەوە بـۆ لێخۆشبوون؟

نەخێر، کڕنۆش نابات. "هەستنە سەر پێ، قوربانییانی دەردی برسـێتی." **ماوسـی** قوربـانیی برسـێتی نەبـوو، هەرچەندە لەو ساتەدا سکی بەتاڵ بوو؛ بەڵام سەرەڕای ئەوەیـش هەر قوربـانی بـوو، یـان لانـیکەم لایەنگـری قوربانییەکـان بـوو، کە مەسـیحی لەخاچدراویشـی بە یەکێک لەوان دادەنا. بۆیە **ماوسی** دەیتوانی ڕاستەوخۆ و بەبـێ تـرس تەماشـای ڕووخسـاری بکـات. تەنـانەت دەیتـوانی بە لایەنگری خۆیـانی ئەژمـار بکـات: "متمـانەم پێ بکە، **ماوسی**، منیش وەک تۆ شۆڕشگێڕم، منیش لە پێنـاو شۆڕشـدا مـردم، بەڵام ئەوان لـێم تێنەگەیشـتن. پەرستگای گەورە گەورەیـان بـۆم دروسـت کـرد، بەڵام مـن نامەوێـت لەناویانـدا بـم، دەمەوێـت لە دەرەوە بـم، لەسەر شەقامەکان، لە کێڵگەکان، لە کارگەکان، دەمەوێت لەگەڵ جەماوەردا کار بکەم، دەمەوێت خۆم بڕژێنمە ناو جەمـاوەرەوە، تەنیـا دەمەوێـت یەکێـک بـم لەو خەڵـکە ئاساییە—وەک تۆ، هاوڕێ **ماوسی**."

بەڵام مەسیح ئەو شتانەی نەگوت. لانیکەم، ئەو مەسیحە نـا کە لە کەڵـبەی ئەو فـیلە دروسـت کرابـوو کە لە ئەفەریکا کوژرابوو. لەو مەسیحە تەنیا چاوەڕێی ئەوە بـوو ڕەتـی بکـاتەوە و ڕقـی لێـی بێتەوە: "بـڕۆ دەرەوە،

هەی جووی بچووکی بێنرخ، بڕۆ دەرەوە، هەی جووی بێڕێزی لادێیی، شوێنی تۆ ئێرە نییە، شوێنی تۆ گوندەکەتە لەنێو کرمەکانی تردا. ئێوە دەبێت لەوێ بمێننەوە، هەمووتان هەڵبلەرزن و باوەش بە یەکدا بکەن و چاوەڕێی ئەو کوشتارگەیە بن کە دێت و هەمووتان لەناو دەبات و تۆڵەی مەرگی منتان لێ دەکاتەوە." هیچ چارەیەکی تری نەبوو: **ماوسی** دەبوو ڕووبەڕووی مەسیح و کڵێسایش ببێتەوە. نایەوێت لەخواترس و پەشیمان خۆی دەربخات. بەڵکوو وەک ئەو پڵینگانە خۆی دەناسێنێت کە بە سەرکەوتوویی دەچنە ناو پەرستگاکەوە و لە کۆتاییشدا خۆیان دەسەلمێنن و هێرشەکەیان دەکەنە بەشێک لە سرووتەکان.

دەرگایەکی لاتەنیشت کرایەوە و قەشەکە—پیاوێکی زۆر پیر بە ڕیشێکی سپیی درێژ و چاویلکەیەکی ئەستوورەوە—هاتە ناو کڵێساکەوە. بە هاتنەژوورەوەی، کەشە کپ و خۆسەپێنەکەی تێک دا. لە پڕ **ماوسی** هەستی بە تەزوویەکی خرۆشان کرد. ڕاستە ئەو پیاوە قەشە بوو، بەڵام خۆ ئەویش مرۆڤێک بوو و دەیتوانی لەگەڵیدا بدوێت، تەنانەت ئەگەر بە ئەڵمانییەکی شەقوشڕیش بیت، نەک بە ییدی کە زۆر پێی ئاسوودەتر بوو؛ بەڵام لە هەمووی گرنگتر،

دەیتوانی بە پرسیارکردن دەربارەی جامەکان بەردەوام بێت لەسەر ئەرکەکەی.

قەشـە چـووە سـەر میحـرابەکە و دەسـتی کـرد بە ڕێکخسـتنی هەنـدێک کەلـوپەل. **ماوسـی** هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشـا و لێـی نزیـک بـووەوە: "بـاوکە. . ."

قەشـەکە ئـاوڕی لـێ دایەوە. "بەڵـێ کـوڕەکەم؟" ئـاوازی دەنگی میواندۆست و باوکانە بوو: هێندە باوکانە بوو، **ماوسی** هەستی بزوا.

"باوکە،" بە دەنگێکی لەرزیوەوە دووبارەی کردەوە، "من. . . ."

وەسـتا. هەسـتی بە سـەرەگێژە دەکـرد، خەریـک بـوو بکەوێت. لەتری دا؛ دەبوو قەشەکە یارمەتیی بدات. لە پڕ دەسـتی کـرد بە گریـان. بە دەنگێکـی بەرز دەگریـا و هەنسـکەکانی لە پانتـاییی فراوانـی کڵێسـاکەدا دەنگیـان دەدایەوە و سـەرنجی ئەو چەند خواپەرستەیان ڕاکێشا کە خەریکی نزاکردن بوون.

قەشەکە دەستی گرت، "وەرە کوڕەکەم، وەرە." **ماوسیی** بـرد بـۆ ژووری دانپیانـان و کڕنۆشـی پـێ بـرد. پاشـان خـۆی لەسـەر کورسـیی ژووری دانپیانـانوەرگـرتن دانیشت و دەرگا بچووکەکەی کردەوە. "دەتوانین دەست پێ بکەین، کوڕەکەم. من بە تەواوی گوێم لێتە. پێم بڵێ چـی ئـازارت دەدات. باسـی تاوانەکانـت بـکە. دانپیانـانی خۆت بکە."

کە دیسان هاتەوە سەر خۆی، دەرکی بە نامۆییی دۆخەکە کرد: نەیدەزانی دەبوو چی بڵێت. شتێکی باش بوو ئەگەر بیتوانیبا باسی هەڵەکانی خۆی بکات. ("باوکە، شتێکی زۆر گەمژانەم کردووە، جانتاکەی شانم لەناو شەمەندەفەردا لێ بەجێ ماوە و نامەیەکی گرنگیشی تێدا بوو") بەو شێوەیەش دەیتوانی بە هەستێکی ئاسوودەوە بڕوات، بە ڕۆحێکی پاکبووەوەوە. بەڵام خۆ ئەو مەسیحی نەبوو، بەڵکوو جوویەکی چەپڕەو بوو، شۆڕشگێڕ بوو؛ ئەو فیلێکی خەواڵوو نەبوو بەڵکو پڵینگێکی ئامادەی شەڕ بوو، شەڕێک کە جیهان دەگۆڕێت بەبێ ئەوەی پێویست بکات تا **ڕۆژی دوایی**یەکی گومانـاوی چاوەڕێ بێت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەوپەڕی جێگیرییەوە گوتی:
"بمبووورە باوکە، من نەهاتووم بۆ دانپیانان."
"نا؟" قەشەکە بە سەرسووڕمانەوە پرسی. "ئەی کەواتە بۆچی هاتوویت؟"
"من تەنیا بۆ سەردانی کڵێساکە هاتووم. ڕێبوارم و یەکەمجارە دێمە پڕاگ—ڕاستییەکەی دەبێت بە شێوازی قسەکردنمدا تێبینیی ئەوەت کردبێت. زۆرم لە بارەی ئەم پەرستگایەوە بیستووە و نەدەبوو بە خاتری هیچ شتێک سەردانکردنی لە دەست بدەم. باوەڕم پێ بکە."
لەپڕ هەستی بە سووکەڵەیی و ئازادی کرد، دەیتوانی بە

ئاسانییەکی سەرنجڕاکێشەوە درۆ بکات. "بۆیە تەنیا ویستم قسەت لەگەڵدا بکەم و پێشت بڵێم کڵێساکەتان زۆر جوانە."

قەشەکە زۆر بە باشی لەم پیاهەڵدانەی تێنەگەیشت، بەڵام ئەوە لە ڕێزنواندنەکەی کەم نەکردەوە. "زۆر ڕاستە. یەکێکە لە جوانترینەکانی پڕاگ. یەکێکە لە شکۆمەندترینەکان، لە سەدەی دەیەمەوە. . ."

"جامەکان،" **ماوسی** دەستی پێ کردەوە، هەوڵی دا بە هەمان شێوەی ئاسایی بەردەوام بێت، "دەبێت زۆر نایاب بن. . ."

"جامەکان؟" قەشەکە بە بایەخەوە پرسی. "کام جامانە؟"

"ئەو جامانەی لە نوێژەبەکۆمەڵەکاندا بەکاری دەهێنن. . . لە نوێژەبەکۆمەڵەکاندا جام بەکار ناهێنن؟"

قەشەکە ئارامی لێ بڕا. "گوێ بگرە کوڕەکەم: خەڵکانێک چاوەڕێن تا سرووتی دانپیانان ئەنجام بدەن. پێم خۆشە پتر باسی جامەکان و هەموو شتێکی ترت لەگەڵدا بکەم، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەیت بۆ کاتێکی تر. بۆیە ناچارم داوات لێ بکەم بڕۆیت."

"بەڵام، باوکە. . ."

"تکایە کوڕەکەم."

"باوکە، من. . ."

"تکایە، تکایە." پێداگریی هیچ سوودێکی نەبوو. **ماوسی** سوپاسی قەشەکەی کرد بۆ یارمەتیدانی و داوای لێبوردنی کرد بۆ هەر کێشەیەک دروستی کردبێت، پاشان ڕۆیشتە دەرەوە.

ئێستا بە خێرایی تاریک دادەهات. سەرماکە زۆر خراپ بوو—ئەو ساڵە ئەورووپا بە یەکێک لە سەختترین زستانەکاندا تێدەپەڕی—پاڵتۆکەی **ماوسییش** گەرمترین نەبوو. سەرەڕای ئەوەیش—یان بە هۆی ئەوەیشەوە—لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو. ئەوە شێوازی ئەو بوو بۆ سزادانی خۆی لە پای ئەو هەڵەیەی کە ئەنجامی دابوو. بە شەقامی **گرابین**دا؛ شەقامی سەرەکیی پڕاگ، بەنێو ئاپۆڕەی خەڵکدا دەڕۆیشت. بە ڕقەوە تەماشای پیاوانی قەڵەو و ڕێکپۆش و ژنانی فەرووپۆشی دەکرد: بۆرژوازییەکان، دەستەی مشەخۆر و خوێنمژەکان. بەڵام ئاشکرا بوو کە بۆرژوازییەکان بۆ کوێ دەڕۆیشتن: دەڕۆیشتن بۆ کۆگاکان، بۆ بانکەکان، بۆ کافێکان—لە کاتێکدا **ماوسی** دەبوو لە گەڕان بەردەوام بێت، لە گەڕان بە دوای شتێکدا کە خۆیشی نەیدەزانی چییە.

لە کاتی ڕێوەڕۆیشتنە بێئامانجەکەیدا، باڵەخانەیەکی بەرچاوی سەرنجی ڕاکێشا. ستوون و دەروازەی

ئاسنینی هەبوو: بانک. وشەی بانک ناوی **رۆتشیلدی** بیری **ماوسی** هێنانەوە، ئەو خێزانە جووە بازرگانە بەناوبانگە-هێندە بەناوبانگ بوون کە ناوی خێزانەکە بووبووە هاوتای بیرۆکەی سەروەتوسامان. "ئاخ، خۆزگە لە خێزانی **رۆتشیلد** بوایەم،" باوکی **ماوسی** بەدەم ئاهەهەڵکێشانەوە وای دەگوت هەر کاتێک ژنەکەی سکاڵای لە دەست بێپارەیی دەکرد. خێزانی **رۆتشیلد**، وەک جووە سووخۆرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، قێزەوەن نەبوون و نەدەچەوسێنرانەوە. نەخێر، ئەوان خاوەنی بانک بوون، ڕێزدار بوون، تەنانەت نازناوی خانەدانانەیشیان هەبوو.

ئەوانەیش هەموو هۆکار بوون تا **یۆسی** ڕقی لێیان بێت. **ئەو** هەمیشە **ماوسیی** دڵنیا دەکردەوە کە جووەکان، هەتا ئەو کاتەی لەو وەهمەدا بژین کە دەکرێت وەک خێزانی **رۆتشیلد** دەوڵەمەند بن، هەرگیز ناتوانن خۆیان لە کۆتوبەندی سەرمایەداری ڕزگار بکەن. **مارکس**یزم ڕێبازێک بوو بۆ دژایەتیکردنی ئەم وەهمە و گۆڕینی بە پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە.

لەوانەبوو ئەرکەکەی بانکبڕین بووبێت، دەشێت ئەو بانکەی پێشی بێت. بۆچی نا؟ بێگومان ئەوە مەترسییەکی گەورە بوو، بەڵام مەگەر **ترۆتسکی** داوای لە **یۆسی** نەکردبوو کە دەبێت بە مەترسیدا تێبپەڕێت تا

بیسەلمێنێت چیی لە توانادایە؟ هێشتایش هیچ شتێک لەو دەقەدا نەبوو کە ئاماژە بۆ ئەم بانکە، یا هەر بانکێکی تر بکات. بانک هیچ پەیوەندییەکی بە پڵینگ یان بە پەرستگاوە نییە-بانک پەرستگای پارەیە، بەڵام تەنیا بە شێوە مەجازییەکەی. لەگەڵ ئەوەیشدا، بۆ ئارامکردنەوەی دەروونی، بڕیاری دا ئەو شوێنەیش بگەڕێت بۆ سۆراخی هەر پەیوەندییەک بە دەقەکەوە. نەدەبوو بڕواتە ژوورەوە، دەیتوانی لە ڕاڕەوەکەوە، کە بە دەرگایەکی شووشە لە بینا سەرەکییەکە جیا کرابووەوە، ناوەوەی ببینێت. بۆیە بە پلیکانە مەڕمەڕییەکەدا ڕۆیشتە سەرەوە بۆ بەردەم دەرگاکە و لە ژوورەوە ورد بووەوە. شوێنێکی فراوان بوو، بە شێوەیەکی نایاب ڕازێنرابووەوە، کورسیی خولاوەوە و مێز و پەنجەرەی پێشوازیکردنی سەردانی تێدا بوو. بەڵام شتێکی باشیشی هەبوو: سیستەمی گەرمکردنەوەکە لای دەرگەکەوە کەمێک گەرمی کردەوە. بۆیە بۆ ماوەیەکی کەم لەوێ مایەوە. ئەمجارەیان پشتی کردە دەرگاکە و چاوی بڕییە شەقامەکە و دوکانە جوانەکانی بەرامبەری.

پاشان-دواجار-ئەو شتەی بینی کە بە دوایدا دەگەڕا.

پڵینگەکان.

دووان بـوون. ڕەنـگە پڵینـگ نەبـووبن، بڵکـو بەور یـان ڕەشـەپڵینگ بووبن-دەشێت ناسینەوەی سـەخت بێت بۆ کەسێک کە بە خێزانە پشـیلەییەکان ئاشـنا نەبێت. بەڵام **ماوسی** هیچ گومانی نەبوو کە ئەوانە پڵینگن، گرنگترین شت: گەڕانەکەی گەیشتبووە کۆتایی.

لەوێ بوون، لە جامخانەی دوکانێکی دەوڵەمەندی خشڵ و زێـڕدا: پڵینگـی دڕنـدەی ئـاخنراو کە کەڵـبە و چـاوە شووشـەییە نەبزۆکەکانیـان ڕوونـاکیی چەنـدین گڵـۆپی پەرش کردەوە. دیزاینەرەکە پاشماوەی پەرستگایەکی لە ناو دارستانێکدا دروسـت کردبوو. بەشـێکی پەرستگاکە بە درەختی خولگەیی داپۆشرابوو، دەتگوت پڵینگەکان بۆ پاراسـتنی کەرەسـتەی ئـایینیی وەک ماسـک و پەیـکەری خواوەند و تەپڵ و تەقتەقە وەستابوون. لە ناوەڕاستەوە سـێ جـامی ئـاڵتوونی دانرابـوون کە بە بەردی بەنـرخ ڕازێنرابـــوونەوە. پڵینگەکـــان، پەرســـتگاکە، جـــامە پیرۆزەکان، هەموو لەوێ بوون.

**ماوسی**، کە لە خۆشـیی دۆزینەوەکەیدا وشـک بووبوو، بەبـێ دوودڵـی، بە ڕاکـردن لە شـەقامەکە پەڕیـیەوە و ڕۆیشـتە نـاو کۆگـا گرانبەهـاکەوە. چـوونەژوورەوەی **ماوسی** بووە مایەی سەرسووڕمان و نیگەرانی. بە جلە کۆن و چلکنەکانی و قژەتەپسکاوەکەی، لە هەموویشـی خراپتر، بە نیگا بزرکاوەکەی، کە لە باشترین دۆخدا لە

دەرۆزەکەرێکی لەوچە دەچوو، لە خراپترینیشدا لە شتێکی بێماڵوحاڵ دەچوو. کاتێک لە ناوەڕاستی کۆگاکەدا وەستا، بێدەنگی باڵی کێشا، بە ترس و شەرمەوە وەستا و نەیزانی چی بکات.

"دەتوانم یارمەتیت بدەم، بەڕێز؟"

ئاوڕی دایەوە. یەکێک لە پاسەوانەکانی کۆگاکە وەستابوو، پیاوێکی گەورەی سمێڵزل، کە بە گومانەوە چاوی تێ بڕیبوو. **ماوسی** بێئومێد بوو، ویستی بڵێ کە هیچ شتێکی ناوێت جگە لە هەندێک زانیاری، بەڵام پیاوەکە قسەکەی پێ بڕی. "دەبێت هەر ئێستا بڕۆیتە دەرەوە." پێش ئەوەی **ماوسی** شتێک بڵێ، پاسەوانەکە قۆڵی گرت و بەرەو دەرگاکە پەلکێشی کرد. **ماوسی** خۆی ڕاوەشاند و لە دەستی دەربازی بوو و تەماشای نێوچەوانی کابرای کرد: "تەنیا دەمەوێت پرسیارێک بکەم، هەر هێندە. هیچ کەسێک بێزار و بێتاقەت ناکەم. بەڵام ئەگەر پرسیارەکەم نەکەم ناڕۆمە دەرەوە." بنبەستێک دروست بوو. لەوەیش خراپتر، مشتومڕەکە سەرنجی کڕیاران و کارمەندانی ڕاکێشا، کە دیقەتیان دابوو تا بزانن چی ڕوو دەدات. پاسەوانەکە، کە تەحەدای دەسەڵاتی کرابوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ئامادەی وەڵامدانەوە بوو-بێگومان، بە بەکارهێنانی هێز.

"یەک خولەک، کارێل،" خانمێک وای گوت، کە لە پشت مێـــزێکەوە بەرەو ڕوویـــان هـــات. جلێکـــی جـــوانی پۆشـیبوو—وەک هەمـوو کارمەنـدەکانی تـر—لاواز و بـاڵاکورت، نەدەکـرا پێـی بگوترێـت جـوان. دەمولـووتی کەمێک گەورە بوون، کەمێکیش چاوی خێل بوو. بەڵام ئەو خەنـــدەیەی بـــۆ **ماوســـی** کـــرد، دڵـــی داخورپانـــد. لەوەتەی گەیشـتبووە پـڕاگ، ئەوە یەکەم کەس بـوو بەم جۆرە خەندەی بۆ بکات. یەکەم کەس بوو بە سۆزەوە، نەک بێـزارییەوە، تەماشـای بکـات. "ویسـتت پرسـیارێک بکەیت،" خانمەکە گوتی، "دەتوانیت لە منی بکەیت."

**ماوسی** هێشـتا لە تەماشـاکردنیدا ڕۆ چووبـوو، کاتێک هـــاتەوە ســـەر خـــۆی، گـــوتی: "ئـــا، بەڵـــێ. جـــامە ئاڵتوونییەکانی ناو جامخانەکە. . . چ جۆرە جامێکن؟"

"ئەو جامـــانە بـــۆ فرۆشـــتن نـــین. ئەوانە تـــایبەتن بە پێشانگایەکی بچووک، تێدەگەیت؟ هەندێجار جامخانەکە وەک پێشانگا بەکار دێنین. ئەم مـانگە تێمـای پێشـانگاکە بریتییە لە بۆنەی ئاینی. ئەم بابەتانەی تۆ دەیانبینیت—هەموویـــان زۆر کـــۆنن، هیـــی دەوروبەری ســـەدەی دوازدەهەمـن—لە پەرسـتگایەکی دێرینـدا لە بـاکووری ئەفەریکـا دۆزرانەوە. لەگەڵ کـۆمەڵێکی تـردان کە هیـی خـــانەدانێکی ڕووســـییە، **کۆنـــت ئیڤـــانۆڤ**. لای ئـــێمە دایناون."

کەواتە ئەوە بوو. پارچەیەکی تری وێنەی مەتەڵەکە چووە شوێنی خۆی، پارچەیەکی زۆر گرنگ-تەنانەت پارچەیەکی یەکلاکەرەوە. جامەکان هیی کۆنتێکی رووسی بوون. سەرەڕای بەها ماددییەکان، بەهایەکی سیمبۆلییشیان هەبوو: دزینی جامەکان واتا سزادانی خانەدانە رووسەکان، تا پیشانی بدەن کە دەستی شۆڕش دەگاتە چەوسێنەران، لەهەر بەشێکی ئەورووپادا بن.

"شتێکی تر هەبوو بتەوێت بزانێت؟" خانمەکە پرسیاری کرد و نیگایەکی کرد کە تا ڕادەیەکی زۆر هاریکارانە بوو، وەک ئەوەی بەڕاستی چاوەڕوانی هاتنی **ماوسیی** کردبێت.

"دەمەوێت ناوی تۆش بزانم." **ماوسی** گوتی، سەرسام بوو بە چاوقایمیی خۆی. بەڵام پرسیارەکە بە هیچ شێوەیەک نەبووە هۆی سەرسووڕمانی خانمەکە—کە خۆی لە خۆیدا شتێکی سەیر بوو.

"**بێرتا**. ناوم **بێرتایە**،" خانمەکە گوتی. "تۆیش. . . ؟"

"**یۆسی**."

"خۆشحاڵم بە ناسینت، **یۆسی**." کەمێک وەستا و پاشان، وشەکانی بە وریاییەوە دەردەبڕی، گوتی: "من لە خزمەتتدام. ئەگەر یارمەتیت ویست، دەزانیت لە کوێ بمدۆزیتەوە. بە درێژاییی ڕۆژ لێرەم. هەر کاتێک پێت

خۆش بوو سەردانم بکە." پێکەنی و گوتی. "من نە لە پڵینگەکان دەترسم و نە لە پاسەوانیش."

**ماوسی** گوتی "زۆر سوپاس." دەنگی بە هۆی جۆشوخرۆشەوە دەلەرزی. خانمەکە دەستی بۆ درێژ کرد، دەستێکی بچووک و نەرم و گەرم، کە **ماوسی** بە نەرمونیانی و بە ڕێزەوە گوشی. پاش ماڵئاواییکردن، لە کۆگاکە ڕۆیشتە دەرەوە.

. . . .

گەڕایەوە بۆ هوتێلەکە و—بۆ یەکەمجار لەوەتەی هاتبوو—هەستی بە شادی دەکرد. کابرای بەشی پێشوازی سەری سوورِ ما: "گۆڕاوی برادەر. ئەمجارە جیاواز دیاری. چی بووە؟ کاری باشت کردووە؟"

"بەڵێ وایە،" **ماوسی** بە خەندەیەکی سەرکەوتووانەوە وەڵامی دایەوە. "کارێکی باش، شتێکی لەو جۆرە." بە خێرایی بە پلیکانەکەدا ڕۆیشتە سەرەوە، دوو پلەی بە یەک هەنگاو دەبڕی، چووە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست. بە دڵێکی خۆشەوە ئەمسەروئەوسەری دەکرد. ئەوەی ئاشکرا بوو: ئێستا ئامانجی ئەرکەکەی دۆزیبووەوە. سەرەڕای هەموو بەربەستەکان و هەموو کێشەکان، توانیبووی ئەنجامی بدات. وەک پڵینگەکان پەرستگاکەی داگیر کردبوو و ئامادە بوو ملکەچی بکات. لەو ڕووەوە گومانی نەبوو. هەموو شتێک، هەموو

وشەیەکی سەرەکی، بەرەو کۆگای خشڵفرۆشییەکەی دەبرد: پڵینگەکان و پەرستگاکە و تەنانەت مەراسیمەکەیش. هیچ کێشەیەکی لە پێکهێنانەوەی ئەو پەیامەدا نەبوو کە ئەگەر کاخەزەکەی بخستایەتە سەر دەقەکەی **کافکا** دەردەکەوت: "کۆگایەکی خشڵفرۆشی بدۆزەرەوە کە لە ناوەڕاستی پڕاگدایە، لە جامخانەکەیدا دوو پڵینگ و چەند بابەتێکی پەرستگا نمایش کراون، لەنێویاندا سێ جامی پیرۆز کە لە سرووتەکاندا بەکار دێن." خشڵفروشی: گەورەترین هێمای تەماعی سەرمایەداری. خشڵفرۆشییەکی گرنگ، جامە پیرۆزە گرانبەهاکانی خانەدانێکی ڕووسی نمایش دەکات. دواهەمین شتیش، بەڵام لەوانی تر کەمبایەختر نا، خشڵفرۆشییەکە لە بەرامبەر بانکێکدایە. **یۆسی** هەمیشە دەیگوت هیچ شتێک نییە لە سەرمایەداری زیانبەخشتر بێت، کە بە گورجوگوڵیی پشیلەییەکانەوە دەجووڵێتەوە و دەتوانێت لە هەر سات و شوێنێکدا هێرش بکات. بانکێک بەرامبەر کۆگای خشڵفرۆشییەکەیە: دوو شتی تەواو گونجاو، کڕیاران لە بانکەکە پارە دەکێشنەوە و لە کڕینی خشڵدا خەرجی دەکەن.

ناوی کۆگاکە—**پێرلستیکەر و پێرلستیکەر**—ئەوەی بە **ماوسی** دەگوت کە خاوەنەکانی جوو بوون—کە یەکێکی تری لە پەیامە شکۆمەندەکانی **ترۆتسکیی** بیر

دەهێنایەوە. بە وێنەی **پۆسی**، **ماوسییش** دەیویست وێنە ترادسیۆنییەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە، وێنەی ئەو جووەی لە ژیاندا سەرکەوتووە. **ترۆتسکی** دەیگوت، "دەبێت ئایدیالەکانتان بگۆڕن. ئێوە خشڵ ناکڕن، ئێوە لە بازاڕدا پشک ناکڕن: ئێوە بیرۆکەی ڕادیکاڵی دەکڕن و لە شۆڕشدا پشک دەکڕن. لە نێوان سەروەتوسامان و **مارکس**دا هەڵبژێرن. لە نێوان بەها بۆرژوازییەکان و بەها شۆڕشگێڕانەکاندا هەڵبژێرن." تەواوە. **ماوسی** دەبوو ددانی پێدا بنێ: **ترۆتسکی** بەڕاستی بلیمەت بوو. گومان لەوەدا نەبوو کە بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا و لەوێ دەسەڵات دەگرێتە دەست.

خشڵفرۆشییەکە ئامانجە ڕاستەقینەکە بوو. مەبەستەکەیش ڕوون بوو: دزینی جامە ئاڵتوونییەکە. سەختترین ئەرک—تەنیا بیرکردنەوە لێی موچڕکی بە گیانی **ماوسی**دا دەهێنا—بەڵام ئەو کارە هێندەی بڕینی بانکەکە سەخت نەبوو. یاخود هێندەی ڕفاندنی خاوەنی کۆگاکە، کارێک کە پڕاوپڕ لەگەڵ بیرۆکەی دادپەروەریی شۆڕشگێڕانەدا دەگونجا—**ڕاڤاکۆل**ی ئەنارشیست، کاتێک لە پاریس بۆمبێکی فڕێ دابووەوە قاوەخانەیەکەوە، گوتبووی: "هیچ شایەتحاڵێکی بێتاوان بوونی نییە، هەموان لە تاوانەکەدا بەشدارن." (هەموان، **ماوسی** ئەوەیشی دەخستە سەر، پڵینگن و پەلاماری

پەرستگاکە دەدەن)ـــ بەڵام ئەو کارە دژوارییی گەورەی بەدوادا دێت. لە کوێ قوربانییەکە بشارنەوە؟ چی بکەن ئەگەر پـارەکە نەنێـرن؟ هەمــوو ئەو کــارە چەنــد دەخایەنێـت؟ نەخێـر، دزینـی جـامە پیرۆزەکـان زۆر کرداریتر بوو. دیسان **ترۆتسکی** بلیمەتە.

**ماوسـی**، داوای ئەوەی بە دروسـتی پەیـامەکەی لێـک دایەوە، دەبـوو بچێـتە سـەر بەشـی دووەمـی ئەرکەکە. پێویست بـوو پەیوەنـدییەکەی بـدۆزێتەوە، ئەو کەسـەی کە گریمانەکەی بسـەلمێنێت و وردەکارییەکانی ئەرکەکە بخـاتە ڕوو. دزینـی جـامە ئاڵتوونییەکـان پێویسـتی بە کاری بەکۆمەڵ بوو: گومانی تێدا نییە کە **ماوسی** دەبوو بە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە، بەڵام هیواخواز بـوو کەمترین ڕۆڵی بەربکەوێت. ڕەنگە تەنیا کـاری چاودێریکردنی لە شـەقامەکەوە پـێ بـدرێت، کـاتی دەرکەوتنـی پـۆلیس ئاگاداری کۆمەڵەکە بکاتەوە. . . . جگە لەوە، هەر شتێکی تر بۆ توانا سنووردارەکانی ئەو زۆر دەبوو.
**یۆسـی** گوتبـووی "کاتێـک ئەو ئامـانجەت دۆزیـیەوە، کەسێک پەیوەنـدیت پێـوە دەکـات." کەسێک، بەڵام کـێ؟ **کافکـا**؟ پـێ ناچێـت. **کافکـا** لە نووسـینگەکەی خـۆیەوە شوێنی جووڵەکانی **ماوسی** نەکەوتبوو: **کافکا** نەیدەزانی **ماوسـی** کەیشـتووەتە خشڵفرۆشـییەکە و وەک ئامـانجی

پەرستگاکە دەدەن)—بەڵام ئەو کارە دژوارییە گەورەی بەدوادا دێت. لە کوێ قوربانییەکە بشارنەوە؟ چی بکەن ئەگەر پارەکە نەنێرن؟ هەموو ئەو کارە چەند دەخایەنێت؟ نەخێر، دزینی جامە پیرۆزەکان زۆر کرداریتر بوو. دیسان **ترۆتسکی** بلیمەتە.

**ماوسی**، داوای ئەوەی بە دروستی پەیامەکەی لێک دایەوە، دەبوو بچێتە سەر بەشی دووەمی ئەرکەکە. پێویست بوو پەیوەندییەکەی بدۆزێتەوە، ئەو کەسەی کە گریمانەکەی بسەلمێنێت و وردەکارییەکانی ئەرکەکە بخاتە ڕوو. دزینی جامە ئاڵتوونییەکان پێویستی بە کاری بەکۆمەڵ بوو: گومانی تێدا نییە کە **ماوسی** دەبوو بە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە، بەڵام هیواخواز بوو کەمترین ڕۆڵی بەربکەوێت. ڕەنگە تەنیا کاری چاودێریکردنی لە شەقامەکەوە پێ بدرێت، کاتی دەرکەوتنی پۆلیس ئاگاداری کۆمەڵەکە بکاتەوە. . . . جگە لەوە، هەر شتێکی تر بۆ توانا سنووردارەکانی ئەو زۆر دەبوو.
**یۆسی** گوتبووی "کاتێک ئەو ئامانجەت دۆزییەوە، کەسێک پەیوەندیت پێوە دەکات." کەسێک، بەڵام کێ؟ **کافکا**؟ پێ ناچێت. **کافکا** لە نووسینگەکەی خۆیەوە شوێنی جووڵەکانی **ماوسی** نەکەوتبوو: **کافکا** نەیدەزانی **ماوسی** گەیشتووەتە خشڵفرۆشییەکە و وەک ئامانجی

خـــۆی دیـــاریی کـــردووه. بەڵام ئەی کـــێ ئاگـــای لە جووڵەکانی بـوو؟ کێ دەیزانـی نهێنیی پەیامەکەی لێک داوەتەوە؟

کچەکە. کچەکەی کۆگای خشڵفرۆشییەکە. **بێرتا.**

**ماوســـی** بەو بیـــرۆکەیە لەرزی لـــێ هـــات. خـــانمە گەنـــجەکەی خشڵفرۆشـــییەکە—بێگومـــان! هەمـــوو ئەو شتانەی لە نێوانیاندا ڕوویان دا—گفتوگۆکە، نیگاکان—ئامـاژە بـوو بـۆ خـانمەکە. هـیچ گومـانی تێدا نەبـوو کە **بێرتا** چاوەڕوانی بوو. ئەوە تەنیا هۆکار بوو کە **ماوسی** لە دەستی پاسەوانەکە ڕزگار بکات، ئەوە تەنیا هۆکار بــوو کە لەگەڵ **ماوســـی**دا دۆســـتانە بێـت و لە نێـوان هەردووکیانــدا کەشـــێکی ڕاســـتەقینەی هاوهەڵوێســـتی دروســـت بکـــات، تەنـــانەت ئەگەر ئەو دۆخە تەنیـــا بـــۆ ســـاتێکیش درێـــژەی کێشـــابێت. ئێســـتا: ئایـــا دەکـــرا ئەو خـــانمە، کە فەرمـــانبەری خشڵفرۆشـــییەکە بـــوو، لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەدا هاونیاز بێت؟

بێگومان دەکرا. مەگەر **مارکس** لە خێزانی حاخامەکانەوە نەهـــــاتبوو، مەگەر هاوســـــەرگیریی لەگەڵ ژنێکـــــی دەوڵەمەنـــددا نەکردبـــوو؟ مەگەر **ئەنجڵـــس** کـــوڕی خـاوەنکـارگەیەک نەبـوو، مەگەر یەکێـک لە کارگەکـانی باوکی لە ئینگلتەرا بەڕێوە نەدەبرد؟ مەگەر **ترۆتسکی** لە خێزانێکی چینی ناوەندی جووەوە نەهاتبوو؟ **بێرتا** کاری

بۆ بۆرژوازی دەکرد، وەک بۆرژوازی جلی پۆشیبوو — بەڵام بە دڵ و بە ئەقڵ لەگەڵ پرۆلیتاردا بوو. **ماوسی** هێندە خرۆشابوو کە هەستی کرد پێویستە پەرۆشییەکەی کەم بکاتەوە. ئارام بە، **بنیامین**، ئارام بە. **بنیامین**، زۆر پەلە نیت؟ خەریکی خەیاڵکردنەوە نیت؟

یەک هۆکاری هەبوو کە هێندە بخرۆشێت: بەڕاستی هەستی بە پەیمانێکی نهێنی دەکرد لەگەڵ ئەو خانمە گەنجەدا. لە ڕاستیدا پتر لە پەیمانێک، دەکرا. . خۆشەویستی بێت؟ **ماوسی** هەرگیز خۆشەویستیی نەکردبوو، هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو خۆشەویستی چۆنە، بەڵام لە ڕاستیدا، تەنیا بیرکردنەوە لە **بێرتا** لێدانی دڵی خێراتر دەکرد. بە دڵنیاییەوە شتێکی خۆش دەبوو ئەگەر ئەو هاوەڵی بوایە. هاوەڵ لە هەموو شتێکدا، لە بیرۆکەکاندا، لە کردەوەکاندا — لە ژیاندا. بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، لەو کاتە دژوارەدا هاوەڵی بوایە: کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی. دەکرا **بێرتا** ئەو کەسە بێت؟

تەنیا یەک ڕێگەی هەبوو تا بزانێت: دەبوو جارێکی تر قسەی لەگەڵدا بکات. بەڵام لە خشڵفرۆشییەکەدا نا. لە شوێنێک کە بتوانن قسە بکەن بەبێ ئەوەی کەس پێیان ببڕێت یان بییان بیستێت، کە تێیدا کچەکە بتوانێت هەموو وردەکارییەکانی ئەو ئەرکەی پێ بڵێت کە

خەریک بوو دەستی پێ دەکرد. بیری لەوە کردەوە تەلەفۆنی بۆ بکات، بەڵام هەر ئەوە نا کە ژمارەی تەلەفۆنی کۆگاکەی لا نەبوو، بەڵکو نەیشیدەویست لە ڕێی ئەو ئامێرە وەحشییەوە ئەزموونی پێشووی دووبارە بکاتەوە. لە بری ئەوە، خۆی دەڕوات و دیدارێکی لەگەڵدا دادەنێت. بەڵام ئایا دەیتوانی لە کاتی خۆیدا بگاتەوە ئەوێ؟ **ماوسی** کە هێندەی—باشە، هێندەی مشکێکی ناو کڵێسا—هەژار بوو، کاتژمێری دەستیی نەبوو. بۆیە ڕۆیشتە خوارەوە بۆ بەشی پێشوازی و پرسیاری کاتی لە پیاوەکە کرد: "پێنجونیو،" ئەو وەڵامە بوو کە بە بێزاری درایەوە. **ماوسی** ویستی بزانێت ئاخۆ هێشتا کۆگاکان کراوەن.

"چەند سەیرە،" پیاوەکە گوتی، "تۆ بە ئەستەم پارەی ئەوەت پێیە کە حەقی مانەوە و خواردن بدەیت، کەچی دەتەوێت بڕۆیت بۆ شتکڕین؟ بەڵێ، باشە، خۆت دەزانیت باشترین شت چییە. ئەگەر ڕابکەیت فریای کۆگاکان دەکەویت."

**ماوسی** بەبێ وەستان بەرەو ناو جەرگەی شار تێی تەقاند. بەخت یاوەری بوو: دەرگاکانی کۆگای خشڵفرۆشییەکە داخرابوون، بەڵام هێشتا ستافەکە لە ژوورەوە بوون. ویستی زەنگ لێ بدا، بەڵام بەسەر خۆیدا زاڵ بوو—باشتر وا بوو لەبەردەم دەرگای

بانکەکەدا چاوەڕێی هاتنەدەرەوەی **بێرتا** بکات. پاش چاوەڕوانییەک کە بە لای **ماوسی**یەوە بێکۆتایی بوو، دواجار **بێرتا** دەرکەوت. **ماوسیی** نەبینی، بە خێرایی بەرەو وێستگەی ترام ڕۆیشت. **ماوسی** شوێنی کەوت و کاتێک لێی نزیک بووەوە قۆڵی گرت. یەکەم کاردانەوەی بەرگری بوو: بە توندی خۆی لە دەستی **ماوسی** ڕاتەکاند. "ئەوە چی دەکەیت، بەرەڵڵا، دەستم بەردە!" بەڵام ئینجا زانی کێیە، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا. "ئۆی، ئەمە خۆتی، ئەو کەسەی دەتویست شت دەربارەی پێشانگاکە بزانیت—**یۆسی**، وایە؟ وای چەند ترساندمت، **یۆسی**!"

**ماوسی** چەند جارێک داوای لێبووردنی کرد و پاشان گوتی، "بەڕاستی پێویستە قسەت لەگەڵدا بکەم." پرسیاری کرد ئاخۆ دەتوانێت دەعوەتی قاوەخواردنەوەیەکی بکات. کچەکە تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی کرد. نەخێر، دەبوو بڕواتەوە بۆ ماڵەوە.

"چاودێریی دایکە پیر و نەخۆشەکەم دەکەم،" ڕوونی کردەوە. "ئەگەر دوا بکەوم نیگەران دەبێت." کەمێک بیری کردەوە، پاشان بە خەندەوە گوتی، "بۆچی لە ماڵی ئێمە قسە نەکەین؟"

جارێکی تر خەندەکردنەکەی بۆ **ماوسی** وا دەردەکەوت دەربڕی هاوهەڵوێستی بێت—بەوەیش **ماوسی** ئومێدی گەورەتر بوو کە گریمانەکەی ڕاست دەرچووە.
سواری ترام بوون و پاش چەند جارێک وەستان، دواجار دابەزین. **بێرتا** لە ئەپارتمانێکی کۆندا دەژیا—لە نهۆمی کۆتایی. **ماوسی** هێندە خرۆشابوو، ئەو چەند نهۆمەی ڕۆیشتنە سەرەوە وەک ئەوە بوو بەسەر هەوردا بڕوات. چوونەوە ژوورەوە، کچەکە داوای لێ کرد چاوەڕێی بکات تا ئاگایەکی لە دایکی بێت: دەبوو خواردنی پێ بدات و بیشوات و بیخەوێنێت. چووە یەکێک لە ژوورەکانەوە و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست.
**ماوسی** چاوی بە ژووری دانیشتنەکەدا دەگێڕا، کە بە ڕێکوپێکی بە ناوماڵەی کۆن پۆشتە کرابووەوە. شتێکی ئەوتۆ لەسەر ڕەفەکان نەبوو: هەندێک وردەی بریقوباق و چەند وێنەیەکی خێزانی، کە دواجار مانایەکی ئەوتۆیان نەبوو. کارێکی ژیرانە نەبوو *مانیفێستۆی کۆمۆنیستی* یان هەر کارێکی تری **مارکس** و **ئەنجلس** لەوێدا دابنێت، کە تەنیا گومانی میوانە خوازەڵۆکەکانی دەوروژاند. بەڵام ئەوەی لەسەر کانتۆرە چینییەکەی سەر دیوارەکەی بەرامبەری بینی هیچ پێی خۆش نەبوو: خاچێکی کۆنی لەکەلَبەیفیل دروستکراو. ☸

سـوپرایزێکی نـاخۆش بـوو: لە بـری ئەدەبیـاتی شۆڕشگێڕانە، خاچێک؟ بۆچی؟ هێشـتا پاشـماوەکانی ئـایینی تـێ نەپەڕانـدووە؟ بەڵام ڕەنـگە ئەوە کرۆکـی بابەتەکە نەبێت، ڕەنگە ئەوە تەنیا فیلێک بێت بۆ خۆلادان لە سیخوڕەکانی پۆلیس. هێشتا بە گومانەوە لە خاچەکە ئەبـلەق مـابوو کاتێـک دەرگـاکە کـرایەوە و **بێرتـا** دەرکەوت، پێکەنـی: دایکـی خەوتبـوو، ئێسـتا دەیـانتوانی قسـە بـکەن. تێبینیـی گوزارشـتە گاڵتەئـامێزەکەی ڕووخساری **ماوسیی** کرد.

"دەبیـنم خـاچەکە سـەرنجی ڕاکێشـاویت. ئەوە هیـی دایکمە. دایکـم کـاتۆلیکێکی زۆر پەیوەستە. بـاوکم جـوو بوو و هێندەیش بە ئـایینەوە پەیوەست نەبوو." پێکەنی. "چیت بۆ بهێنم؟ چا و کولیچە ئاساییە؟"

هەر زۆریش بـاش بـوو بۆ **ماوسی** کە وەخت بـوو لە برسـان دەمـرد. **بێرتـا** چـووە مەتـبەخەکەوە و چەنـد خولەکێک دواتر گەڕایەوە و سینییەکی بە دەستەوە بوو قۆری و کـوپ و قاپێـک کـولیچەی چۆکـۆلاتەی لەسـەر بوو. "فەرموو."

**ماوسی** دەبوو ددان بە خۆیدا بگرێت بۆ ئەوەی هەموو قاپەکە هەڵنەلووشێت. هەوڵـی دا بە شـێوازی ڕێکوپێک بخـوات، لاسـایی **بێرتـای** دەکـردەوە کە، وەک **ماوسـی**

دەیبینی، سەرەڕای هەژارییەکەی کەسێکی تێگەیشتوو و ڕەفتارجوان بوو.

لە ماوەی چەند خولەکی دواتردا باسی شتی گشتییان کرد: ئاووهەوا ساردەکەی پڕاگ و کێشەی هۆیەکانی گواستنەوە و هاتوچۆ و شتی لەو جۆرەیان باس کرد.

بەڵام لە پڕ، **بێرتا** تەماشای نێوچەوانی **ماوسیی** کرد و بە خەندەیەکی تەواو هاندەرانەوە گوتی: "تۆ خەڵکی پڕاگ نیت."

**ماوسی** ددانی پێدا نا، نەخێر خەڵکی پڕاگ نەبوو، خەڵکی **چێرنۆڤیتسکی** بوو لە **بێسارابیا**. کەمێک باسی گوندەکەی کرد و ئەو ڕاستییەشی فەرامۆش نەکرد کە گوندەکە لە **ئۆدێسا**وە دوور نەبوو، ئەو شوێنەی **ترۆتسکی** تێیدا خوێندکار بووە. چاوەڕوان بوو ئەمە وەک جۆرێک وشەی نهێنی کار بکات، بۆ ئەوەی کچەکە دواجار بڵێ: "باشە، من باوەڕ دەکەم، دەزانم تۆ بە ڕاستی ئەو هاوڕێیەی کە ئێمە چاوەڕێی بووین، بۆیە با بچینە سەر پلانەکەمان."

بەڵام **بێرتا** نەیویست باسی پلانەکە بکات، بەڵکوو باسی **بێسارابیا**، ئەو شوێنەی کە باوکی تێیدا لە دایک بووە: "ئەویش هەروەک تۆ قسەی دەکرد، بە هەمان شێوەزار. زۆریش دڵشکاو دەردەکەوت، هەروەک تۆ. . . ." بە نەرمونیانی تەماشای **ماوسیی** کرد، چاوەکانی

دەدرەوشـانەوە، ئەو سـاتە **ماوسـی** دڵنیـا بـوو کە کەوتـووەتە داوی خۆشەویسـتیی ئەم کـچەوە. خـۆزگە دەیتـوانی پێـی بڵێـت: "خۆشـم دەوێیـت، **بێرتـا**، تـۆ ئەو هاوەڵەی هەمیشە خەونم پێوە بینیوە. تۆ خانمی ژیانی منی. خۆزگە دەمتوانی. . ."

بەڵام نەیـدەتوانی. ئێسـتا کـاتی ئەوە نەبـوو. کـاتی ئەوە نەبوو چونکە ئەرکێکی هەبوو جێبەجێی بکات، هەروەها **بێرتـا**یـش ئەوەی دەزانـی ـــیـان لانـیکەم هیـوادار بـوو **بێرتا**یش بزانێت. بۆیە هەناسـەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ڕاستەوخۆ چـووە سـەر بـابەتەکە: "گـوێ بگـرە، **بێرتـا**، دەزانیت بۆچی هاتووم بۆ پڕاگ، وا نییە؟"

**ماوسی** سەری سووڕ ما کاتێک بینی **بێرتا** بە ترسـەوە چاوی تێ بڕی: "من؟ جا من چۆن بزانم؟ بەڵام با ببینین دەزانـم دەتەوێـت چـی بڵێیـت. . ." پێکەنـی. "دەزانـم: دەتەوێت پێم بڵێیت کە هێزێکی مەزن پاڵی پێوە ناویت بێیت بۆ پڕاگ. هاتوویت بۆ پڕاگ تا من ببینیت. . ."

**ماوسی** بە زۆر زەردەخەنەیەکی کرد: سەرەڕای شادییە بێسنوورەکەی، بەڵام ئەمە کـاتی گـاڵتەکردن نەبوو. "تۆ دەزانیت کە مـن ئەرکێکم هەیە، وا نییە **بێرتا**؟ ئەرکێکی زۆر گرنگ. ئەرکێک کە دەرئەنجامی مەزنی دەبێت."

ڕووخساری **بێرتا** گۆڕا. سەرسووڕمان گۆڕا بۆ شڵەژان. "**یۆسی**، تۆ باسی چی دەکەیت؟ ئەمە چییە هەموو شتێک پەیوەندیی بە ئەرکێکەوە هەیە؟"

ئەمجارە نۆرەی **ماوسی** بوو ڕابچڵەکێ. کەواتە هەر بە ڕاستی هیچی لە بارەی ئەرکەکەوە نەدەزانی؟ چۆن وا دەبێت؟ **ماوسی** جارێکی تر هەوڵی دایەوە، ئەمجارەیان بە دوودڵییەکی زیاترەوە: "ئەرکەکە، **بێرتا**. . لە کۆگای خشڵفرۆشییەکە. . . ."

"بۆ خاتری خوا، **یۆسی**، ئەم شێروڕێوییە بەسە: لە کۆگەکە چی ڕوو دەدات؟" نەیدەزانی. هیچی لە بارەی ئەرکەکەوە نەدەزانی. لە ئاوازی دەنگە ترساوەکەیەوە ڕوون بوو. ئێستایش، **ماوسی** نەیدەزانی چی بڵێت، چۆن حاڵی خۆی ڕوون بکاتەوە.

"باشە پێم بڵێ تۆ کێیت؟" **بێرتا** وەخت بوو بە تەواوی بقیژێنێت. "پلانت بۆ چی داناوە لە خشڵفرۆشییەکە؟" شتێکی بە بیردا هات کە وای کرد دەستبەجێ هەستێتە پێ، چاوی بز کردبووەوە. "تۆ دزیت، **یۆسی**؟ دەتەوێت کۆگاکە ببڕیت، بە نیازی ئەوەیت، **یۆسی**؟ بە نیازی ئەوەیت؟ پێم بڵێ، **یۆسی**، ئەوە ڕاستە؟ تکایە، **یۆسی**، بە نیازی ئەوەیت؟" پاشان بە پشتا خۆی بەسەر قەنەفەکەدا دا. "بێدەنگییەکەت ئاشکرات دەکات،" لەژێر لێوەوە وای گوت و بە قیزەوەوە تەماشای دەکرد. "تۆ

هەرگیز لە بیری ناکات. بە دەم هەنسکدانەوە گوتی، "خۆشم دەوێیت، **بێرتا**، خۆشم دەوێیت." دەرگایەک کرایەوە و کەسێک، کە خانمێکی پیر بوو، بە گومانەوە لێی ورد بووەوە. پێش ئەوەی بتوانێت تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات، **ماوسی** باڵەخانەکەی جێ هێشت.

خۆی لە شەقامە چۆڵەکەدا بینییەوە، لەژێر ئەو بەفرەدا کە لەو ساتەدا دەباری. ئەمجارە چی؟ دەبێت چی بکات؟ پتر لە هەر کاتێک هەستی بە ونبوون دەکرد: لە شادییەکی هێستیرییەوە بۆ قورسترین خەمباری. ئەوەیش بەس بوو تا هەر کەسێک وێران بکات. لە ساتێکدا شۆڕشگێڕێک بوو بە ئەرکێکی ڕوونەوە و لە دووریی هەنگاوێک لە سەرکەوتنەوە، ساتی دواتر شەیتانێکی داماوی شڵەژاو. لە ساتێکدا بە تەنیشت ژنێکەوە کە دەکرا ببێتە خانمی ژیانی، ساتی دواتر وەک سەگێکی گەڕ فڕێ درایە دەرەوە.

چی هەیە بیکەم، لە خۆی پرسی، چی هەیە بیکەم؟ بەبێ ئامانج دەستی کرد بە ڕۆیشتن. شەوی سەری ساڵ بوو، لە پەنجەرە تەمگرتووەکانەوە خێزانەکانی دەبینی بە دەوری مێزەکانەوە، کە بە بڕی زۆر خواردنیان لەسەر کەڵەکە کرابوو—دیمەنێک کە تەنیا بێئومێدیی **ماوسیی** زیاد دەکرد.

بەڵام هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، هەتا دواجار خۆی لە گێتۆ کۆنەکەدا بینییەوە. چاوی بە سیناگۆگە کۆنەکە کەوت، کە **گــۆلەمــ**ـە ئەفســانەییەکە لە ڕاڕەوەکەیــدا نێژرابوو. گۆڕستانە کۆنەکەیش لەوێدا بوو و گۆڕەکان بە بەتــانییەکی ئەســتوور لە بەفــر داپۆشــرابوون. بــۆ **ماوسی** هەموو شتێک وا دەردەکەوت کە گوزارشت لە دۆخی بێهیوایی ئەو دەکەن. دەرگا داخراوەکان. ڕازە ئاشکرانە کراوەکان. مەرگ چاوەڕوانی بوو و ڕێگەی دەربازبوونیش نەبوو. ڕوو لە کێ بکات؟ لە کێ؟

**کافکا**. دەبێت بە دوای **کافکا**دا بگەڕێت و ئەوەی ڕووی دابــوو بــۆی بگێــڕێتەوە و ڕاشــکاو و ڕاســتگۆ بێــت لەگەڵیدا: "ناتوانم بزانم ئەرکەکەم چییە، تکایە پێم بڵێ، باسی ئەو ئەرکەم بۆ بکە کە پێویستە جێبەجێی بکەم، بۆ ئەوەی بە دوایدا بڕۆم."

لە شــەقامی کیمیــاگەرانەوە دوور نەبــوو. هەتــا ئەوێ بە ڕاکــردن ڕۆیشـــت و نـــزای دەکــرد **کافکــا** لە مـــاڵە بچووکەکەیدا بێت.

کە گەیشــتە ئەوێ هەناســەی لەبەر بڕابــوو. دەرگــا و پەنجەرەکان داخرابوون، بەڵام ڕووناکییەکی کز لە توێی پەردەکانەوە دیار بوو. بەڵێ، پیاوەکە لەوێ بوو.

لە دەرگای دا، سەرەتا بە نەرمی.

وەڵامێک نەبوو.

دیسان لە دەرگای دایەوە، ئەمجارەیان توندتر.
ئاهێک. ئاهێکی قووڵی لەودیو دەرگاکەوە گوێ لێ بوو.
ئاهی کەسێک لە خۆی دەپرسێت: "چییان لێم دەوێت؟ بۆ لێ ناگەڕێن بە تەنیا بم؟ بۆ ناتوانم لێرە بمێنمەوە و چیرۆکەکانم بنووسم—دەربارەی ئەو پڵینگانەی هێرش دەکەنە سەر پەرستگاکان، دەربارەی ئەو پیاوانەی دەبنە قالۆنچە—ڕەنگە ئەوە هەمووی بێهوودە بێت، بەڵام ئەوانە چیرۆکی منن، ئەو چیرۆکانەی ژیانمیان لە پێناودا دادەنێم، کە ئەویش بێهوودەیە، بەڵام چی بڵێم؟—من ئەوەم دەوێت. ئایا هێندە بەس نییە کە باوکێکی ستەمکارم هەیە، وەزیفەیەکی ڕۆتینیم هەیە، دەزگیرانێکم هەیە لەگەڵیدا ناگونجێم—بۆ دەبێت سەرباری هەموو ئەمانەیش بەبێ سکاڵا بەرگەی ئەم خەڵکە خۆتێهەڵقورتێنەش بگرم؟"
ئاهەکەی وای کرد **ماوسی** بوەستێنێت. ئێمە کەی مافی ئەوەمان هەیە **فرانز کافکا**ی داماو بە خۆی و کێشەکانییەوە بێزار بکەین؟ بەڵام پاشان هاتەوە سەر خۆی، ئەمە چ قسەیەکی پووچە، ئەو یەکێکە لە هاوڕێیانی حیزب، ئەڵبەت بۆ من نامۆیە، بەڵام هاوڕێیانی حیزب بۆ ئەوە هەن، یارمەتیت بدەن—دواجار **ماوسی** داوای شتێکی تایبەتیی بۆ خۆی نەدەکرد: بۆ دۆزەکەیان بوو، دۆزەکەیشیان دەکەوتە

پێش هەر ئارەزوویەکی تاکەکەسییەوە، لە نێویشیاندا، تەنانەت بە شێوەیەکی گشتییش، لە سەروو شتە تایبەتییەکانی ڕۆشنبیرەکانەوە، چونکە ڕۆشنبیرەکان هەمیشە لە چاوی شۆڕشگێڕەکانەوە جێی گومان بوون، هەتا ئەو کاتەی پێچەوانەی ئەو گومانەیان دەسەلماند (جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم، وەک **مارکس** و **ئەنجلس** و **ترۆتسکی**.)

دەرگاکە کرایەوە. **ماوسی** خۆی لەبەردەم پیاوێکدا بینییەوە کە هێشتا گەنج، بالابەرز (ڕاستە بۆ **ماوسیی** بالاکورت، هەموو کەسێک بالای بەرز بوو، بەڵام ئەمەیان کەسێک بوو بالای هەر بە ڕاستی لەسەروو مامناوەندەوە بوو)؛ ڕووخساری ڕەقەڵە و قژ و چاوی ڕەش و گوێچکەی گەورە. لاوازیش، زۆر لاواز. ئەو دوو شتە لەوانی تر زیاتر سەرنجی **ماوسیی** ڕاکێشا: لاوازییەکەی، نیگا جێگیرە تیژەکەی.

"چیت دەوێت؟" **کافکا** پرسیاری کرد. ئاوازی دەنگی خۆشدوو بوو، بەڵام ناپاکیی لە بێئارامییەکی لەڕادەبەدەر پاساوهەڵگر دەکرد: لە دەرگاکەوە، **ماوسی** مێزێک و ئامێرێکی چاپکردنی بینی. **کافکای** لە ناوەڕاستی کارەکەیدا بڕیبوو.

"لە بارەی دەقەکەوە. . . ."

"دەق؟" **کافکا** برۆی هێنایە یەک. "کام دەق؟"

"ئەو دەقەی بۆت ناردم؟"

"ئەها." ئێستا بیری کەوتەوە. "تۆ بوویت تەلەفۆنت کرد."

ئینجا زانی **ماوسی** هێشتا لەسەر شەقامەکەیە و بەفری بەسەردا دەبارێت. "بەڵام وەرە ژووری، وەرە ژووری. با لە ژوورەوە قسە بکەین."

**ماوسی** چووە ژوورەوە. لە ژوورەوە، خانووەکە—ئەگەر شوێنێکی وا شایانی ئەوە بێت پێی بڵێیت خانوو—تەنانەت لەوەیش بچووکتر بوو کە لە دەرەوە دەردەکەوت. مێزەکە، چەند کورسییەک، جێخەوێک، چەند ڕەفەیەک کە کتێبیان لەسەر کەڵەکە کرابوو.

"گوێ مەدەرە جەنجاڵییەکە،" **کافکا** گوتی. "وەک دەبینیت، ئێرە شوێنی کارکردنە. تکایە دابنیشە. داوای لێبوردن دەکەم هیچم نییە پێشکەشتی بکەم. لێرە نان ناخۆم. لە بارەی ساردیی ژوورەکەوە داوای لێبوردن دەکەم. گەرمکەرەوەکە دێت و دەبڕێت."

"نیگەران مەبە." **ماوسی** گوتی، "هیچ کام لەوانە بە لای منەوە گرنگ نییە." بۆ ساتێک وەستا و پاشان بەردەوام بوو: "ئەوەی گرنگە دۆزەکەمانە. دۆزەکە پاساوی هەموو قوربانیدانێک دەداتەوە."

ویستی ئەم ڕستەیەی کۆتایی پەیامێکی نهێنی بێت. چاوەڕێ بوو لەگەڵ بیستنی وشەکانیدا، ڕووخساری **کافکا** بگەشێتەوە و هاوار بکات، "بەڵێ، هاوڕێ،

دۆزەکەمـــان پاســـاوی هەمـــوو شـــتێک دەداتەوە، لە نێویشیاندا دزینی جامە ئاڵتوونییەکان، ئێستا با بڕۆین بۆ ئەوێ، دەتوانین لە ڕێگا وردەکارییەکان باس بکەین."

بەڵام خاوەنماڵەکە هیچی نەگوت. هەردووکیان بەرامبەر یەکتر دانیشتبوون. **کافکا** چاوی بڕیبووە میوانەکەی، وەک ئەوەی چاوەڕێ بوو بزانێت بۆچی هاتووە. بۆ چەند ساتێک بێدەنگییەکی سامناک باڵی کێشا، بێدەنگییەک کە تەنیا دەبووە هۆی زیادبوونی نیگەرانیی **ماوسی** کە خۆی ئازاری دەچەشت. **کافکا** کە تێبینیی ئەوەی کرد—دواجار ئەو لەگەڵ کرێکاری بریندار‌دا هەڵسوکەوتی دەکرد بۆیە دەبێت بەو دۆخە دژوارانە ڕاهاتبێت—بڕیاری دا بە پرسیارێک یارمەتیی بدات: "کەواتە، دەقەکەت پێ چۆن بوو؟"

"دەقەکە؟ دەقەکە نایابە. . . . **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە**. نایابە. . . پڵینگەکان دەچنە ناو پەرستگاکەوە. . . . گومانی تێدا نییە، نایابە. . . ."

"ئەی بە کەڵکتان دێت؟"

**ماوسی** لە پرسیارەکە تێنەگەیشت، بەڵام نەیشیویست تێنەگەیشتنەکەی دەربخات. "بە کەڵکمان بێت؟ بە دڵنیاییەوە، بە کەڵکمان دێت. کێشەکە. . ."

"ناڕوونییەکەیەتی." **کافکا** بە خەندەیەکی چکۆلەوە بۆی تەواو کرد. "ئەوە نییە؟ ناڕوونییەکەی. ئەو دەقە

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب ١٣٠

# پڵینگەکانی کافکا

ڕۆمان

## مواسیر سکلیر

**سەیوان محەمەد**

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

- بەرگ: شالاو حەبیبە
- چاپ: یەکەم- ٢٠١٦
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٤٠٠٠ دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی ٢٠١٦ی پێ دراوە

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە**

*Kafka's Leoprads*, Moacyr Scliar, Translated from Portuguese by Thomas O. Beebee

نـــاڕوونە، دەزانـــم. هەمـــوو دەقەکـــانم بەو جـــۆرەن، ناڕوونن. بۆیە کێشەم لە بڵاوکردنەوەیاندا هەیە."

**ماوسی** لەسەر کورسییەکەی خۆی ڕێکخستەوە. "باشە... ڕێـک ئەوە ڕاسـتییەکەیە. بەڵام تێـدەگەم کە دەبێت بەو جۆرە بێت... دەقەکە دەبێت ناڕوون بێت... دواجار بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەبەستەی کە بۆی نووسراوە..."

ئێستا وا دیار بوو **کافکا** لە فکری خۆیدا ڕۆ چووبێت. دواجـــار گـــوتی "نـــاڕوونی. هەنـــدێک پێیـــان وایە ئەوە کێشەکەیە، بەڵام بۆ من چارەسەرە."

"بۆ منیش،" **ماوسی** بە پەلە گوتی، "پێم وایە ڕوونی، لە دۆخێکی وەک ئەوەی خۆماندا، کارەساتبار دەبێت."

ئەمجارە نۆرەی **کافکا** بـوو سەرسـامیی خۆی پیشـان بدات. "کارەساتبار؟ من تا ئەو ڕادەیە ناڕۆم..."

"بەڵـێ، کارەســاتبارە،" **ماوســی** جەختــی کــردەوە. "بە لەبەرچـــاوگرتنی بـــارودۆخی ئێســـتا، کراوەییـــی سەرکێشییەکە کە نابێت بیکەین."

"دەبیـــنم تـــۆ کەســـێکی ڕادیکاڵیـــت،" **کافکـــا** بە نەرمەخەندەیەکەوە گوتی.

"ڕادیکـاڵ؟ بەڵـێ ڕادیکـاڵم. مـن بە تەواوی ڕادیکـاڵم." **ماوســی** بە شـانازییەوە گـوتی. هەسـتی کـرد دەبێـت زێدەڕۆیی کردبێت، خۆی ڕاست کـردەوە. "واتـا، هەوڵ دەدەم وا بـم، ڕادیکـاڵ بـم. دەمەوێـت بە ڕەگوڕیشـەدا

برۆمە خوارەوە. دەمەوێت هەموو شتێک ئاشکرا بکەم کە دەشێت ئاشکرا بکرێت، هەموو شتێک وێران بکەم کە دەبێت وێران بکرێت."

"وێرانکردن،" **کافکا** بە چرپەوە گوتی. "بەڵێ ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت. ڕەنگە خولْقاندن وێرانکردن بێت."

لە دۆخە وەجدئاساکەیدا، **ماوسی** تەنانەت گوێی لە **کافکا**یش نەدەگرت. "لەم ڕووەوە، من بۆچوونەکانی **ترۆتسکی**م بە دڵە: شۆڕشی بەردەوام. شۆڕش وەک فۆرمێکی ژیان."

"**ترۆتسکی**؟" **کافکا** جارێکی تر بڕۆی هێنایە یەک. "**ترۆتسکی** نموونەی باڵاتە؟ **لیۆن ترۆتسکی**؟"

**ماوسی** هەستی کرد ساردییەک بەناو سکیدا هات. هەتا ئەو ساتە بە ڕەهایی دڵنیا بوو **کافکا** ئەندامێکی کۆمەڵەی ترۆتسکیستەکانە، بەڵام ئێستا کاردانەوەی نووسەرەکە تووشی سەرسوڕمانی کرد. بڵێی لەمەیشدا هەڵە بێت؟ یان لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەی دواییدا ڕووداوێک هەموو شتێکی گۆڕیبێت—بۆ نموونە ئینشیقاقێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا؟ کێ دەزانێت، لەوانەیە لەو سەروبەندەدا **ترۆتسکی** باڵێکی تری لە حیزبدا کردبێتەوە، باڵێک کە **کافکا** لەگەڵیدا نەبێت و بگرە بە دوژمنی سەرسەختی خۆی بزانێت؟ دۆخی **ماوسی**، لە ڕووی سەرچاوەی زانیارییەکانییەوە، هیچ

باش نەبوو — پێشتریش هەرگیز باش نەبووە. چۆن دەیتوانی خۆی بە زانیاریی باش تەیار بکات لە کاتێکدا ئەو لە گوندێکی بێسارابیادا دەژیا، کە دانیشتووانەکەی چەندین حەفتەیان تێدەپەڕاند بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەیەک بخوێننەوە — ئەگەر هەر ڕۆژنامەیان بخوێندایەتەوە؟ بێگومان کە یۆسی لەگەڵدا بوایە ئەوە هەر کێشە نەبوو: هاوڕێکەی سەرچاوەی چاوەڕواننەکراوی زانیاریی پەیدا دەکرد، هەموو ئەو شتانەیشی دەگەیاندە هاوڕێکانی کە دەبوو بیزانن. گومانی تێدا نەبوو، هەمان شت بۆ کافکایش ڕاست بوو، کە دواجار ئەو لە دۆخێکی باشتردا دەژیا (شارێکی گەورە، ڕۆژنامەی ڕۆژانە، تەلەفۆن). باشتر وا بوو بە وریاییەوە بەردەوام بێت. ئێستا ئەوەی لە مەترسیدا بوو تەنیا تەریقبوونەوەی ماوسی نەبوو: مەترسیی لەڕێلادانی ئایدیۆلۆژییشی هەبوو، شتێک کە یۆسی بەردەوام ئاگاداری دەکردەوە لێی.

ماوسی چاوەڕێی سەرزەنشتێکی ناڕاستەوخۆ بوو: "لە هەندێک ڕووەوە دەڵێم بەڵێ. بەڵام هەمیشە لە چوارچێوەی دیالێکتیکدا و ئەوەشمان لە بیر بێت کە لە کاتێکدا دەکرێت شۆڕش بەردەوام بێت، بەڵام لە ڕاستیدا نا، پێت وا نییە؟ بە مانایەکی تر، من پلینگەکانی ناو پەرستگاکە وا دەبینم، وەک پەیامێکی دیالێکتیکی."

**کافکا** بۆ چەند ساتێک بیری لەمە کردەوە. "بەڵێ، دەکرێت دەقەکە بەو جۆرە ببینرێت." تەماشایەکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد، دیار بوو ئارامی نەمابوو— بێگومان دەیویست کۆتاییەک بۆ گفتوگۆکەیان دابنێت و دەست بە کارەکەی بکاتەوە، بۆیە گەڕایەوە سەر خاڵە سەرەکییەکە: "بەڵام هێشتا وەڵامی پرسیارەکەمت نەداوەتەوە: دەقەکە بە کەڵکتان دێت؟"

ئەمە چرکەساتی دەرکەوتنی ڕاستییەکانە، **ماوسی** لە دڵی خۆیدا گوتی. ئەو ساتەی کە دەبوو خۆی تێدا ئاشکرا بکات، بیویستایە یان نا. ئامادەیش بوو ئەوە بکات. یان ڕاستتر، ناچار بوو ئەو کارە بکات. پاش کارەساتەکەی لای **بێرتا**، چیتر هیچ شتێکی بە لاوە گرنگ نەبوو.

"دەقەکە بە کەڵک دێت، هاوڕێ،" بە سەختییەکەوە وای گوت. "ئەوە منم کە بە کەڵک نایەم."

**کافکا** بە سەرسووڕمانەوە تەماشای کرد. "تۆ بەکەڵک نایەیت؟ مەبەستت چییە؟"

"مەبەستم ئەوەیە لە دەقەکەی تۆ تێنەگەیشتم. پەیامەکەم پێنەگەیشت. کەمترین بیرۆکەشم لە بارەیەوە نییە."

"بەڵام، یەک خولەک بوەستە،" **کافکا** بە دەنگێکی لە پڕ دۆستانەوە گوتی. "ئێمە هەر ئێستا هاوڕا بووین کە دەقەکە ناڕوونە. تۆ ناچار نیت پەیامێکی لێ دەربهێنیت.

مانا ئاماژەی پەیوەندیدارە، لەوانەیشە ئەو پەیوەندییانە هەر بوونیان نەبێت."

"بەڵام دەبێت من لە ماناکەی تێبگەم!" **ماوسی** بە خەمبارییەوە گوتی. "تێناگەیت؟ من تەنیا لەبەر ئەوە هاتووم بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی تێبگەم، بۆ ئەوەی ئەرکەکە جێبەجێ بکەم. . . ."

**کافکا** پرسی "ئەرک؟ تۆ باسی چی دەکەیت؟"

"تکایە هاوڕێ،" ئەمجارە **ماوسی** لێی دەپاڕایەوە، "زەلیلم مەکە، تەریقم مەکەرەوە زیاتر لەوەی تەریق بوومەتەوە. من بەڵێنم بە هاوڕێ **یۆسی** داوە، کە زۆر نەخۆشە، ئەرکەکەی جێبەجێ بکەم. هەر بۆیە هاتووم بۆ پڕاگ، هەر بۆیە تۆ دەقەکەت پێ دام. کێشەکە ئەوەیە من بە تەواوی گەمژەیەکی بێتوانام. تا ئێستا هەرچیم کردووە هەر تێکەڵکردنی شتەکان بووە و گەڕاندنەوەی هەموو شتەکان بووە بۆ دواوە. سەرەتا ناونیشانەکەی تۆم ون کرد و کێشەی زۆرم هاتە ڕێ لە دۆزینەوەتدا. کاتێکیش دواجار دەقەکەتم پێ گەیشت، نەمتوانی بزانم باسی چی دەکات. یان بە هەڵە لێی تێگەیشتم، دڵنیا نیم. چیتر لە هیچ شتێک دڵنیا نیم. پێم وا بوو ئامانجی ئەرکەکەم دۆزیوەتەوە؛ تەنانەت پێم وا بوو ئەو ژنەشم دۆزیوەتەوە کە دەبێت بە پردی پەیوەندیم، بەڵام بە هیچ شێوەیەک وا نەبوو، ئێستاش هیچم لا ڕوون نییە

لە بـــارەی شـــوێنەکەوە، لە بـــارەی هـــیچ شـــتێکەوە. پێویستیم بە یارمەتییە، هاوڕێ، تکایە یارمەتیم بدە."

**کافکا** بە بێدەنگی تەماشـای دەکـرد. دواجـار پرسـیاری کرد، "تۆ کێیت؟"

"من کێم؟ مەبەستت ئەوەیە نازانیت؟"

نەخێر. **کافکا** نەیدەزانی. ئەوە لە سەروسـیمایەوە دیـار بـوو. "وام زانـی لێـرە، لە پـڕاگ، ئـیش بـۆ ژوورنالێـک دەکەیت بە زمـانی ییدی کە بەڵێنی دەقێکم پێ دابوون. بەڵام دەبینم هەڵە بووم."

لە پـڕ ڕوونـاکییەک بـۆ **ماوسـی** ئاشـکرا بـوو. بـۆی دەرکەوت چـی ڕووی داوە. **کافکـا** بە شـێوەزارەکەی **ماوسـی**، کە شـێوەزاری جـوویەکی ڕووسـی بـوو، خەڵەتـابوو. بە کەسـێک تێگەیشـتبوو کە لە ژوورنـاڵێکی ییدی کـاری دەکـرد، یەکێک لەو گۆڤـارانەی کە **کافکا** لە ئەنجـامی سەرسـامیی بە جـوودابیزمی[14] ڕۆژهەڵاتـی هاوکاریی دەکردن. بۆیە داواکردنی دەقەکە شتێکی نامۆ نەبـوو بە لایەوە. بەڵکـوو بەبـێ دواکەوتـن وەڵامـی دابووەوە. بەو جۆرەیش هەڵەکە ڕووی دابوو.

---

[14] جـوودابیزم واتـا یەهـوودییەت، بەڵام لەبەر ئەوەی بە درێژاییی وەرگێڕانەکە وشەی "جوو"مان بەکار بردووە، نەک یەهوودی، بۆیە لەم تەنیا حاڵەتەشدا "جوودابیزم"مان لە بری یەهوودییەت داناوە.

ئەی ئێستا؟ چی بکرێت؟ هەموو ڕاستییەکە بڵێت؟ نەخێر، **ماوسی** نەیدەتوانی هەموو شتێکی پێ بڵێت. دواجار، نەیدەزانی تا چ ڕادەیەک متمانە بە **کافکا** بکات. بۆ دەربازبوون دەبوو چیرۆکێک دروست بکات، هونەرێک کە خەریک بوو تێیدا دەبووە مامۆستا.

چیرۆکێکی دروست کرد. بەڵێ، کاری بۆ ژوورنالێکی ییدی دەکرد—بەڵام لە ڕووسیا، نەک پڕاگ، کە ئێستا بە سەردان بۆی هاتبوو. "**یۆسیی** هاوڕێم کە سەرنووسەرە، پێی گوتم کە دەبێت سوود لەم هەلە وەربگرم و پەیوەندی بە نووسەرێکەوە بکەم... کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە. ئەو نووسەرەیش دەقێکم پێ دەدات بۆ ژوورناڵەکەمان. وام زانی تۆ ئەو نووسەرەیت. هەڵەکەش لێرەوە ڕووی دا." **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە**ی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆ **کافکای** درێژ کرد: "فەرموو. تکایە لە هەموو تێکەڵاوییەکان ببوورە...."

**کافکا** بەبێ جووڵە تەماشای دەکرد. لە پڕ کۆکەیەک سەری لێ دا. نەرمەکۆکەیەکی وشک و نزم بەڵام مەترسیدار. **ماوسی** گیانی کەوتە لەرزین. ئەو کۆکەیەی دەناسییەوە: دڵنیا بوو کە نیشانەی سیلە—ئەو دێوەزمەیەی کە شانبەشانی کوشتارگەکان لە قڕکردنی گوندە جووەکاندا بەشدار بوو. **کافکا** لە گوند نەدەژیا، بەڵام هەموو نیشانەکانی قوربانیی تێدا بوو: لاوازی،

ڕەنگزەردی، ڕوومەتـی کەمێک سـوورهەڵگەڕاو. لەگەڵ تەڕوتووشی ماڵە بچووکە ساردەکەدا کە بۆ سیل باش نەبوو. پەشـیمانییەکی گەورە **ماوسـێی** داگـرت، هەمـان پەشیمانی کە دایکی هەستی پێ دەکرد ئەگەر لە شوێنی ئەو بـوایە: تـۆ نەخۆشـیت، **کافکـا**، زۆر نەخۆشـیت، ئەو کـۆکەیە گـاڵتە نیـیە، ئەوە پەتـا نیـیە، بەڵکـوو سـیلە، دەتکوژێـت وەک چـۆن زۆر کەسـی تـری کوشـتووە، وانەزانی دوکتـۆراکەت لە یاسـادا ڕزگـارت دەکات، یان نووسەربوونت ڕزگـارت دەکات، ئەم نەخۆشییە کەسی لێ قوتـار نابێت، پێویستە چارەی خـۆت بکەیت، زیاتر بخـۆ، تەماشـا چەنـد لاوازیـت، دەبێـت لەم شـوێنە نەفرەتییەیش دەربچیت، لەم ئەشکەوتە سارده شێداره، مانەوە و نووسین لێرە هیچ سوودێکی نەماوە ئەگەر بە ژیانـت بـاجەکەی بـدەیت، لێـرە بـڕۆ پـێش ئەوەی زۆر درەنگ بێت، گـوێ لەم قسـانەم بگـره، بۆ باشـیی خـۆت دەڵێم.

بەڵام **ماوســێ** هەمــوو ئەو قســانەی لە دڵــی خۆیــدا هێشــتنەوە. بەردەوام بــوو لە تەماشــاکردن **کافکــا** بە بێـدەنگی. دواجــار کــۆکەکەی کۆتــایی هــات. **کافکـا** دەستەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێنا و ئارەقەی نێوچاوانی سڕی. "ببوورە. کەمێک لەمەوپێش ئەم کۆکەیە سـەری لــێ دام. شــتێکی دەروونیــیە، خــۆت دەزانـــی."

زەردەخەنەیەکی خەمگینی کرد: "ڕەنگە پێویست بێت دوکتۆر **فرۆید** چارەسەرم بکات."
"دەقەکەت ببە،" **ماوسی** جەختی کردەوە.
"نەخێر، هەڵیگرە."
نیگا و ئاوازی دەنگی کاریان کردە سەر **ماوسی**. وەک ئەوە بوو لەو ساتەدا **کافکا** بڕیاری دابێت **ماوسی** بکات بە عەمباری شتێک؛ **ماوسی** دڵنیا نەبوو ئەو شتە چییە، بەڵام دڵنیا بوو کە نایەوێت پەسەندی بکات.
"بەڵام، بەڕاستی من نامەوێت. . . ."
"هەڵیگرە." ئاوازی دەنگی بە ئاشکرا فەرماندەر بوو، هێندە فەرماندەر کە **ماوسیی** ترساند. "دەقەکە هەڵگرە."
"کۆپیی ترت هەیە؟"
"خەمی ئەوەت نەبێت. بەڵێ یەکێکی ترم هەیە. کۆپییەکی ترم هەیە. دەقەکە هەڵگرە." هەستا و دەرگاکەی کردەوە.
"ئێستاش تکایە بمبوورە، دەبێت ئیش بکەم. کاتم بۆ ئەدەب زۆر کەمە. . . . هیوادارم لێم تێبگەیت."
"تێدەگەم،" **ماوسی** بڵماندی، کاتێک ڕۆیشتە دەرەوە.
دەرگاکە لە دوایەوە داخرا. بیری لەوە کردەوە بگەڕێتەوە و بە **کافکا** بڵێت کە دەقەکە—هەرچەندە لێیشی تێنەدەگەیشت—نایاب بوو. بەڵام دەرگا داخراوەکە پەشیمانی کردەوە.

لە پڕ هەستی بە شەکەتی دەکرد، بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ هـوتێلەکە. دەیویست لەسەر جێگەیەک ڕابکشێت، هەر جێگەیەک. دەیویست بخەوێت، ئاگای لە خۆی نەمێنێت، خەون نەبینێت، خەوێک بیباتەوە کە بتوانێت ئەو ڕۆژە کارەساتبارەی بیر بباتەوە. بەڵام هەر جۆرە خەوێکی لێ حەرام بوو.

کاتێک گەیشتە هوتێل تێرمینوس، چاوی کەوتە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس کە لەبەردەم هـوتێلەکەدا وەستابوو. یەکسەر دڵی خەبەری دا، نەڕۆیشتە ژوورەوە: لە شووشەی دەرگاکەوە لە ژوورەوە ورد بووەوە.

پیاوانی پۆلیس لە ژوورەوە بوون. دیار بوو پرسیاریان لە فەرمانبەری بەشی پێشوازی دەکرد، ئەویش تۆماری ئەو ناوانەی پیشان دەدان کە لە هوتێلەکەدا مابوونەوە.

**ماوسی** گومانی نەبوو کە ئەو کەسەی بە دوایدا دەگەڕان، خۆی بوو. بەڵام دەبێت کێ هەواڵی لێ دابێت؟ لەوانەیە فەرمانبەرەکەی بەشی پێشوازی بووبێت، ئەو کابرا بەدە نەگریسە. یان لەوانەیە (سەرودڵی گیرا بەم ختوورەیە) **بێرتا** هەواڵی دابێت. پێویست بوو دەستبەجێ هەڵبێت. مەحاڵ بوو بڕواتە ناو هـوتێلەکەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستیشی نەدەکرد. پارە و بەڵگەنامەکان و بلیتی شەمەندەفەرەکەیشی پێ بوو، کە نەیویستبوو سەرکێشیی ئەوە بکات لە هـوتێلەکە

بەجێیان بهێڵێت—وەک ئێستایش دەردەکەوت کارێکی زۆر ژیرانە بوو. دەبوو جانتاکەی بەجێ بهێڵێت—ئارام بە. ماوەیەکی زۆری پێ دەچێت هەتا بتوانێت جلوبەرگی نوێ بکڕێت، بەڵام ئەوە، بە بەراورد بە ئەگەرەکان، هیچ نەبوو.
بەختی هەبوو. شەمەندەفەرێک لەو کاتەدا بە ڕێ دەکەوت بۆ ڕۆمانیا. سواری ئەو شەمەندەفەرە بوو. بە درێژاییی ڕێگاکە نوست، تەنیا ئەو کاتەی گەیشتنە جێ لە خەو ڕابوو. لە بیریشی نەچوو گیرفانەکانی بپشکنێت. هەموو شتەکان لە جێی خۆیاندا بوون: پارە، بەڵگەنامەکان. ئا، بەڵێ، دەقێکی **فرانز کافکا**یش بە ناونیشانی **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە**.

جگە لە ئامادەیی چڕی سوپاکان—جەنگەکە گەیشتبووە چڵەپۆپە—پاشماوەی گەشتەکەی بەبێ ڕووداو تێپەڕاند. هەمان بەلەموان پەڕاندییەوە بۆ ڕووسیا، ئەمجارەیان بە بێدەنگییەکی تەواوەوە. دواجار، کاتێک گەیشتەوە ماڵ شەو داهاتبوو. ڕۆیشتە ژوورەوە و هاوارێکی چاوەڕوانکراو لە هەموویان بەرز بووەوە—هەموویان ڕایانکرد و لە ئامێزیان گرت. "ئەمە ڕۆژێک دەمکوژێت!" دایکی بە دەم گریان و پێکەنینەوە هاواری کرد، "ئەم بەچکە شەیتانە ڕۆژێک دەمکوژێت."

دواجار هێور بوونەوە: بە دەوری مێزەکەدا دانیشتن و بە ئامادەییەکەوە کە خۆی سەری لێ سووڕ مابوو ئەو چیرۆکەی گێڕایەوە کە دەربارەی گەڕان بە دوای ئیش لە شارێکی تردا ئامادەی کردبوو.

دایک و باوک و خوشک و براکەی باوەڕیان پێ کرد، یان وایان پیشان دەدا وەک چیرۆکی کوڕە دەستبڵاوەکە، هۆکاری ڕۆیشتنی **ماوسی** گرنگ نەبوو، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو گەڕابووەوە بۆ ماڵەوە. دواجار ئەو پرسیارەی کرد کە لە قوڕگیدا گیری خواردبوو:

ئەی **یۆسی**، ئەو چۆن بوو؟

بێدەنگییەکی سامناک باڵی کێشا.

"**یۆسی** مرد،" باوکی گوتی، "ئەو ڕۆژەی تۆ ڕۆیشتیت تایەکی زۆر خراپی لێ هات، پاشان لەرز گرتی و دواتریش، گیانی سپارد."

**ماوسی** هەواڵەکەی بە بێدەنگی وەرگرت، سەری خستبووە خوار. لە ڕاستیدا پێشبینیی ئەو هەواڵەی کردبوو، وەک ئەوەی **یۆسی**، کە تا دواسنوور میهرەبان بوو، ویستبێتی ئەوە لەسەر **ماوسی** نەهێڵێت کە ناچار بێت دان بە شکستەکەیدا بنێت. لە ئەرکەکەیدا شکستی هێنابوو، بە تەواوی شکستی هێنابوو. هیچی نەدۆزیبووەوە، هیچی ئەنجام نەدابوو، تەنانەت جلەکانیشی لە دەست دابوو. تەنیا شتێک لە گەشتەکەی

لای مابێتەوە دەقەکەی **کافکا** بوو کە لە گیرفانیدا بوو، لەگەڵ ئەو هەستکردنەی بە تاوانباری کە تا کۆتاییی ژیانی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.

....

پاش مردنی **یۆسی**، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕە گەنجەکان هەڵوەشایەوە. بە هۆی کۆڵنەدانی دایکییەوە، **ماوسی** لای باوکی دەستی بە کارکردن کرد. سەرەتا ڕقی لە کارەکە بوو چونکە پێی وا بوو لە ئاستی ئەودا نییە. بەڵام وردەوردە چێژێکی تایبەتی لە کاری بڕین و دروومان و قۆپچەدانان دەبینی. لانیکەم کارێکی لۆژیکی و پێشبینیکراو بوو، نە شتی کتوپڕ و نە نیگەرانیی تێدا بوو. ئای، خۆزگە دەیتوانی ژیانی بنیات بنێت، بۆ نموونە بەو شێوەیەی کە پارچەکانی هێلەکێکی پێکەوە دەدروو. بەڵام ژیان زۆر ئاڵۆزتر بوو لە هێلەکدروون، سیاسەتیش لە ژیان ئاڵۆزتر. **ماوسی** بڕیاری دا بۆ ماوەیەک سیاسەت بە لاوە بنێت و خۆی بۆ هێلەکدروون تەرخان بکات.

بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئانوساتدا بوو. جەنگەکە تا دواسنوور کێشەکانی ڕووسیای قووڵ کردبووەوە. برسێتی هەموو شوێنێکی ئەوێی گرتبووەوە و بە هۆی زستانە سەختەکەیشەوە دۆخەکە خراپتر بووبوو. ئازاری ١٩١٧، **قەیسەر نیکۆلاس** دەستبەرداری عەرش

بوو. حکوومەتی جێگرەوەیش، بە سەرۆکایەتیی **ئەلیکساندەر کیرینسکی**، تەنیا بۆ چەند مانگێک خۆی ڕاگرت. لە مانگی نیساندا **لێنین** بە شێوەیەکی دراماتیکی لە تاراوگە گەڕابووەوە. لە مانگی ئۆکتۆبەردا بەڵشەڤییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست.

هەموو ئەو ڕووداوانە، ئەو کاتەی دەگەیشتنە **چێرنۆڤیتسکی**، بووبوون بە هەواڵی کۆن، لەوێ بە سەرسووڕمان و نائومێدییەوە، ئەگەر نەڵێین بە ترسی ڕەهاوە، پێشوازی دەکران. قەیسەر هێمای چەوساندنەوە بوو، بەڵام چەوساندنەوەیەک کە پێی ڕاهاتبوون. ئێستا، کە ئاشووب هەموو ڕووسیای تەنیوەتەوە، دەبێت چی ڕوو بدات؟

لەگەڵ ئەوەیشدا، چەند کەسێکی گوندەکە هیوایان هەبوو، کەسیشیان بە ڕادەی **ماوسی** نا، کە خوێندنەوەی *مانیفێستۆی کۆمۆنیستیی* دەست پێ کردبووەوە. کاتی خوێندنەوەی **یۆسیی** بیر کەوتەوە کە ئێستا خەونەکەی بە دی هاتبوو: وەک **لێنین** لە کۆشکی زستانەدا[١٥] گوتبووی، کۆمەڵگەیەکی نوێ لەسەر وێرانەی ڕژێمە کۆنەکە دروست دەکرێت. **ترۆتسکی**، کە لە تاراوگە گەڕابووەوە، ئێستا لە حکوومەتی بەڵشەڤییەکاندا پۆستێکی گرنگی پێ سپێردرابوو:

---

١٥ Winter Palace

کۆمیسیاری گەل بۆ کاروباری دەرەوە. کاتێک **ماوسی** زانی ئایدیاڵەکەی سەردانی **ئۆدێسا** دەکات، ڕۆیشت بۆ ئەوەی بیبینێت، بە گالیسکەیەک کە لای کەسێک هێنابووی. بەڵام کاتێک گەیشتە ئەوێ، **ترۆتسکی** ڕۆیشتبوو.

حکوومەتی نوێ ڕێکەوتننامەی ئاشتیی لەگەڵ ئەڵمانیادا مۆر کرد بۆ کۆتاییهێنان بە گرژییەکان—بەڵام ئەو کاتە شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کردبوو، بەڵشەڤییە سپییەکان دژ بە سوورەکان. ململانێیەکی هێندە خوێناوی بوو کە ژمارەیەکی زۆر شار و شارۆچکە بە تەواوی وێران بوون. هەرچەندە **چێرنۆڤیتسکی** چارەنووسێکی وەها ماڵوێرانکەری نەبوو، بەڵام باوکی **ماوسی** دەترسا، بڕیاری دا خێزانەکەی ببات بۆ بەرازیل چونکە خزمی لەو وڵاتە هەبوو.

**ماوسی** نەیدەویست بڕوات. "شوێنی من ئێرەیە،" پێداگریی دەکرد، "دەمەوێت ببمە بەشێک لە شۆڕش و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێ." قەرزاری **یۆسی** بوو؛ نەدەکرا جارێکی تر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا شکست بهێنێت. دایکی تووشی داڕووخان بوو و هەڕەشەی کرد خۆی بکوژێت ئەگەر کوڕەکەی لەگەڵیدا نەڕوات. **ماوسی** ناچار بوو کۆڵ بدات. شەوێک گوندەکەیان و ئەو شتە کەمانەی کە هەیانبوو بەجێ

هێشت. لە ڕووبارەکە پەڕینەوە (بە بەلەمی هەمان بەلەموان کە جارێکی تر دەمی داخست) و کە گەیشتنە ڕۆمانیا، سواری شەمەندەفەر بوون بۆ هامبۆرگ، ئەڵمانیا. لەوێشەوە بە سواری کەشتییەکی بارهەڵگر بەرەو بەرازیل کەوتنە ڕێ.

خێزانی **کانتارۆڤیچ** لە **پۆرتو ئەلێگری** نیشتەجێ بوون. باپیرم، **ئایزاک کانتارۆڤیچ**، کارگەیەکی بچووکی جلوبەرگی دانا. داوای لە براکەی کرد کاری لەگەڵدا بکات، بەڵام **ماوسیی** برای داواکەی ڕەت کردەوە: نەیدەتوانی لەسەر بەهای سەرڕێژی و زەوتکردنی مافی پرۆلیتار بژی. ڕۆیشتە لای بەرگدروویەکی ترۆتسکیست بە ناوی **لیۆپۆڵدۆ ڕیبیرۆ**، ئەویش کارەکانی **ماوسیی** پێ باش بوو و پێشوازیی لێ کرد، سەرەتا بوو بە شاگردی و دواتریش هاوبەشی. بۆ چەندین ساڵ هەردووکیان لەسەر ڕێبازی **ترۆتسکی** دەڕۆیشتن، نووسینەکانیان دەخوێندەوە و تاوتوێیان دەکرد. ئەوەیش بەس بوو بۆ **ماوسی** چونکە، بۆ ئەو، دونیای سیاسەت دونیای ئایدیا و نووسین بوو. بەڵام **لیۆپۆڵدۆ** زیاتری دەویست. ئەو کرداری دەویست، کرداری شۆڕشگێڕانە. مانگرتن و ڕێگەگرتن و ململانێی چەکداریی دەویست؛ دەیویست شوێنە حکوومییەکان

داگیر بکات. کاتێک جەنگی ناوخۆ لە ئیسپانیا هەڵگیرسا، دواجـار هەلێکـی دەسـت کەوت. هەزاران چەپـڕەو لە سەرانسـەری جیهـانەوە—لە نێویشـیاندا کۆمەڵێـک لە **پۆرتۆ ئەلێگری**یەوە—خۆیـان لە لیوا نێودەوڵەتییەکاندا نـاونووس دەکـرد کە دەڕۆیشـتن بـۆ بەرگریکـردن لە حکوومەتی کۆماری. **لیۆپۆڵدۆ**یش بڕیاری هەمـان شتی دا. بە ژن و کـچەکەی ڕاگەیانـد، کە بە بیسـتنی ئەو هەواڵە تۆقیبـوون، کە ئەوە ئەرکێتـی و ئەگەر هاوکاریی حکـوومەتی کۆمـاری نەکـات ژیـانی هـیچ مانـایەکی نامێنێت. تەنـانەت بلیتیشـی کـڕی، بەڵام دوو ڕۆژ پێش گەشـتەکەی دەبـوو بە پەلە بگەیەنـرێتە نەخۆشـخانە بە هـۆی هەوکردنـی ڕیخۆڵەکوێرەوە، بە هـۆی هەوکردنـی پەردەی سـک و پەردەی ڕیخۆڵەکانیشـەوە دۆخەکەی ئاڵۆزتر بوو. پتر لە دوو مانگ لە نەخۆشخانە مایەوە، دوای ئەوەیش لەوە بێهێزتر بوو بتوانێت گەشت بکات. ئەو کاتەیش ئەوە یەکلایی بووبووەوە کە کۆمارییەکان چیتـر چانسـێکیان نەمـابوو، بـۆیە قایـل بـوو بە کـۆکردنەوەی کـۆمەک بـۆ لیـواکە و بڵاوکـردنەوەی بەیاننـامەیەک کە خـۆی نووسـیبووی لە بـارەی ململانـێکەوە و دروشـمی کۆمارییەکانیشـی وەک ناونیشان بەکار هێنابوو: *تێناپەڕن*.

یەکێکی تریش لە پلانەکانی بە بێهیوابوونی کۆتایی هات. پاش تێکچوونی لەگەڵ **ستالین**دا، **ترۆتسکی** ڕووی کردبووە تاراوگە لە مەکسیک. هەواڵەکە **لیۆپۆلدۆ**ی تووڕە کرد—شەرمەزاری بوو کە **ترۆتسکی** وڵاتێک بەجێ بهێڵێت کە هەموو شتێکی خۆی بەخشیبوو بۆ یارمەتیدانی—بەڵام لە هەمان کاتدا بیرۆکەیەکی لا دروست بوو: دەڕوات بۆ سەردانی لە ماڵەکەی خۆیدا لە دەوروبەری **کۆیاکان**. داوای لە هاوڕێکەی کرد لەگەڵیدا بڕوات. **ماوسی** بیری لە قبوولکردنی داواکەی کردەوە—بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ترسێکی گەورەی لە گەشتکردن بە فڕۆکە هەبوو، کە **لیۆپۆلدۆ** بە نیاز بوو گەشتی پێ بکات بۆ ئەو وڵاتە دوورە. **ماوسی** ئامادەی گەشتەکە نەدەبوو، بەڵام داوای لە هاوڕێکەی کرد کارێکی بۆ بکات.

"چ کارێک؟" **لیۆپۆلدۆ** لێی پرسی.

"دەمەوێت شتێک لە **ترۆتسکی** بپرسیت." کەمێک وەستا. "بەڵام سەرەتا دەبێت چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە."

ئینجا باسی گەشتەکەی پڕاگی کرد، باسی ئەو ئەرکەی کرد کە نەیتوانیبوو جێبەجێی بکات. کاتێک لێ بووەوە **لیۆپۆلدۆ** دەستی کرد بە پێکەنین. هێندە پێکەنی هەتا فرمێسک بە چاوانیدا هاتە خوارەوە. **ماوسی** سەرسام و تووڕە تەماشای دەکرد.

"ببووره، **بنیامین،**" **لیۆپۆڵدۆ**، که دەیویست هەناسەی بەبەردا بێتەوە، گوتی، "بەڵام ئەم چیرۆکەی تۆ بەڕاستی پێکەنیناوییە. ئەو تێکەڵکردنەی شتەکان. . ." دیسانەوە دایە قاقای پێکەنین. **بنیامین** پەست بوو. **لیۆپۆڵدۆ** جارێکی تر داوای لێبووردنی کرد و لێی پرسی چ پرسیارێک لە **ترۆتسکی** بکات.

**ماوسی** گوتی "لێی بپرسە چ ئەرکێکی بە **یۆسی** سپاردبوو." **لیۆپۆڵدۆ** بە جدییەتێکی لەناکاوەوە تەماشای کرد: "**ماوسی**، ئەو پرسیارەی لێ دەکەم. بۆ من ئاساییە. بەڵام دەمەوێت شتێک لەبەرچاو بگریت: ئەی ئەگەر **ترۆتسکی** گوتی چیتر لە یادی نەماوە **یۆسی** کێ بووە؟ یان ئەگەر هەموو شتێکی لە بیر چووبووەوە؟ خۆت دەزانیت ئەو پیاوە لە ژیانیدا بە زۆر شتدا تێپەڕیوە. ئەوەی بە لای تۆوە زۆر گرنگە ڕەنگە بۆ ئەو تەنیا گفتوگۆیەک بێت لەگەڵ گەنجێکدا ئەنجامی داوە کە لە پاریس بە شوێنییەوە بووە—وەک زۆر گەنجی تر کە دڵنیام بە هیچ جۆرێک لە یادی نەماون."

**ماوسی** ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی سەری داخست. دواجار چاوی هەڵبڕی. "تۆ ڕاست دەکەیت،" بڵماندی. "پرسیار مەکە."

له کۆتاییدا گەشتەکەی مەکسیک ئەنجام نەدرا. دۆستێی **لیۆپۆلدۆ** لای پۆلیس —ئەوە لە سەردەمی حوکمی دیکتاتۆریی **گیتولیۆ ڤارگاس**دا بوو— کێشەی زۆری بۆ دروست کردبوو لە بەدەستهێنانی پاسپۆرتدا. ئەو کاتەی دواجار بەڵگەنامەکانی پێ گەیشت، **ترۆتسکی** لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرابوو.

بێگومان **لیۆپۆلدۆ** و **ماوسی** تاکەهەواداری **ترۆتسکی** نەبوون لە **پۆرتۆ ئەلێگری**. بەڵام ترۆتسکیستەکانی تر خۆشیان لەم دووانە نەدەهات: **لیۆپۆلدۆ**یان بە لەخۆبایی دەبینی و **ماوسیی**ش جێی بەزەییبیان بوو. بەوجۆرە ئەو دووانە دابڕابوون، ئەوەیش لە ڕاستیدا بێزاری نەدەکردن: پێشەنگ هەمیشە دابڕاوە، **لیۆپۆلدۆ** بە شانازییەوە دەیگوت. دوور لەوانی تر لە خەبات بەردەوام دەبوون، کارەکانی **ترۆتسکی**یان دەخوێندەوە و تاوتوێیان دەکردن.

"لە کتێبی *مێژووی شۆڕشی ڕووسی*دا،" **لیۆپۆلدۆ** بەدەم برینی چاکەتێکەوە دەیگوت، "**ترۆتسکی** باس لە تەلیسمێکی گەورەی شۆڕش دەکات. ئەوە چ تەلیسمێکە؟"

**ماوسی** لە جێگەکەی خۆیەوە، لە پشت مەکینەی دروومانەکەوە، بەبێ دوودڵی وەڵامی دەدایەوە: "ئەو ڕاستییەیە کە پرۆلیتار لە نەتەوەیەکی دواکەوتوودا

دەســـەڵات بگـــرێتە دەســـت. ئەی لە کـــوێ بە دوای چارەسەری ئەو تەلیسمەدا بگەڕێین؟"

**لیۆپۆڵدۆ** بە خەندەیەکی هاوسۆزەوە وەڵامی دەدایەوە، "لە تایبەتمەندییەکانی ئەو نەتەوە دواکەوتووەدا."

بەڵام ئەم پێشـبڕکێ دۆسـتانەیە دواتـر دەگـۆڕا بـۆ گفتوگۆیەکی گەرم. لە زۆر شتیشـدا نـاکۆک بـوون—لە ڕاسـتیدا وەک ئەوە وا بـوو نـوێنەری دوو بـاڵی جیـاواز بـن. جارێکیـان، پـاش مشـتومڕێکی تونـد لە بـارەی بیرۆکەی دیکتـاتۆرییەتی پرۆلیتاریـاوە، زیـز بـوون، ئیتر قسـەیان لەگەڵ یەکتـر نەدەکرد. تەنیا بە مـاوەیەکی کەم پێش مردنی **لیۆپۆڵدۆ** لە ساڵی ١٩٤٤، ئاشـت بوونەوە: تەنـانەت دوای ئەوەیش گفتوگۆیـان تەنیـا لەسـەر چەنـد بیرۆکەیەکـی ئاسـایی دەکـرد. (پزیشـکەکەی **لیۆپۆڵـدۆ** نەیدەویسـت ئەم نەخۆشـەی جۆشـوخرۆش بیگرێـت).

پاش مردنی **لیۆپۆڵدۆ**، **ماوسی** چیتر هـاوڕێیەکی نەمـا بیرۆکەکـانی لەگەڵـدا تـاوتوێ بکـات. کەسـیش نەبـوو دروومانی لەگەڵدا بکات. بە تەنیا لە دوکانەکەدا مایەوە.

لە هەمان کاتدا، **ئایزاک** کارێکی باشی پەرە پێ دابوو و هاوسـەرگیریی کردبـوو و منـداڵ و پاشـانیش نەوەی هەبوو.

**ماوسی بێرتـای** تەنیا و گەورە خۆشەویستی ژیانی لە بیر نەچووەوە. بۆ چەندین سـاڵ هەوڵی دەدا پەیوەندیی

پێوە بکات. توانی ناونیشانی خشڵفرۆشییەکە پەیدا بکات و نامەیەکیشی بۆ نارد—نامەکەی گەڕێنرایەوە و لەسەری نووسرابوو کە کۆگاکە داخراوە. بیری لەوە کردەوە بڕوات لە ئەورووپا بە دوایدا بگەڕێت: تەنانەت براکەی بۆ ئەو مەبەستە پارەیشی پێ دا، کە **ماوسی** بە شانازییەوە ڕەتی کردەوە. ئەو کاتەی دواجار پارەی پێویستی کۆ کردبووەوە، جەنگی جیهانیی دووەم هەڵگیرسابوو و چیتر نەیدەتوانی گەشت بکات. ساڵی ١٩٤٦، بە یارمەتیی ڕێکخراوێکی تایبەت بە پەنابەران، دواجار زانیبووی **بێرتا** چی بەسەردا هاتبوو: لە ئۆردووگای تریبلینکا دەستبەسەر بوو و ماوەیەکی کەم پێش ڕزگارکردنی ئۆردووگاکە مردبوو.

تەنیا یادگارییەک کە **بنیامین** لەو سەرکێشییەی پڕاگەوە بۆی مابووەوە، دەقەکەی **کافکا** بوو، کە تا ڕادەیەک وەک شتێکی پیرۆزی لێ هاتبوو: هێندە خوێندبوویەوە کە دەیتوانی لەبەر بیڵێتەوە. چەند کارێکی تری نووسەرەکەیشی بە زمانی یەکەم خوێندبووەوە؛ تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە زمانی ئەڵمانییشی خوێندبوو. بەڵام، ڕاستییەکەی، هێشتا لە کارە ئەدەبییە تەلیسماوییەکانی **کافکا** تێنەدەگەیشت. پیاوێک دەبێتە قالۆنچە، ئەوە چ مانایەکی هەیە؟ یان پاڵەوانەکەی *دادگایی*، بە تاوانێک دەستگیر دەکرێت کە تەنانەت

خۆیشی نازانێت چییە؟ ئەی لە نیشتەنیی *تاوانبارانداد* کە باس لە ئامێرێک دەکات کە حوکم بە تاتۆ لەسەر پێستی بەندکراوەکان دەنووسێت؟ ئایا شتی لەوجۆرە پێشکەوتنخوازە یان پەرچەکردارییە؟ کاتێکیش نەیتوانی بگاتە دەرئەنجامێک سەبارەت بەو پرسیارە، **ماوسیی**ش هەمان گومانی کۆمۆنیستەکانی سەبارەت بە **کافکا** لا دروست بوو.

ئێستا ئیتر ئەو دەقە تەنیا پەیوەندیی بە ئەدەبەوە نەبوو، بەڵکوو یادەوەرییەکی پڕ لە شتی سەرنجڕاکێش بوو کە بە ڕژدی دەیپاراست. بە هەر شێوەیەک بێت، ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی **پۆرتۆ ئەلێگری** بۆی دەرکەوتبوو کە **بنیامین کانتارۆڤیچ**ی بەرگدروو، نووسەری مەزن، **فرانز کافکا**ی بینیوە. بە هەموو شێوازێک هەوڵی دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکات. بێسوود بوو. **ماوسی** هەمیشە دەیگوت کە ئەوە شتێکی تایبەتە و ڕەتی دەکاتەوە لەگەڵ هیچ کەسێکدا باسی بکات. ڕۆژنامەنووسەکە پێداگریی کرد. تەنانەت دەستپێکێکی جوانیشی بۆ ڕاپۆرتەکەی ئامادە کرد: لەو حەفتەیەدا، نامەیەک بە واژۆی **فرانز کافکا** خرابووە زیادکردنەوە و بە هەشتهەزار و پێنجسەد دۆلار فرۆشرابوو — بڕە پارەیەکی زۆر بوو کە بیرۆکەیەکی لە بارەی گرنگیی نووسەرەکەوە دەدا. لە **ساوپاولۆ**،

کۆکەرەوەیەک ڕایگەیاند کە هەمان نرخ یان تەنانەت زیاتریش دەدات بە هەر شتێک لە لایەن **کافکا**وە واژۆ کرابێت.

"ڕاستە دەقێکی **کافکام** لایە،" **ماوسی** گوتی، "بەڵام هیچ پرسیارێکم لە بارەیەوە لێ مەکە."

ئەوە ڕۆژنامەنووسەکەی نەوەستاند: هەواڵێکی گرنگ بوو و پێویست بوو بڵاو بکرێتەوە. تەنانەت بڕەپارەیەکیشی خستە بەردەم **ماوسی** بۆ چاوپێکەوتنێک. **ماوسی** مەقەستەکەی لێ هەڵگرت لە دوکانەکەی دەری کردە دەرەوە.

بەڵام کەسێک هەبوو کە **ماوسی** باسی **کافکای** بۆ کردبوو: **جێمی کانتارۆڤیچ**. **ماوسی** خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ ئەم برازازایەی هەبوو هەر لەو ساتەوەی کە منداڵ بوو. ژمارەیەکی زۆر برازا و برازازای هەبوو، بەڵام **ماوسی** پیاوی ناو خێزان نەبوو. هەروەها خێزانەکەیشی زۆر بایەخیان پێ نەدەدا: هەموویان دەیانگوت پیاوێکی ڕیزپەڕە. **جێمی** ئەو بۆچوونەی نەبوو، ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بووبێت کە، لانیکەم بە شێوەیەکی یەشەکی، هاوشێوەی **ماوسی** بوو. دایکوباوکی **جێمی** لێک جیا بووبوونەوە و خۆیشی هەمیشە نەخۆش بوو (لە ئەنجامی ئیفلیجیی منداڵانەوە ڕێکردنی دژوار بووبوو.) بە گەنجی ناسک و بێزیان

بوو. بەڵام زیرەکییەکەی نائاسایی بوو و چێژێکی زۆریشی لە خوێندنەوە دەبینی. کاتێک زانی مامی گەورەی کتێبخانەیەکی بچووک بەڵام دەستەبژێری هەیە، ڕوخسەتی لێ خواست لە ماڵەوە سەردانی بکات. هەر کەسێکی تر ئەم داوایەی لە **بنیامین** بکردایە، دەیگوت نەخێر، بەڵام هەرگیز هیچ شتێکی **جێمیی** ڕەت نەدەکردەوە (کە ئەو کاتە تەمەنی نزیکەی دە ساڵ بوو) تەنانەت چێژێکی ناوازەیشی لە قسەکردن لە بارەی کتێبەکانی و لە پێشنیارکردنی ئەم یان ئەو نووسەردا دەبینی.

شتێکی زیاتر لە تەنیا چێژی هاوبەشی خوێندنەوە پێکەوەی گری دەدان. **جێمی** کە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری، بوو بە چالاکوان لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا. هەر زوویش بوو بە سەرکردەیەک کە لە لایەن هاوپۆلەکانییەوە ڕێزی لێ دەگیرا، ڕاستییەک کە جێی شانازیی **ماوسی** بوو. بەڵام ئەم شانازییە زۆری نەخایاند. **جێمی** خۆی وەک ستالینیستێک ناساند و لە ئەنجامیشدا **ترۆتسکیی**، وەک ناپاکێک کە شایانی مردن بوو، بە نەفرەت کرد. ئەو دووانە دەکەوتنە گفتوگۆی گەرموگوڕەوە؛ زۆرجاریش **ماوسی** گەنجەکەی لە ماڵ دەردەکرد. **جێمی** دەڕۆیشت، بەڵێنی دەدا هەرگیز نەگەڕێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا

هەمیشــە دەگەڕایەوە. خۆشەویســتیی بــۆ پیــاوە پیــرەکە لەوە گەورەتر بوو بەو مشتومڕانە بسڕێتەوە.

بە پــێچەوانەی هاوڕێکــانییەوە، **جێمــی**، **کافکــای** خــۆش دەویســت. لە زمــانی ئەڵمانیــدا بەتوانــا بــوو (ئینگلیــزی و فەرەنســییەکەی، هەر پێویســـت بە باســکردن ناکــات)، چەنــدین کتێبــی ئەو نووســەرەی خوێنــدبووەوە، ســەرەتا مەسخ. ئەوە کتێبە—وەک خــۆی دەیگوت—کاریگەریی وێـــرانکەری لەســـــەری هەبـــوو و وەک ئەزمـــوونێکی بــاڵابوون بــوو کە ســەرەڕای هەمــوو شــتێک ســەرسامی دەکــرد. دەیزانــی **کافکــا** لای کۆمۆنیســتەکان پەســـەند نەبوو، ئەوان خۆیان بۆ ئەو ئەدەبییاتە تەرخان کردبوو کە بتوانێت خزمەتــی پڕۆپاگەندەی شۆڕشگێڕانە بکــات.

نووسینەکانی **کافکا** لەگەڵ ئەم قاڵبەدا نەدەگونجان.

هــیچ یەک لەو شــتانە کــاری نەدەکــردە هــاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ مـــامی گەورەیـــدا. بە پـــێچەوانەوە، ئەو دووانە هەمیشە هەستیان بە نزیکی لە یەکتر دەکرد. **جێمی** باش نەدەگونجــا لەگەڵ ئەنـــدامانی تـــری خێزانەکەیـــدا—کۆنەپەرەســـتەکان، بـــۆرژوازییە قەڵەوەکـــان—کـــاتێکی کەمیشی بەسەر دەبرد لەگەڵ هەر یەکێ لە باوکی، کە لە گوند دەژیا و دایکی، کە کەسێکی شپرزە و مۆن بوو.

بەڵام نزیکەی هەموو ڕۆژێک سەردانی **ماوسیی** دەکرد، زۆرجاریش **بیاتریز گۆنسالڤێس**ی خۆشەویستی لەگەڵ

خۆیدا دەهێنا. **بیاتریز** کەمێک لە **جێمی** گەورەتر بوو، کچی هونەرمەندێک بوو، خانمێکی گەنجی جوان و هەستیار بوو، کە بە وێنەی **جێمیی** خۆشەویستی، حەزی لە خوێندنەوە بوو—بە تایبەتییش **کافکا**. ئەو سێ کەسە بۆ چەندین کاتژمێر پێکەوە قسەیان دەکرد—هەتا لە دواییدا **بنیامین** دەرگاکەی دەکردەوە و کشەکشی لێ دەکردن بۆ دەرەوە.

**جێمی** تەمەنی هەژدە ساڵ بوو و لە قۆناغی یەکەمی خوێندنی زمان و ئەدەبدا بوو لە زانکۆی **ڕیۆ گراندی دو سول** کاتێک کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٦٤ ئەنجام درا. هەر لە سەرەتاوە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی کرد لە دژی ڕژێمە سەربازییەکە و هەر زوو ناوی کەوتە ناو دۆسێی تێکدەرانەوە کە لە لایەن بەشی یاساپارێزیی سیاسەت و کۆمەڵگەوە (ب.ی.س.ک)ٔ ئامادە دەکرا. بەڵام ئەو کارە گەنجەکەی نەترساند. بە پێچەوانەوە، تا دەهات پتر هانی دەدا. هەموو بەیاننامەکانی واژۆ دەکرد و لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا لە ڕیزی پێشەوەدا دەبوو. هاوپۆلێکی، کە هاوڕێی لەناو (ب.ی.س.ک)دا هەبوو، زانی کە ناوی **جێمی** لە چەندین لیستی گومانلێکراواندا هەبوو و تەنیا بەخت یاوەری بووە کە تا ئەو کاتە دەستگیر نەکرابوو. ئەم هەواڵە ئەندامانی

کـــۆمەڵەکەی ترســـــاند و داوای کۆبــــوونەوەیەکی نائاسـاییيان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاریـان دا **جێمی** مــاوەیەک خـۆی ون بکـات و بـڕوات بـۆ شـارێکی گەورە ـــوەک **ســـاوپاولۆ**، کە تێیـــدا هـــیچ کەســێک نایناسـێت. **جێمـی** بیـرۆکەکەی لا پەسـەند نەبـوو، بەڵام نەیتوانی دژی ویستی دەستەجەمعی بوەستێتەوە.

پـــلانەکەی بــۆ دوو کەس ئاشـــکرا کــرد. یەکێکیـــان خۆشەویســـتەکەی: **بیـــاتریز** گــوتی کە دەســـتبەرداری نابێت؛ لەگەڵیدا دەڕوات تـا لە شـاری **ساوپاولۆ** پێکەوە بژین.

کەسـی دووەم **ماوسـی** بـوو. بۆ **ماوسـی** کە ئیتـر زۆر چووبـووە تەمەنەوە، هەواڵەکە سـەخت بـوو. **جێمی** ئەو کوڕە بوو کە هەمیشە ئاواتی خواستبێت هەیبێت، تەنیا کەس بوو کە بەڕاستی خۆشی دەویست.

بەڵام هەواڵەکەی بەبێ ڕاچڵەکین وەرگرت. ئاگـادار بـوو کە برازاکەی لە **پۆرتۆ ئەلێگری** ژیـانی لە مەترسیدایە و ڕۆیشـــتن بـــۆ **ســــاوپاولۆ** دەشــێت لە زینـــدانیکردنی بپارێزێــت. بەڵام **جێمـــی** هەر زوو کێشــەی تــری بــۆ دروست بـوو. لە کوێ بژی؟ بە چـی بژی؟ **جێمی** هـیچ وەڵامێکی پێ نەبـوو. نەیدەویست داوای پـارە لە بـاوکی یان لە خزمەکانی بکات.

"بە دوای کاردا دەگەڕێم،" وای گوت، بەبێ ئەوەی لە هیچ دڵنیا بێت.

"ئەی زانکۆ؟ خوێندنەکەت؟"

شانی هەڵتەکاند: "زانکۆ و خوێندن و ئەو شتانە دەبێت چاوەڕێ بن هەتا هەندێک پارە پەیدا دەکەم."

لە ژووری دانیشتنی ئەپارتمانە بچووکەکەی **ماوسی**دا دانیشتبوون. بۆ چەند خولەکێک بێدەنگ بوون، بەرگدرووە پیرەکە چاوی بڕیبووە بۆشایی. لە پڕ **ماوسی** هەستایە پێ. "شتێکم هەیە پێتی بدەم. شتێک کە یارمەتیت دەدات."

وێنەیەکی لە دیوارەکە کردەوە، قاسەیەکی بچووکی لە پشتەوە بوو، کە دەرگاکەی کردەوە هیچی تێدا نەبوو جگە لە زەرفێکی قاوەیی تۆخ کە دایە دەستی **جێمی**:

"پێم وا بێت ئەمە کێشەکانت چارەسەر دەکات."

**جێمی** زەرفەکەی کردەوە و پارچەکاغەزێکی لێ دەرهێنا کە بە هۆی کۆنییەوە زەرد بووبوو. نووسراوەکەی خوێندەوە و پاشان بە حەپەسانەوە تەماشای **بنیامین**ی کرد: "بەڵام ئەمە هی **کافکا**یە!"

"هی **کافکا**یە،" **ماوسی** بە خەندەیەکەوە دووپاتی کردەوە، "کارێکی ڕەسەنی **کافکا**یە. واژۆکەیش هی ئەوە."

پاشان تەواوی چیرۆکەکەی گێڕایەوە—چیرۆکێک کە جێمی بە سەرسامی و حەپەسانەوە گوێی لێ گرت: هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبوو مامی لە سەرکێشییەکی لەوجۆرەدا بەشداریی کردبێت. پاشان جارێکی تر پارچەکاخەزەکەی پشکنی.

"بەڵام ئەم پارچەکاخەزە گەنجینەیەکە،" **جێمی** لەژێر لێوەوە گوتی.

"لانیکەم بایی هەشتهەزار و پێنجسەد دۆلارە."

"یەک خولەک، **ماوسی**،" **جێمی** بە سەرسوڕمانەوە گوتی، "خۆ بیر لە فرۆشتنی ئەم دەقە ڕەسەنە ناکەیتەوە، وایە؟"

"نەخێر،" **ماوسی** گوتی. "من نایفرۆشم، یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە ئەستەمە کڕیارێکی باش لێرە، لە **پۆرتۆ ئەلێگری**، بدۆزینەوە. تۆ دەیفرۆشیت، ئەو کاتەی دەگەیتە **ساوپاولۆ**. کۆکەرەوەیەک دەناسم کە پارەی باش دەدات بۆ کڕینی ئەم دەستنووسە. پارەکەیش لانیکەم بۆ ماوەی دوو ساڵ کێشەکانت چارەسەر دەکات."

**جێمی** بۆ ساتێک بێدەنگ بوو و دیقەتی کاخەزەکەی دەدا، دواجار تەماشای **ماوسیی** کرد.

"نەخێر، **بنیامین**،" بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی، "من ناتوانم ئەوە بکەم. ئەو کاخەزە بە تەنیا بەهایەکی ماددیی نییە. نیوەی ژیانت لەو پارچەکاخەزەدایە."
"قسەی پڕوپووچ،" **ماوسی** وەڵامی دایەوە، "زۆر پڕوپووچ. ئەوەی لێرەدا نووسراوە لەبەر دەیڵێمەوە، لە سەرەتاوە، لە کۆتاییەوە. دەتەوێت تاقیم بکەیتەوە؟"
کەمێک بیری کردەوە و پاشان بە ئەڵمانییەکی نەزۆر ڕەوانەوە دەستی کرد بە گوتنەوەی:

"Leoparden brechen in den Tempel ein und saufen die Opferkrüge leer; das wiederholt sich immer wieder; schliesslich kann man es vorausberechnen, und es wird ein Teil der Zeremonie."

بە هەوای سەرکەوتنەوە تەماشای **جێمی** کرد: "بینیت؟ بۆیە پێویستیم بە کاخەزەکە نییە. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم یارمەتیت بدەم. هەروەک پێم وایە **کافکا**یش خۆشحاڵ دەبوو."
**جێمی** ئامادە نەبوو کۆڵ بدات: "بەڵام دەقەکە بۆ تۆ زۆر گرنگە. . . ."
"تۆ زۆر گرنگتری،" **ماوسی** بە نەرمی گوتی.
**جێمی** بە سۆزەوە لە ئامێزی گرت. بۆ چەند ساتێک یەکتریان لە ئامێز گرتبوو، گەنجەکە لە تاوا لەشی دەلەرزی. دواجار **جێمی** تەماشای **ماوسیی** کرد. پێی

گوت، "نـازانم چیـت پـێ بڵـێم جـگە لەوەی بڵـێم زۆر سوپاس."

"پێویست ناکات سوپاسـی مـن بکەیت. سوپاسـی **کافکا** بکە. نزیکەی هەمـوو دەستنووسـەکانی خۆی لەناو برد. هەر ئەوەیە وا دەکـات ئەم دەقە دەگـمەن بێت—نرخـی خۆیشی پێ دەدات."

**جێمی** جارێکی تر لە ئامێزی گرت و پاشان ڕۆیشت.

کـاتژمێر هەشــتی ئێـوارە بـوو. **جێمـی** لە تەلەفـۆنێکی گشــتییەوە پەیوەنــدیی بە هاوڕێیــانەوە کــرد و داوای کۆبــوونەوەیەکی کــرد لە ئەپارتمــانەکەی **بیــاتریزدا** و خۆیشی دەستبەجێ بۆ ئەوێ ڕۆیشت. کۆبوونەوەکە لە کـاتژمیر یازدەوسـی خـولەک کۆتـایی هـات. کاتێک لەو باڵەخانەیەی ئەپارتمانەکەی **بیاتریزی** تێدا بوو، دەهـاتنە دەرەوە، ســێ پیــاو، کە خۆیــان وەک کارمەنــدی (ب.ی.س.ک) ناســاند، ویســتیان دەســگیریان بـکەن. لە پشـێویی ئەو ئانوسـاتەدا، هەمـوو ئەنـدامانی کـۆمەڵەکە توانیان دەرباز ببن—جگە لە **جێمی**. ئەو کە دەیزانی بە هۆی قاچییەوە ناتوانێت ڕابکات، لەگەڵ پۆلیسـەکاندا تێ گیرا، بەو جۆرەیش یارمەتیی هاوڕێکانی دا هەڵبێن.

کاتژمێر یەکی شەو، **ماوسی** بە لەدەرگادانێکی شپرزانە لە خەو ڕابوو.
"کێیە؟" بە ترسەوە پرسیاری کرد.
دەنگێکی خەمبار گوتی "**ماوسی**، ئەوە منم!"
"تۆ کێی؟"
"**بیاتریز**، هاوڕێکەی **جێمی**. بیکەرەوە. لێت دەپاڕێمەوە!"
بە هەندێک سەختییەوە—ڕۆماتیزمەکەی لە شەودا خراپتر دەبوو—پیاوە پیرەکە هەستا و ڕۆبێکی دڕاوی کردە سەر شان و ڕۆیشت دەرگاکە بکاتەوە. **بیاتریز** لەبەر دەرگاکەدا وەستابوو و دەگریا.
"وای **ماوسی**، چەند ناخۆشە، زۆر ناخۆش..."
هەرچی ڕووی دابوو بۆی گێڕایەوە. کاتێک لێ بووەوە، بێدەنگییەک باڵی کێشا—بێدەنگییەکی سامناک.
دواجار بەرگدرووەکە گوتی، "بۆ منی جێ بهێڵە. ڕێگەیەک دەدۆزمەوە."
"**ماوسی**، تۆ؟" لە کاتێکدا دەگریا، نەیتوانی پێنەکەنێت.
"بەڵام چۆن؟ چۆن دەرەقەتی ئەو پیاوانە دێیت؟"
"سەرەتا دەڕۆم بۆ دوکانی بەرگدرووەکەم."
"دوکانەکەت؟" **بیاتریز** سەری سووڕ مابوو. "چی دەکەیت لە دوکان؟"
**ماوسی** گوتی "ئەوە بەشێکە لە پلانەکەم. دەزانم تۆ تێناگەیت. بەڵام نیگەران مەبە: سەرکەوتوو دەبێت."

"بەڵام **ماوسی**، **جێمی**. . ."

"دەزانم، ئازیزم، دەزانم. بەڵام بۆ منی بەجێ بێڵە. ئێستا بڕۆوە بۆ ماڵ. پشوو بدە. بەیانی هەواڵی خۆشت پێ دەگات."

**ماوسی** بە شەقامە چۆڵەکەدا بە پەلە خۆی گەیاندە بینایەک لە ناوەڕاستی **پۆرتۆ ئەلێگری**، کە دوکانەکەی تێدا بوو. پاسەوانی شەوان **ماوسیی** بینی کاتێک گەیشت، بە سەرسووڕمانەوە لێی پرسی: "تۆ، لێرە، بەم وەختە، **ماوسی**؟ چی ڕووی داوە؟"

"داوایەکی تایبەت و بە پەلەیە."

"داوای تایبەت لە کاتژمێر چواری بەیانی؟" پیاوە خوازەڵۆکەکە پرسیاری کرد. "کەواتە یان بۆ پرسەیە یان بۆ زەماوەندە."

"بۆ زەماوەندە،" **ماوسی** وەڵامی دایەوە.

"لە دوو خراپە کەمترینیان." پاسەوانەکە وای گوت و گەڕایەوە بۆ لای ڕادیۆکەی.

**ماوسی** بە ئەسانسێرە کۆنەکەدا سەرکەوت بۆ نهۆمی چوارەم. دەرگای دوکانەکەی کردەوە (کە هێشتا لەسەر تابلۆکەی نووسرابوو "بەرگدرووی **لیۆپۆڵدۆ** و **بنیامین**") چووە ژوورەوە و گڵۆپەکەی هەڵکرد. ڕۆیشت بۆ لای کانتۆرێک لە سووچێکی ژوورە بچووکەکەدا و کلیلێکی

دەرهێنا و کردییەوە. ئاهێکی هەڵکێشا: بەڵێ ئەوەی پێویستی بوو لەوێدا بوو. ئەوەی پێویستی بوو پارچەیەک قوماشی کشمیری ئینگلیزیی ڕەسەن بوو، ڕەنگی خۆڵەمێشیی خاڵخاڵ. قوماشێکی زۆر جوان بوو. **ماوسی**، هێندە نەبوو کە هاتبوون بۆ **پۆرتۆ ئەلێگری**، لە بازاڕی ڕەش کڕیبووی. ویستبووی قاتێکی بۆ خۆی لێ بکات—لەوانەیە قاتی زەماوەندەکەی، ئەگەر چارەنووس ڕێگەی دابا جارێکی تر **بێرتا** بدۆزێتەوە و ئەگەر **بێرتا** قایل بوایە. . . بەڵام چارەنووس ڕێگەی نەدا، هیچ ژنێکی تریش نەهاتە ژیانییەوە و قوماشە کشمیرە ئینگلیزییەکەیش لە کانتۆرەکەدا بە کڵۆمدراوی مایەوە، پارێزراو لە پەروانەکان.

ئاهێکی لە سینەیدا کپ کردەوە، قوماشەکەی لەسەر میزەکە کردەوە. پاشان بە بڕۆی لێکنراوەوە بەناو دەفتەرێکی کۆندا گەڕا. ئەو زانیارییەی دۆزییەوە کە پێویستی بوو و پاشان ڕاستەوخۆ دەستی بە کارکردن کرد. لە ماوەی سێ کاتژمێری دواتردا، بە خێرایی بڕین و دروون و قۆپچەدانانی تەواو کرد. بە بەردەوامی تەماشای کاتژمێرە پەندۆڵییە کۆنەکەی سەر دیوارەکەی دەکرد: بێگومان لە پێشبڕکێدا بوو لەگەڵ کاتدا. لە پڕ ساتێکی شڵەژان، کارەبا بڕا. بەڵام **ماوسی** نەیدەتوانی بوەستێت. لەبەر ڕووناکیی مۆمێک لە ئەرکەکەی

بەردەوام بوو. هەتا کۆتایی پێ هێنا. کاتێکیش تەماشای کارە تەواوکراوەکەی کرد، نەیتوانی ڕێ لە هاواری چەپێنراوی سەرکەوتن بگرێت. بەڵێ، گومانی تێدا نەبوو کە ئەوە باشترین قات بوو لە ژیانیدا دروویبێتی، شاکاری ئەو بوو وەک بەرگدروویەک.

قەدی کرد و خستییە جانتایەکەوە و ڕۆیشتە دەرەوە. هێشتا کارەبای ناوشار نەهاتبووەوە بۆیە بە پلیکانەکەدا هاتە خوارەوە. کە گەیشتە نهۆمی یەکەم، هەناسەبڕکێی بوو—هێندەیش زەرد هەڵگەڕابوو کە پاسەوانەکە ڕاچڵەکی: "**ماوسی** نەخۆشیت؟ تەلەفۆن بۆ پزیشک بکەم؟"

نەخێر، پزیشکی نەدەویست. لە بیناکە دەرچوو و سواری ئەو تاکسییە بوو کە لەو بەردەمەدا وەستابوو.

"بۆ کوێ؟" شۆفێرەکە پرسی.

"بۆ بنکەی (ب.ی.س.ک). دەزانیت لە کوێیە؟"

"دەتەوێت هەواڵ لە کەسێک بدەیت؟" پیاوەکە بە گاڵتەوە گوتی، "یان خۆت ڕادەست دەکەیت؟"

"دەکرێت واز لە قەشمەری بهێنیت و بڕۆین؟"

شۆفێرەکە بە ئاراستەی دیاریکراو ڕۆیشت. دوای دە خولەک گەیشتنە بنکەی (ب.ی.س.ک).

**ماوسی** ڕۆیشتە سەرەوە بۆ پرسگە و داوای بینینی بەڕێوەبەر **فرانسیسکۆی** کرد.

"ناوت چییە؟ پیاوەکە پرسی.

"**بنیامین**، من بەرگدرووی ئەوم. . . ."

"بەرگدروو؟" پیاوەکە برۆی هێنایە یەک. "دڵنیا نیم کە بەڕێوەبەر بتوانێت ئێستا بتبینێت. تازە گەیشتووە و دونیایەک دۆسێی لەبەر دەستدایە."

"بەڵام من ئەم داوا تایبەتییەی ئەوم پێیە." **ماوسی** پێداگریی کرد.

پیاوەکە تەلەفۆنە ناوخۆییەکەی هەڵگرت و بە چرپەوە چەند وشەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەردا گۆڕییەوە. تەلەفۆنەکەی دانایەوە.

"برۆ سەرەوە. نهۆمی دووەم."

بەڕێوەبەر پیاوێکی باڵابەرزی سمێڵزل بوو، بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆیدا چاوەڕێی **ماوسیی** دەکرد.

"بەڕاستی کاتی ئەوەم نییە بتبینم، **ماوسی**، ئیشم زۆرە. بەڵام بەم داوا تایبەتییەوە وات لێ کردم حەز بکەم بزانم چی هەیە؟"

وەک وەڵامێک، **ماوسی** جانتاکەی کردەوە و قاتەکەی دەرهێنا.

"بۆ من؟" بەڕێوەبەر بە سەرسوورمانەوە پرسی.

"بەڵێ. دیارییەک لە بەرگدرووەکەتەوە."

بەڕیوەبەر بە سەرسامییەوە لە قاتەکەی ورد بووەوە.
"بەڵام چ کارێکی جوانە! **ماوسی**، ئەمە جوانترین جلە لە ژیانتدا بۆ منت درووبێت، خۆت دەزانیت لە کەیەوە من و تۆ یەکتر دەناسین."
چاکەتەکەی تاقی کردەوە، بە تەواوی بۆی دەگونجا. قۆڵی چەپی چەند ملیمەترێک لە قۆڵی ڕاستی کورتتر بوو—**ماوسی** بە پرەنسیپی خۆیەوە پەیوەست بوو، ئەڵبەت بە شێوەیەکی سیمبۆلی—بەڵام کابرای پۆلیس تێبینیی نەکرد. "بێ کەموکورتییە،" بەڕێوەبەر گوتی، "بە تەواوی بێ کەموکورتییە." پاشان بە گومانێکی لەناکاوەوە: "بەڵام بەرامبەر بەم قاتە بە تەمای چیت؟"
**ماوسی** چەند ڕوونکردنەوەیەکی بلماند: بەڕێوەبەری پۆلیس یەکێک بوو لە کڕیارە کۆنەکانی و کڕیارێکی باشیش بوو، لەوەتەی کریسمس نزیک بوو، **ماوسی** بڕیاری دابوو. . .
بەڕێوەبەر قسەکەی پێ بڕی.
"گوێبگرە، **ماوسی**، ناتوانیت بمخەڵەتێنیت. شتێکت لێم دەوێت. بەس کاتم بە فیڕۆ بدە، چیت هەیە بیڵێ. چییە؟"
ئێستا کاتی بوو. **ماوسی** تفێکی قووت دا، قوڕگی وشک بووبوو، دەستی پێکرد: "شەوی پێشوو کارمەندەکانتان گەنجێکیان دەستگیر کردووە. . ."

"زۆر ڕاستە. ڕاپۆرتەکەیان لێرەیە، لەبەر دەستمدایە. ئێستا دەمویست تەماشای بکەم." کاخەزێکی هەڵگرت و بەبێ ئەوەی شەویلگەی بترازێنێت خوێندییەوە. نیگای دواتری بۆ **ماوسی** هیچ شتێکی دۆستانەی تێدا نەبوو: نیگایەکی سارد و تیژ بوو. "**جێمی کانتارۆڤیچ** خزمی تۆیە؟"

"بەڵێ."

"هاتوویت من ئازادی بکەم؟" کاخەزەکەی فڕێ دایە سەر مێزەکە. "هیچم پێ ناکرێت، **ماوسی**. ناتوانم ئەو کارە بکەم. ناتوانم پیاوەکەی تۆ ئازاد بکەم."

**ماوسی** کۆڵی نەدا، وەخت بوو دەستی دەکرد بە گریان: ئەم کوڕە لە ژیانیدا ئازاری زۆری چەشتووە، کە منداڵ بوو دایکوباوکی جیا بوونەوە، کەمئەندامە—ئیتر چ شتێکی سەیر هەیە ئەگەر ببێتە کەسێکی یاخی؟ بەڵام هەرگیز نەبووەتە هەڕەشە بۆ هیچ کەس، بەشێک نەبووە لە هیچ بزووتنەوەیەکی تێکدەرانە؛ هێندە هەبوو خوێندکارێک بوو کە چەنەبازیی زۆری دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا، بە نیاز بوو بگوێزێتەوە بۆ **ساوپاولۆ**.

بەڕێوەبەری پۆلیس جارێکی تر ڕاپۆرتەکەی هەڵگرتەوە. "بەڵام کەیسەکە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، **ماوسی**. ڕەنگە پەیوەندیی نێودەوڵەتیی هەبێت. کارمەندەکانمان بەڵگەنامەیەکیان پێ گرتووە، بەڵگەنامەکە بە ئەڵمانی

نووســـراوه و له لایەن **کافکـا** نـاوێکەوە واژۆ کـراوە. بەڵگەنامەکە لێرەیە."

دەقەکەی **کافکای** پیشانی **ماوسی** دا.

"دەزانیت ئەم پیاوە کێیە؟"

"بەڵێ دەزانم،" **ماوسی** گوتی. "نووسەرە. ئێستا مردووە، بەڵام من لە ئەورووپا چاوم پێ کەوت، ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو. ئەو دەقەی بە دەستی خۆی پێ دام."

"نووسەر؟" بەڕێوەبەرەکە پرسی، هێشتا هەر بە گومان بـوو. "هەرگیـز نـاوی ئەم نووسـەرەم نەبیسـتووە." بیرۆکەیەکـی بـۆ هـات: "یەک خـولەک بوەسـتە. لێکۆڵەرێکمان هەیە ئەهلی ئەدەبە. با بزانین ئەو شتێک دەزانێت."

تەلەفـۆنەکەی هەڵگـرت و ژمـارەیەکی لـێ دا: "سـڵاو، **فیلیسبیرتۆ**، بەڕێوەبەر **فرانسیسکۆ** قسە دەکات. هەندێک زانیاریم پێویستە. دەربارەی ئەدەب. پێم بڵێ، هەرگیز ناوی **کافکات** بیستووە؟ بیستووتە؟ بەڕاست نووسەرە؟ نووسـەرێکی ئـاڵۆزە؟ بە چ زمانێـک دەنووسـێت؟ بە ئەڵمانی؟ ئەها، باشە."

تەلەفۆنەکەی داخست.

"ڕاست دەکەیت، **ماوسی**. لە ڕاستیدا **کافکا** نووسەر بوو. تەماشـاکە، خـۆ تـۆ ئەڵمـانی دەزانیـت، وا نیـیە؟ کەواتە ئەوەم بۆ وەربگێڕە."

**ماوسی** ئەوەی کرد کە لێی داوا کرابوو. بەڕێوەبەرەکە گوێی دەگرت، بە سەرسووڕمانەوە بڕۆی هێنابووە یەک.

"بەڵام ئەمە چ قسەیەکی قۆڕە، کابرا؟ دەبێت ئەوە بڵێم کە لە یەک شتی تێنەگەیشتم. **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە**؟ چ پڵینگێک؟ چ پەرستگایەک؟"

لە پڕ گومانی لا پەیدا بوو، گوتی: "ئەمە ناوی نهێنی نییە، **ماوسی**؟ **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە**... پتر لە ناوی شانەیەکی نهێنی دەچێت."

**ماوسی** گوتی "ناوی نهێنی نییە، تەنیا شێوازی نووسینی ئەو پیاوەیە، مەسەلەکە هەر ئەوەیە."

"دڵنیایت؟" بەڕێوەبەرەکە پرسیاری لێ کرد، هێشتا بە تەواوی باوەڕی نەهێنابوو.

"سوێندت بۆ دەخۆم."

بەڕێوەبەری پۆلیس دەیزانی **ماوسی** درۆ ناکات.

"باشە، باوەڕت پێ دەکەم. متمانە دەکەم کە خۆڵ ناکەیتە چاومەوە." بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. دواجار بە دوودڵییەوە ئەو پرسیارەی کرد کە لە خەیاڵیدا بوو: "شتێکم پێ بڵێ، **ماوسی**. من و تۆ ماوەیەکی زۆرە یەکتر دەناسین و دەشزانم تۆ زۆر دەخوێنیتەوە. تۆ باوەڕت بەمجۆرە نووسینانە هەیە؟"

"نەخێر،" **ماوسی** گوتی. "پێم وایە قسەی پڕوپووچن."

"منیش وا دەڵـێم!" بەڕێـوەبەر بە هەوای سـەرکەوتنەوە گـوتی. "ئەمـانە دونیـایەک قسـەی بێمانـا نـین کە کەس لێیان تێ ناگات؟ **پڵینگەکانی ناو پەرستگاکە**. . . پڵینگ ئیشی چییە لە پەرستگا؟ لە شتی لەو جۆرەدا نازانیت لە کوێـوە دەسـت پـێ بکەیـت. بـۆ مـن، ئەمە شـتێکی گەمژانەیە، شتێکی شێتانەیە. شتێکت پێ بڵێم، **ماوسی**؟ ئەم پڵینگانەی ناو پەرستگاکە با بڕۆن ملیان بشکێنن." بەڕێوەبەری پۆلیس، کە ئەو قسەیەی لە سنگی دەرهێنا، بە لەخۆڕازیبوونەوە دایە قاقای پێکەنین.

"تۆ بەختت هەیە، **ماوسی**. لە ڕۆژێکی باشدا هاتیت بۆ لام. خـزمەکەت بەردەدەم. بەڵام بـا جـارێکی تـر لێـرە خۆی دەرنەخات، تێگەیشتی؟"

کاخەزەکەی هەڵگرتەوە و چەند دێڕێکی لەسەر نووسی و بە دەنگی بەرز بـۆ **ماوسیی** خوێنـدەوە: "لێکـۆڵینەوە دەری خست کە بەڵگەنامەی ناوبراو دەقێکی ئەدەبییە و هیـی نووسـەرێکی بیـانییە کە ئێسـتا لە ژیانـدا نەمـاوە. گومانلێکراو **جێمی کانتارۆڤیچ**، ناوی نهێنی **کانتالوپی**، بە هـۆی نەبـوونی بەڵـگەی پێویسـتەوە بەردرا، بەڵام بەردەوام لەژێر چاودێریدا دەبێت."

تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و ژمارەیەکی لێ دا.

"دەتــوانن ئەم **کانتــارۆڤیچ**ــە بەربــدەن. خزمێکــی بەرپرسیارێتیی دەگرێتە ئەستۆ. چۆن؟ ئەها، تێگەیشتم. باشە، نا، هەروەک خۆی."
تەلەفۆنەکەی دانایەوە و تەماشای بەرگدرووەکەی کرد: "**ماوسی**، دەبێت ئاگادارت بکەمەوە: ئەو لە ئێستادا حاڵی زۆر باش نییە. خۆت دەزانیت لە لێکۆڵینەوەدا هەندێجار شــتەکان چــۆن دەبــن، خەڵکــی لێــدان و فەلاقەی زۆر دەکرێن. بۆیە سەرت سوور نەمێنێت. لە پشت بیناکەوە چاوەڕێتن. بە بێدەنگی برۆ."
دەقەکەی **کافکــای** بــۆ درێــژ کــرد. "ئەمە هیــی تــۆیە. دەتوانیــت بیبەیــت." بەڵام پــێش ئەوەی **ماوســی** کاخەزەکەی لێ وەربگرێت، بڕیاری گۆڕی. "تۆ دەڵێیت ئەمە هیچ پەیوەندیی بە تێکدەرانەوە نییە. باوەڕت پێ دەکەم، بەڵام تەنیا ئەگەر. . . ."
کــاخەزەکەی پارچەپــارچە کــرد و فڕێــی دایە ســەتڵی خۆڵەکەوە. **ماوسی** بە خەمساردییەوە تەماشای دەکرد. "بیــری ناکەیــت. خــۆت گوتــت قســەی پڕوپــووچە، وا نەبوو؟"
"بێگومان وا بوو،" **ماوسی** بە بێباکی گوتی.
"کەواتە، ئەم کاخەزە شتێکی بێسوودە، شوێنی سەتڵی خۆڵەکەیە. من چاکەیەکم لەگەڵدا کردیت. . . . ئێستایش بــڕۆ. لە بیــرت بێــت: یەک وشــە لەوەی لێــرە ڕووی دا

باس نەکەیت. ئەگەر بزانم ئەم قسانەت بۆ کەسێک گێڕاوەتەوە، گونت دەتەقێنم. خۆت چەرمی سەر کێرت نەماوە با ئەو دواشی لە دەست نەدەیت."

**ماوسی** بە پلیکانەکەدا هاتە خوارەوە و بە ڕاڕەوێکی درێژدا بەرەو دەرگای پشتەوە ڕۆیشت. **جێمی** لەوێ چاوەڕوانی بوو، کارمەندێک پاسەوانیی دەکرد. گەنجەکە لە دۆخێکی خراپدا بوو، ڕوخساری هەموو شین بووبووەوە. سەرەڕای پێداگریی **ماوسی**، ڕەتی کردەوە بڕوات بۆ نەخۆشخانە یان بۆ لای پزیشک. لای ماڵەکەی دادەبەزێت تەنیا بۆ ئەوەی جانتاکەی بهێنێت کە پێشتر ئامادەی کردبوو. دواتر ماڵئاوایی لە دایکی و لە **بیاتریز** کرد و ڕاستەوخۆ بەرەو وێستگەی پاس ڕۆیشت.

کاتژمێر هەشتی شەو. لە حەشارگەکەیەوە، لە پشت دارێکەوە، **ماوسی** چاودێریی بارەگای (ب.ی.س.ک.)ی دەکرد. پۆلیسەکانی بینی دەڕۆیشتنەوە. پاشان گڵۆپەکان یەک لە دوای یەک دەکوژانەوە. لە کۆتاییدا، وەک پێشبینیی کردبوو، کارمەندێکی ستافەکە بە سەتڵی خۆڵەکەوە لە بنکەکە هاتە دەرەوە و لەسەر شۆستەکەی دانا، لە تەنیشت شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل.

**ماوسی** ئاماژەی بۆ ئۆتۆمبێلێکی ڤانی بەرازیلیی کۆن کرد، کە لەو نزیکانە وەستابوو. شۆفێرەکە بە هێواشی نزیک بووەوە و لە پێش بیناکەدا وەستا. دابەزی و بە یارمەتیی پیاوە پیرەکە سەتڵی خۆڵەکەی هەڵگرت و خستییە دوای ئۆتۆمبێلەکەیەوە. **بنیامین** بە شپرزەیی گوتی، "با بڕۆین، با بڕۆین." ڤانەکە دەستبەجێ نەکەوتە گەڕ، بەڵام دواجار شۆفێرەکە سەرکەوتوو بوو. ئەویش شپرزە بووبوو.

"لە ژیانمدا زۆر شتی خراپم کردووە،" شۆفێرەکە گوتی، "بەڵام هەرگیز سەتڵی خۆڵمم نەدزیوە."

"دەمت داخە، کابرا!" **ماوسی** مۆڕەی کرد، "پارەی باشم پێ داویت."

وەک پلانیان دانابوو، ڤانەکە بە چەندین پێچوپەنادا تێپەڕی، پێش ئەوەی بگاتە بەردەم ئەو باڵەخانەیەی کە ئەپارتمانەکەی **ماوسیی** تێدا بوو. شۆفێرەکە جارێکی تر سەتڵەکەی هەڵگرت، ئەمجارەیان بردییە سەرەوە بۆ ئەپارتمانەکەی **ماوسی**. کرێکەی وەرگرت و لەو کاتەدا کە دەیویست بڕوات ئاوڕی دایەوە: "**هەروا حەز دەکەم بزانم، بە چ مەبەستێک پیاوێکی پیری وەک تۆ ئەم سەتڵەخۆڵە دەدزێت؟ لە بارەگای (ب.ی.س.ک.)یش، نەک شوێنێکی تر؟**"

"من هەڵگەڕاوەم،" **ماوسی** گوتی، "ئێستایش ئەرکێک جێبەجێ دەکەم. ئەرکێکی زۆر گرنگ."
پیاوەکە بە باوەڕنەکردنەوە تەماشای کرد، نەیزانی چی بڵێت. **ماوسی** دەستی کرد بە پێکەنین.
"قسەی پڕوپووچ. بەڕاستی دەتەوێت بزانیت؟ باشە، پێت دەڵێم." دەنگی نزم کردەوە. "بە کەس نەڵێیت: سەتڵی خۆڵ کۆ دەکەمەوە. ئەمە سێیەم سەتڵە لەم مانگەدا دەیدزم."
شۆفێرەکە جارێکی تر تەماشای کردەوە، واقی وڕ مابوو—پاشان هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین. پیاوەکە ڕوخسەتی لێ وەرگرت—ئەگەر ویستت سەتڵی خۆڵ زیاتر بدزیت، تەنیا بانگم بکە—دوای ئەوە ڕۆیشت. **ماوسی** پارچەچادرێکی لە مەخزەنەکەی دەرهێنا و ڕایخست. پاشان خۆڵەکەی هەڵڕشت و بڵاوی کردەوە و دانیشت و بە ئارامی دەستی کرد بە گەڕان.
گەڕانەکەی چەند کاتژمێرێکی خایاند. هەموو جۆرە شتێک لە سەتڵی خۆڵەکەدا بوو: کاخەزی دڕاو، وێنەی فۆتۆگرافیی سووتاو و نیوەسووتاو، توێکڵی پرتەقاڵ و مۆز، شووشەی بەتاڵ، قونگەجگەرە و بنکی چرووت، کەوڵەشقارتە، پارچەی کارتۆن، پاشماوەی خۆراک.

خۆر لە هەڵاتندا بوو کاتێک **ماوسی** دواجار ئەو شتەی دۆزییەوە کە بۆی دەگەڕا: پارچەکاخەزێک ئەم وشانەی لەسەر بوو *پڵینگەکانی ناو*—.

ئەوە هەموو شتێک بوو کە لە دەقەکەی **کافکا** مابووەوە، **فرانز کافکای** نووسەری چیکی کە ساڵی ١٨٨٣ لە شاری پڕاگ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٢٤ بە نەخۆشیی سیل مرد. پارچەکاخەزە بچووکەکە بە لە چوارچێوەنراوی لای **بنیامین کانتارۆڤیچ** هەڵگیرا هەتا کۆتایی ژیانی لە ساڵی ١٩٨٠. کە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لە نەخۆشخانە بوو، لەسەر مێزی تەنیشت قەرەوێڵەکەی دانرابوو. هەروەها لە خەیاڵیشیدا بوو—لە وڕێنەکانیشیدا—کاتێک گیانی سپارد. پەرستارەکان پێیان گوتم کە پیاوەکە شتی دەبینی و تەنیا باسی پڵینگیشی دەکرد. بەڵام من دەزانم ئەوانە وڕێنە نەبوون، یان شتی زیاتر لە وڕێنە بوون. شەوێک، دواهەمین شەوی، بە تەنیشتییەوە دانیشتبووم. ئەو لەوێدا بوو، بەبێ جووڵە، مشتی نووقاندبوو.

ئەو لەوێدایە، بەبێ جووڵە، مشتی نووقاندووە. لە پشتییەوە، دەرگاکان بەرەو پەرستگاکە کراونەتەوە: پەرستگاکە، شوێنێکی درەوشاوە، بە جامە ئاڵتوونییە پیرۆزەکانییەوە کە بە خشڵ ڕازێنراونەتەوە. هیچ کەسێک پاسەوانیی ئەو جامانە ناکات. قەشەکان لە

ترسان ڕۆیشتوون. بەڵام **ماوسی** نا. **ماوسی**، هەرچەندە دەترسێت، بەڵام هەڵنایەت. ئەو پەیوەندیی بە پەرستگاکەوە نییە؛ باوەڕی بەو ئایینە نییە کە لەوێدا پەرستشی پێ دەکرێت، یان ئەوەی جاران لەوێدا پەرستش دەکرا. لە ڕاستیدا ئەو باوەڕی بە هیچ ئایینێک نییە: بۆ ئەو ئایین ئەفیۆنی گەلانە. بەڵام ئەوە گرنگ نییە. گرنگ شتێکی ترە کە بۆ ئەو لەسەرووو هەموو ئەوانی ترەوەیە. چاوەڕێ دەکات، ناجووڵێت، مشتی نووقاندووە. ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێیە: چەندین ڕۆژ، چەندین حەفتە، ڕەنگە چەندین مانگ، ڕەنگە چەندین ساڵ. ساڵانێکە، بەهەرحاڵ. چەندین ساڵە. هەرکەسێکی تر بوایە کۆڵی دەدا. بەڵام **ماوسی** نا. **ماوسی** دڵنیایە کە دێن. ئەو جارێکیان بینیبوونی. بە کۆڵنەدەرییە توندوتیژەکەیان دەزانێت. بەڵێ، بۆ ئەم دواهەمین دیدارە دێن.

شەو داهاتووە و لە تاریکییەوە دەنگەکان بانگی دەکەن: وەرە **بنیامین**، وەرە ژوورەوە، وەرە نان بخۆ. دەنگەکان لای دایکوباوکییەوە دێن، لای خوشک و براکانییەوە؛ نیگەرانی ئەون، نایانەوێت هیچ سەرکێشییەک بکات. **ماوسی** هەستی دەبزوێت، بەڵام ئەوە وای لێ ناکات شوێنەکەی بەجێ بهێڵێت. تا دواهەمین شەڕ لێرە دەمێنێتەوە. **یۆسی** هاوڕێیشی بوایە هەر ئەو کارەی

دەکرد. ئای، خۆزگە ئێستا **بێرتا** دەیبینی چۆن لە بری دزینی جامە ئالتونییەکان بەرگرییان لێ دەکات! بە دڵنیاییەوە باوەڕی پێ دەکرد، بە دڵنیاییەوە لەوە تێدەگەیشت کە ئەو کاتە ویستبووی چی بڵێت، ساڵانێکی زۆر لەوەوپێش، کاتێک باسی ئەرکەکەی بۆ کردبوو. نەخێر، نە **یۆسی** ماوە، نە **بێرتا**. نە **جێمی**، **جێمیی** بوێر، کە لە **ساوپاولۆ** بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل مردبوو. ئێستا تەنیایە. گرنگ نییە.

لە کۆتاییدا گوێی لە دەنگێکی نزمە، وەک فیشکە وایە.

خۆی گورج دەکاتەوە، وریا دەبێت: ئایا خۆیانن؟

بەڵێ خۆیانن. وا پڵینگەکان بەڕێوەن. دوو بوونەوەری بەسامی سەر بە ڕەگەزێک کە ئێستا بەرەو لەناوچوون دەچن. شانبەشانی یەک دێن، لێویان دەلیسنەوە: چونکە لە کار دوور کەوتبوونەوە: بۆ چەندین ساڵە هیچیان لە ناو جامەکان نەخواردووەتەوە، کە ئێستا بۆنەکەی ڕایاندەکێشێت.

دوو ئاژەڵە پشیلەییەکە، کاتێک **ماوسی** دەبینن، دەوەستن. پیاوە بچووکەکە و درندەکان چاویان بڕیوەتە یەکتر. ئەوە چرکەساتی یەکلاییکردنەوەیە. **ماوسی** دەبێت هەڵبێت: پڵینگەکان چاوەڕێی ئەوە دەکەن، چاوەڕێن هەڵبێت، سواری شەمەندەفەر ببێت و

# Kafka's Leoprads

**Moacyr Scliar**

Translated by Saiwan Muhamad








## مواسیر سکلیر

۱۹۳۷ - ۲۰۱۱

یەکێکە لە ناوە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتین. لە بنەڕەتدا لەو خێزانە جووە کۆچبەرانەیە کە لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە ئەورووپایان بەرەو ئەمەریکای لاتین بەجێ هێشت. بەشی زۆری کارەکانی جەخت دەخەنە سەر مەسەلەی دیاسپۆرا و شوناسی جوو.



غەزەلنووس

غەزەلنووس